# ڕێبوارێکی سەرگەردان

گەلاوێژ

# ڕێبوارێکی سەرگەردان

نووسینی: گەلاوێژ

ڕێبوارێکی سەرگەردان
نووسینی: گەلاوێژ
چاپ: چاپی نوێ / سلێمانی/ ٢٠١٨
تیراژ: ١٠٠٠ دانە

پێشکەش بە گیانی نەمر و پاکی ئەو کەسەی فێری یەکەم دێڕی چیرۆکنووسینی کردم و دەستی دا بە پشتمدا و هانی دام کە هیچ کات سڵ نەکەم و نەترسم لە کارێک کە بڕوام پێی بێت.

پێشکەشە بە باوکی هێرۆ

**گەلاوێژ**
**٢٠٠٠/٧/١٨**

## پێشەکی

خوێنـدەوارانی بەڕێـز، لە ناوەڕاسـتی چلەکـان و پەنجاکانـدا تـاوەکو شۆڕشی ١٤ی تەمووز، چەندەها چیرۆکی وەکو ئەم چیرۆکە لە ژیان و ڕۆژگـاری خەبـاتکەرانی کـورددا ڕووی دەدا و لە واقیعەکەیـانەوە هەڵـدەقولا، "ڕێبـوارێکی سـەرگەردان"یـش لە خەیـاڵی زرووفـی ئەو سـەردەمەوە پێـک هـاتووە. هیـوام هەیە جێـی ڕەزامەنـدیتان بێـت و هەندێ لەگەڵی بگەڕێنەوە دواوە بۆ ئەو ساڵانەی پێشوو، ئەگەرچی لە هەموو کات و زەمانێک و لە کۆن و تـازەوە ڕووداوی جۆراوجۆری وا دەقەومـێن و چەنـدین داسـتانی پـڕ عەشـق و دڵـداری ڕوو دەدات، بەڵام بـۆ کەسـانێک کە خەبـاتکەرن و سـەرقاڵی فیـداکاریی وڵات و میللەتپەرسـتنن، هەمیشـە یـا لە زینداندا بـوون یـا حکـومەتە ڕەگەزپەرستەکان بەبـێ وچـان و لە چـالاکیی دڕنـدانەدا بەدوایـانەوە بـوون کە بیـانگرن و لەناویـان بەرن و دەنگیـان کـپ بـکەن، لەبەر ئەوەش کە ئەوانە لە هەلـومەرجێکی وا خەتەرنـاک و پـڕ مەترسـیدا و بەبـێ کۆڵـدان خەباتیـان دەکـرد، بـۆیە تیکـڕا ژیـانی تـایبەتی خۆیـان دەخسـتە ئەولاوە و چاویـان لـێ دەپۆشـی، لە کاتێکدا کە بە تاسـە و

ئـــارەزووەوە چـــاوەڕێی هـــیچ نەبـــێ نـــامە یـــا خەبەرێکـــی خۆشەویستەکانیان دەکرد و هەمیشە چاویان لە ڕێ بوو.

خـوێنەوارانی ئـازیز، لـێم ببـورن کە شـێوەی نووسـینەکەم سـادە و خۆمـاڵییە، چـونکە بە ڕاسـتی هەر وەک لە پێشـدا لە پێشـەکییەکەی "بەرەو ئەشـــکەوتی دلێـــران"دا نووســـیبووم، مـــن حەز لە جـــۆرە نووسـینێک دەکەم کە فـاتە و خەجـێ و ئـاتول و حەبـێ و قـالە و حەمەعەلی و کەسانی وەک ئەوان لێی تێ بگەن.

بەشـبەحاڵی خـۆم زۆر جـار لەم نووسـین و وشـە تـازانە نـاگەم کەوا ئێسـتە باویـانە و سـەری لە زۆربەی خوێنـدەوار شـێواندووە و زۆر جـار کە مەعنـای وشـە و کەلیمەیەکـی ئەم نووسینە تـازانە نەزانـم، لە خەڵکی دەورووپشتم دەپرسم یاخود بۆ قاموسێک دەگەڕێم، چونکە مـن کوردی و عەرەبی و فارسی و هیندی و ئینگلیـزیش دەزانـم، بەڵام ئەو کەلیمـانە لە هیچـی ئەم زمانـانەدا نـادۆزمەوە. لەبەر ئەوە دەڵـێم ڕەنـگە لە ڕووسی و یۆنانی و ئەو جۆرە زمانانەوە هاتبن.

جارێکی تریش داوای لێبوردن دەکەم و زۆر سوپاس.

**گەلاوێژ**
**سلێمانی**
**٢٠٠٠/٧/١٨**

به هەناسەبڕکێ و خێرایی، بە هەنگاوی وەک ڕاکردن، خۆی ئاخنییە ناو ئەو خەڵکەی لە ئێستگەی شەمەنەفەرەکە ڕاوەستابوون.
دڵی وا پەلە پەلی دەکرد، دەتگوت ئێستە سنگی شەق دەکات و دەردەپەڕێتە دەرەوە.
بە دەست و پەنجەیەکی تەزیوی لەرزۆک عەباکەی توندتوند لە لەشە ماندووەکەیەوە پێچابوو و وا گرتبووی، دەتگوت ئەو عەبایە ببوو بە هەموو کەسێکی و وا خۆی خستووەتە پەنا و ژێر سایەی تاوەکو بیپارێزێت.
لە درزی عەباکەیەوە و بە لەتێکی چاو و بە ترس و لەرز ئاوڕێکی دایەوە و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، ئاهێکی پێدا هاتەوە کە بینیی کەس نییە دیار لەوانەی بەدوایەوە بوون.
وەنەوشە هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و بە پەلە خۆی گەیاندە شەمەنەفەرەکە، خۆی هاویشتە فارگۆنێکەوە و بە شپرزەیی چاوێکی گێڕا، هەر زوو لە تەنیشت ژنێکی بەعومرداچووی جلی کوردی لە بەر دانیشت، لەشی نیشتبووە سەر ئارەقی سارد، ڕەنگی ببوو بە هیی مردوو.
وەنەوشە وەک بیری کەوتەوە کە ئەمە چۆن لە خۆیەوە دانیشت بەبێ ئەوەی لە ژنەکە بپرسێت کە ئایا ئەم جێگەیە هیی کەس نییە کە ئەم بەبێ پرس خۆی بەردایە سەری و دانیشت؟ لەبەر ئەوە هەستایەوە و

ڕووی کـردە ژنەکە و بە کەساسـییەکەوە و بە دەمێکـی تێکەڵـوپێکەڵ گـوتی: لـێم ببـوورە پـووریّ گیـان کە وا لە خـۆمەوە دانیشـتم، ئـاخۆ سەغڵەتت ناکەم؟ ئەمە جێگەی کەس نییە؟
ژنەکە بە ڕوویەکـی خۆشـەوە پەلامـاری تـوورەکە و پریاسـکەکانی خـۆی دا و دڕودامـانی کـۆ کـردەوە و هەڵکێشـا بەرەو ژوور لای پەنـجەرەکەوە و گـوتی: نە نە کچـم، زۆر بە خێـر بێیـت، زۆرم پـێ خۆشـە. چەنـد جارێـک لەسـەر یەک بەخێرهـاتنی کـرد و خۆشـحاڵیی خۆی بۆ دەربڕی.
وەنەوشە وەک نیوەبێهۆش بە منگەمنگ جوابی دایەوە و دانیشتەوە.
فارگۆنەکە خەریک دەبوو پڕ دەبوو لە خەڵک و ببوو بە غەڵبەغەڵب و بەیەکداهاتن، ئەم خەریکی کیسە و پریاسکە و جانتای بوو، ئەوی تر بۆڵەبۆڵی کەمجێگەیی دەکرد، ئەوی دیکە مناڵەکەی دەگریا، یەکێکیش لەوسەرەوە دەیدایە قاقای پێکەنین، هەندێکی تریش لە خوارتر خەریک دەبوو لەسەر جێگە ببێتە شەڕیان.
وەنەوشـەش حەقـی ئەمـانەی نەبـوو جگە لەوەی دووعـا بکـات کە تـا زووە، ئەم شەمەنەفەرە بکەوێتە ڕێ و بە پەلە بۆ هەتاهەتـایە ئەم لەم شوێنە دوور بخاتەوە.
فـارگۆنەکە پـڕ بـوو و خەڵـکەکە دامەزران، کۆکەکـۆک و دووکەڵـی جگەرە و فیکەی شـەمەنەفەر تێکەڵـی یەک بـوون. بـۆ فیکەی سـێهەم شەمەنەفەر جووڵایەوە و گرمەگرمی دەست پێ کرد و وردەوردە و لەسـەرخۆ بە بەردەمـی بەرێکەرانـدا تـێ پەڕی کە هەنـدێ دەگریـان و هەنــدێ دەســتیان ڕادەوەشــاند بــۆ کەســوکار و ناســیاویان کەوا شـەمەنەفەرەکە بردنـی و ڕۆیشـت و بە دڵێکـی گوشـراو و چـاوی پـڕ فرمێسکەوە ئەوانی بەجێ هێشت.
ژنەکەی تەنیشــت وەنەوشــە هەر زوو دەســتی بــرد بــۆ زەمــیلەکەی بەردەمــی خــۆی و هەنــدێ کــولیچە و میــوەی دەرهێنــا و خســتییە کۆشـیەوە، بە زەردەخەنەیەکـی خۆشـەوە گـوتی: دەی وا شـەمەنەفەر

کەوتە ڕێ، ئیتر دەبێ ئێمەش شت بخۆین، دەی گیانە دەی، تۆش ئەمانە بخۆ. بە ئەسپایی دەستێکی تێوە ژەند و گوتی: لە ڕێگە و سەفەر زۆر حەز لە خواردن دەکەم، هەمیشە لە ناو شەمەنەفەر و ئۆتۆمبێلدا دەمم دەجوولێتەوە.
وەنەوشە زۆری لە خۆی کرد هیچ نەبێ لەبەر ئەم ژنە باشە ڕووی خۆی خۆش بکات و جوابی قسەی بداتەوە، لەبەر ئەوە بە زەردەخەنەیەکی بێتینەوە گوتی: زۆر سوپاس پووریێ گیان، خۆ هێشتا هەر لە شوێنی خۆمانین، هیچ نەبێت با تۆزێ دوور بکەوینەوە لە شار.
پووریێ خەریکی توورەکەیەکی تر بوو، هەندێ ناوکەشووتی و شتی وای دەرهێنا و خستیە ناو کیسەیەکی بچووکی کاغەزەوە، ئەویشی خستە کۆشی وەنەوشە و گوتی: دە بخۆ و ڕابوێرە، دەی گیانەکەم.
بەڵام وەنەوشە لە کوێ ئاگای لە خواردن بوو و لە کوێ ئاگای لە برسێتی و تینوێتی بوو، لە دڵی خۆیدا پێکەنینی دەهات و دەیگوت: ئای پووریێ گیان، ئەوە خواردن و میوەم دەدەیتێ؟ ئەگەر دەزانی من لە چ حاڵێکدام و چۆن سەرلێشێواو و سەرگەردانم، بەڵام چاری نەبوو، لەبەر پاڕانەوەی پووریێ و بە نابەدڵی شتێکی خستە دەمیەوە، دەتگوت ناخۆشترین دەرمانە و وا بە زۆر دەرخواردی دەدەن.
شەمەنەفەرەکە لە شار دەرچوو و ئیتر گوڕی دایە خۆی، دەنگی ئاسنی ڕەوڕەوەکانی و زیکە و فیکە و دووکەڵی هەمووی دەچوونە ناو یەکەوە و دەنگیان دەدایەوە لەو دەشتودەرە.
تا دەهات شەمەنەفەرەکە دوور دەکەوتەوە و وەنەوشەش دڵنیاتر دەبوو و ترسەکەی کەم دەبووەوە.
بەینێکی پێ چوو شەمەنەفەرەکە لە خێرایی کەم کردەوە و لە دووریشەوە هەندێ ترووسکەی چرایەک دەرکەوتن، دیار بوو کە گەیشتنە ئێستگەیەک، ئیتر وردەوردە شەمەنەفەرەکە ڕاوەستا.
یەک دوو کەسی سەر و جل لادێی دابەزین و هەندێکیش سەرکەوتن، بەڵام شەمەنەفەرەکە هەمووی چەند دەقیقەیەک ڕاوەستا و هەر زوو

کەوتەوە ڕێ، دیار بوو ئەو ئێستگەیە لە ئێستگە بچووکە نزیکەکان بوو، پووری وەنەوشەی خستە لای پەنجەرەکە و خۆی هاتە جێگەی و گوتی: خەڵک هاتوچۆ دەکەن، با بەرت نەکەون و من لە سەرپەڕ بم.
دیسانەوە شەمەنەفەر گوڕی دایە خۆی و خەڵکەکەش دوای بەینێک مات بوون. هەندێک ملیان خوار کرد و نوستن، هەندێ بۆ خۆیان کەوتنە قسەوباس.
وەنەوشە بە کەساسی و مەلوولی سەری نا بە پەنجەرەکەوە و عەباکەی بە چاکی بە سەر و لەشیەوە پێچا و بە بیانووی نوستنەوە چاوە جوانە خەمبارەکانی لێک نا، بە تایبەتی کە پوورێش هەندێ مات بوو.
وەنەوشە وەک بێهۆش بێت و خەبەری بێتەوە، هاتەوە سەر خۆ و بیرێکی لە حاڵی خۆی کردەوە.
باشە ئێستە من بۆ کوێ دەچم؟ بەغدای چی؟ بۆچی من هەر دەزانم قسەیەکیش بە عەرەبی بکەم، ئینجا وا زانیم، کچێکی حەڤدە هەژدە ساڵەی وەکو من نە کەس دەناسم و نە ڕێگە و بان دەزانم، ئەمە من بۆ کوێ دەچم.
بە ڕاستی من بۆ وا شێت بووم، کاشکی ملم بشکایە و وام نەکردایە، هەر کەرکووکەکە باشتر بوو. خۆ کەسێکم دەناسی، خزمێ یان ناسیاوێکم دەست دەکەوت و هەبوو.
ئەوە من چیم بەسەر خۆم هێنا؟ هەی هاوار خوا چی بکەم.
وەنەوشە جارێکی تر ترسی لێ نیشتەوە و لە ژێر عەباکەیەوە دەستی برد فرمێسکەکانی سڕی، بەڵام هەر گورج پەشیمان بووەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: هەرچییەکم لێ بێت، پێم خۆشترە وەک لە بەردەستی ئەو دڕندە پیسە بەدخووە بم. تۆ بڵێی کەسێکم دەست نەکەوێ لە ناو ئەو هەموو خەڵکە زۆرەدا تۆزێ ویژدان و ڕەحمی هەبێت و بەزەییەکی لە دڵدا بێت، ئەی ئەم ژنە باشە چییە، هەر ئێستە هەموو

شتێکی بۆ دەگێڕمەوە و پێی دەڵێم. بە خوا ژنێکی زۆر بەحورمەت دیارە.
نا نا ناوێرم، کێ دەڵێ ئەوسا بڕوام پێ دەکات و بیر ناکاتەوە کە من یەکێ لەو هیچوپووچ و بەرەڵایانە بم و کێ دەڵێت ڕازی دەبێت بەڵایەکی وەکو من بۆ خۆی پەیدا بکات؟ خوا دەزانێت منالی هەیە، کوڕ و کچی چۆن ڕازی دەبن، ئەمە چ قسەیەکە.
یا کێ ناڵێت پووریێ خۆشی دوایی فێڵێکم لێ ناکات و ئێستە بە قسەی خۆش و گیانە گیانە نامگرێتە خۆی و دوایی پەنگێکم پێدا نادات؟
نە بە خوا قەت باوەڕ ناکەم ئەو دڵ و دەروونە و ئەو سەروسەکوتە لە چاکە و پیاوەتی زیاتری لە دەست بێت.
وا بزانم بەختم هەبوو کە تووشی ئەم ژنە باشە بووم، بەس نەبوو نەچوومە فارگۆنێکی ترەوە، چاوت لێ بوو چۆن باوەشی بۆ کردمەوە و خۆشەویستیی خۆی بۆ دەرخستم.
وەنەوشە خەیاڵ هێنای و خەیاڵ بردی، جاریێ دڵی خۆی قایم دەکرد و دەیگوت هەر ئەوەم باش کرد کە هاتم و جاریش سڕ دەبوو و دڵی دادەخورپا کە بیری دەکەوتەوە بەینێکی تر هەر دەگەنە بەغدا. ئینجا ئەوسا ئەم چی بکات و بۆچی چارێکی بۆ خۆی نەدۆزییەوە، ئەم سەفەر و شەمەنەفەر و چوونە بەغدایەی زۆر بێئەقڵی و کەرێتی بوو.
شەمەنەفەرەکە ماوەیەکی باش هەر لەسەر ئەو خێراییەی ڕۆیشت و ڕێبوارەکان زۆریان دەنگیان لێوە نەدەهات.
شەمەنەفەر دیسان خێرایی کەم کردەوە و چرا و ئەلکتریک دەرکەوتن، وردەوردە ڕاوەستا، غەڵبەغەڵب کەوتە ناو خەڵک، هەندێک هەستانە سەر پێ و خۆیان کۆ کردەوە کە دابەزن، هەندێ بە جانتا و باوڵەوە سەرکەوتن.
پووریش خەبەری بووەوە و شایەتومانێکی هێنا، ڕووی کردە وەنەوشە و بە دەنگێکی گڕی خەواڵووەوە وەکو دایکێکی دڵسۆز سەری بردە نزیکی و گوتی: ها گیانە، تۆش شوکر بۆ خۆت تۆزێ

نوستی، بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە قسەکەی تەواو کرد و گوتی بەڵام لە ناو ئەو هەموو خەڵکە و بە دانیشتنەوە خەوی چی؟ حەرام بێ لەبەر قرەقرِ و کۆکە و گریانی ئەو منالّە هەر هیچ خەوم لێ نەکەوت.

وەنەوشە لە دڵی خۆیدا گوتی: ئاگات لە من نەبوو پووریێ گیان، نوستنی چاک نوستم، ئەی قورِ بە سەرم، ئینجا خەو چۆن دەچێتە چاوم. بەڵام پووریێ گیان یاخوا هەر خۆش بی و لەشت ساغ بێت، ئەمە دوو ئێستگەیە و تۆ پرخەت دێت، کەچی دەڵێیت نەنوستووم.

لەپرِ وەنەوشە سرِ بوو و دڵی داخورپا، دەمی وشک بوو و ئەژنۆی لەرزی کە بینیی یەکێ بە جلی وەک پۆلیسەوە هاتە ژووریێ و بەو چاوترووکاندنە هاتە خەیاڵی کە ئەمە پۆلیسە هاتووە فارگۆنەکان دەگەرِێت بە دوای ئەمدا.

بە چ مەعلوم ئەو درِندە بەدخووەش لە فارگۆنەکانی تردا نییە و ئەویش بۆی ناگەرِێت. ئەگەرچی کە ئەم لە پاسەکە دابەزی، چاوی لێ بوو کە ئەو نامەردە لەگەڵ ئەوانەی دەوروپشتی خەریکی دەرگای ئۆتومبیلەکەیان بوون، بەڵام ئەم نەیزانی کە کەوتنە رِێ و رِۆیشتن، یاخود گەرِانەوە بۆ ناو ئێستگەی شەمەنەفەرەکە.

وەنەوشە بە شپرزەییەکەوە دیسانەوە عەباکەی لە سەر و لەشیەوە توند پێچا و لەژێر لێوەوە گوتی ئینجا کێ ناڵێ منی بەدی نەکردووە و نەگەرِاوەتەوە بۆ ئێستگەی شەمەنەفەرەکە، هیچ دوور نییە، ئەی خوایە گیان چی بکەم، ئەی باوکەرِۆ.

پووریێ لە خەیاڵی دا و گوتی: بەقوربان بلیتەکەت دەربهێنە، ئەوە (موفەتیش)ی شەمەنەفەرە، سەیری بلیتەکان دەکات.

وەنەوشە هەر ئەوەندەی نەمابوو کە خۆی بخاتە سەر دەست و قاچی پووریێ، وەخت بوو لە هۆش بچێت لە خۆشیاندا، لەبەر ئەوە بەدەم لەرزە و زەردەخەنەیەکی وەک هیی مردوو گورج دەستی بردە

گیرفانی بەرباخەڵی و بە ئەسپایی گوتی باشە بە سەر چاو، ئا ئەمەتا، وەی دایە چاوم ڕەشکەوپێشکەی کرد وام زانی پۆلیسە.
پـووریَ بە ئەسـپایی پێکەنیـی و خەریکـی جانتـاکەی خـۆی بـوو کە بلیـتەکەی دەربێنێـت و بە چـرپە گـوتی: ئەیەڕۆ پـوورت بمـریَ، ئەوە تۆش دەشڵەژێیت لە پۆلیس، ئۆهـ ڕەزایان مریت، نازانی من چەند ڕقم لێیانە.
شەمەنەفەرەکە کەوتەوە ڕێ، شـەو درەنگ بـوو، قڕەقڕی ڕێبوارەکـان هێمن بووەوە و ئەوانی زۆر نزیکیان بوون، پرخەیان لێ هەستا.
وەنەوشە لەرزەکەی هێشتا بەری نەدابوو کە چاوی بە پیـاوی بلیـتەکە کەوتبوو وای زانیبوو کە پۆلیسە.
هەرچەند خۆی قایم دەکرد و زۆری لە خۆی دەکرد کە بتوانێت قسـە لەگەڵ پووریَ بکات و وەرامی قسـەکانی بـداتەوە، بەڵام هەر نەیتـوانی چۆقەی بەینـی دەمـوددانی بشـارێتەوە، پووریَ لەپڕ گوێی لە دەنگێک بـوو کە لە چـۆقەی ددان دەچـوو، بە پەرۆشـەوە کێشـای بە سـنگی خۆیـدا و پەلامـاری جانتـاکەی خـۆی دا و گـوتی: وەی وەی دایکـت نەمریَ، ئەوە سەرماتە؟ بە خـوا ڕاسـت دەکەیت، منیش مـوچرکم پێدا دێـت و خەریـکە لەرزم لـێ بێـت، بە تـایبەتی ئەمشـەو سـاماڵە، بـۆیە ئێجگـار وا سـاردە. پـووریَ ئـاوڕی لە پەنـجەرەکە دایـەوە و گـوتی بە تایبەتی لەم دەشتودەر و بیابانە.
پــووریَ چــاکەتێکی خــووریی ئەســتووری دەرهێنــا، ڕووی کــردە وەنەوشــە و گـوتی دەی زوو لە بەری بـکە، ئەوە بـۆ قسـەت نەکـرد، ئەمە چاکەتی شەوبۆی کچمە و بە دیاری بۆ خوشکەکەی ناردووە وا بـۆی دەبەم. پـووریَ بە دڵپێوەنـانێکەوە گـوتی بە خـوا تـازەیە، هێشـتا کەس قۆڵی پێدا نەکردووە.
وەنەوشە زۆر سوپاسی کرد و خەریک بوو بڵـێ چۆن و چی، بەڵام پووریَ لەسەری ڕانەوەستا و هەستایە سەر پێ و عەباکەی خۆی بۆ

وەکو پەردە لێ کرد و بە زەردەخەنەوە گوتی: بە خوا ڕۆڵە کەس بە خەبەر نییە و کەس ئاگای لێمان نییە، دە هەستە دەی.
وەنەوشە ناچار بوو کە بە قسەی بکات و لەسەرخۆ عەباکەی لە خۆی کردەوە و خەریکی لەبەرکردنی چاکەت بوو، بەڵام پووریێ چیی بینی؟ پووریێ حەپەسا و هەر ئەوەی پێ کرا کە بڵێت ماشەڵا لە خوا، یاخوا ڕۆڵە لە چاوی بەد بەدوور بیت.
پووریێ سەری سووڕ ما لە کاری خوا و لەو هەموو جوانییەی کە لە ژێر ئەو عەبایەدا شارابووەوە، پووریێ بەینێک مات بوو و وەکو ژنێکی ئاقڵ و شارەزا لێوی خۆی گەست و بیری کردەوە، دوایی ئەویش بە بیانووی نوستنەوە سەری خۆی پێچایەوە.
خوایە گیان ئەم کچە نازدارە جوانە چییە؟ ئەوەتی دانیشتووە لە تەنیشم بە تەواوی گوێم لە دەنگی نەبووە، ئەم هەموو ماتی و لەرزە؟ نە جلی پێیە و نە جانتا و توورەکە؟ ئەو هەموو شڵەژان و ترسەی لە پۆلیس، ئەمە دەبێ چی بێت؟ شتێک هەر هەیە، تۆ بڵێیت؟
نەء، زۆر بەحورمەت دیارە. ئەی بۆ ئەوەندە ترسا؟ هەر دەبێ شتێکی کردبێ، ئینجا کێ دەڵێ بە درۆ خۆی وا پیشانی من نادات؟ خوا دەزانێ چ کەتنێکی کردووە، خوا پێم نەگرێ، یا ڕەبی تۆبە. نە بە خوا، قەت باوەڕ ناکەم ئەو چاوە شیرینە مەلوولانە خراپەیان تێدا بێت، باوەڕ ناکەم خەڵکی خراپ بتوانن ئەوەندە خۆیان بگۆڕن، بە تۆزێ دواندن نیشانەیەکیان هەر دەردەکەوێت. ئەم هەر لە یەکەم بینینی چووە دڵمەوە، زۆر حورمەت و حەیای لێ دەبارێت.
پووریێ کەوتە گۆمی خەیاڵەوە. وەنەوشە ملی لار کردبوو و بێدەنگ بیری دەکردەوە، بە جارێک خەیاڵی ورووژابوو و مێشکی ئاڵۆز ببوو، وەک کەسێکی لێ هاتبوو کە کەوتبێتە دەریایەکی بێبن و بێسنوورەوە و ڕێگەی ڕزگاربوونی نەمابێ.
ژیانی وەکو پەردەی سینەما هەمووی بە مێشکیدا تێ پەڕی، هەر لە منداڵییەوە کە چۆن تووشی نەگبەتی بووبوو و چۆن دایک و باوکی

هەر لە بیـر نـایەت ئەوە نەبـێ کە لە خـزم و کەسـی بیسـتووە کە دەیانگوت دایک و باوکی چەند ئینسانی باش و لێوەشاوە بوون و خاوەنی دیوەخان و ماڵ و حاڵی باش بوون، کە چەندیان ئەم خۆش دەویست و چەند نازدار و هەمیشە لە سەر دڵیان بوو، کە چۆن دنیایان لێ ڕوون بووەوە لە خۆشیی ئەو و چۆن جارێک لە ڕێگەی چوونە سەر شایی خزمێکیان لە لادێ و بە سەهوو دەستڕێژیان لێ کرابوو و کوژرابوون، بەڵام ئەم لە باوەشیاندا بوو و هیچی بەرنەکەوتبوو.
وەنەوشە ئاخێکی ئەسپایی هەڵڕشت و فرمێسک لە چاوە گەشە جوانەکانیدا سەرەوخوار بوو، بە ئەسپایی دەستی خستە سەر دەستی و توند پەنجەکانی لەیەک ئاڵاند و بەدەم ناڵەیەکی بێدەنگەوە گوتی: ئۆ خوایە بەقوربانت بم، ئەوە بۆچی منت هێشتەوە و بۆچی منیشت نەکوشت لەگەڵیان و منت تووشی ئەم قوڕبەسەری و بەدبەختییە کرد، ئاخر بۆ بۆ؟
وەنەوشە ترسا لەوەی هەنسک و گریانەکەی بەرگوێی پووری بکەوێت، لەبەر ئەوە هەر بە زۆر هەوڵی دەدا خۆی قاییم ڕابگرێت و بەشکم بتوانێ نەگری، بەڵام کە پوورەکەی کەوتە بیر، خۆی پێ نەگیرا و بەگوڕ فرمێسکی هاتە خوارەوە، بیری لە حاڵی ئەویش کردەوە کە ئێستە مێردەکەی و هەنەزاکەی گەڕاونەتەوە ماڵێ و ئاخۆ چییان بەسەر ئەو فەقیرە هێنابێ و چۆن ئێستە هەموو داخێکیان پێ ڕشتووە، پوورەکەی هاتە بەر چاو بە زەردەخەنە پاکەکەی و بە دڵە ساویلکەکەیەوە کە چۆن لەو هەموو ماڵ و دیوەخانە گەورەیە و لەو هەموو پارە و دەوڵەتەی ئەو مێردەی کە بە هەزاران فێڵ و ساختە و دەستبڕین پەیدای دەکات، ئەو تەنها ئاگای لەوەیە کە شەو و ڕۆژ لە چێشتخانە و ناو چەوری و بەز و ڕۆندا بێت و هەموو خۆشییەکی دنیا لای ئەو ئەوە بێت کە ورگی مناڵەکانی پڕ بکات و ڕازییان بکات، سفرە و خوان بنێرێتە دیوەخان کە مێردە دەستبڕەکەی بیخاتە

بەردەمی قومارچییەکانی ئاشنای کە شەو تا بەیانی قومار دەکەن و ئـارەق دەخـۆنەوە، نە ئەو پیـاوە ئاگـای لە ئەزیەت و ڕەنجـی ئەو بەسەزمانەیە و نە ئەویش ئاگای لە کەینوبەینی ئەوە.
وەنەوشـە دڵـی گوشـرا کە بیـری کـردەوە پـوورەکەی چـۆن هەمیشـە نەیدەهێشت لێی جیا بێتەوە و چەند نەسیحەتی دەکرد لە ترسی ئەو هەنەزا سەرسەرییەی، چونکە دەیناسی چەند بەدخوو بوو، هەمیشە لە چنگەفلیقـەدا بـوو لەگەڵ ئیشـکەری مـاڵەکە، کەسـیان لە ترسـی ئەو دڕنـدەیە ئەوەنـدە لەو مـاڵە بەنـد نەدەبـوون و هەرە بەدخووەکەیـان مـانگێکی نەدەبـردە سـەر، چـونکە ئەوەنـدە تەعەدای لـێ دەکـردن و شەڕی پێ دەفرۆشتن.
وەنەوشە بە خەیاڵ یەکە یەکە بەسەر ئەو کەسانەدا گەڕا کە دەیزانی ئێستە هەنەزاکەی پووری دەچێتە سەریان و گێچەڵیان پێ دەکات و دەڵێـت کە ئەوان یـارمەتیی ئەمیـان داوە و شـاردوویانەتەوە، یـاخود دەربازیان کردووە بۆ شوێنێک.
وەنەوشە ئاخێکی ئەسپایی هەڵکێشا و لە دڵی خۆیدا گوتی: ئێستا لە هەموویـان خراپتـر بەسـەر دایە خورشـەی فەقیـر دەهێنێـت و ئەم ڕۆیشتنەم بە فیتی ئەو دەزانێت.
وەنەوشە دەست و پەنجەی خۆی گوشی و لەبەر گریان لێوی لەرزی و لەژێر لێوەوە گوتی: ئاخر چۆنی خۆش نەوێم؟ دایکمە و بەخێوی کردووم. بەڵام بۆچی، چی دەچێتە مێشکی ئەو پیسـەوە؟ بۆچی دایک و مایک دەزانێت؟ بۆچی ڕەحم و بەزەیی لە دڵدایە!
دایە خورشـەی فەقیـر لە کـوێ ئاگـای لـێ بـووە کە مـن خـۆم ون کـردووە، ئینجـا ئەگەر دەیزانـی، بـۆچی دەیهێشـت؟ چـۆن بەرەڵای دەکردم، ئێسـتە زانیویەتی نەمـاوم، دیـارە هەر دەبێ دڵـی پچڕابێ یـا خۆی کوشتبێ لە داخاندا.
وەنەوشـــە بە پشـــتی دەســـت فرمێســـکەکانی ســـڕییەوە و بە زەردەخەنەیەکی تەوساوییەوە لە ژێر عەباکەیەوە سەری ڕاوەشاند و

له دڵی خۆیدا گوتی: بەڵێ، بەگ بە تەمابوو پێنجشەممەی داهاتوو مارەم بکات و بمگوێزنەوە بۆ جەنابی، هەروا ئاسان. شاری بێساحێبە، بێ ئەوەی حەز بکەم بە زۆری زۆرداری کە چاکیش دەیزانی چەندم خۆش دەویست ماشەڵا.
وەنەوشە ئەم جارە خۆی گورج کردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: دەبم بە کارەکەری ماڵان و پیسترین ئیشم پێ باشترە وەک ژیان لەگەڵ ئەو پیسە دڕندەیە، پوورە قوڕبەسەرەکەم ئاگای لە چی بوو؟ قابیل بوو پێی بڵێم مێردەکەشی پەلاماری دەدام و بە باوک و کوڕ هەردووکیان پەلامارم دەدەن.
شەمەنەفەرەکە لە ئێستگەیەکی تر ڕاوەستایەوە، خەڵکەکان زۆریان خەبەریان بووەوە، پووریش خەبەری ببووەوە و کەوتبووە قسە لەگەڵ وەنەوشە و بۆی دەگێڕایەوە کە چۆن منداڵەکەی ئەمسەر گریاوە و منداڵەکەی ئەوسەری خەبەر کردووەتەوە.
لە باسی منداڵەکانەوە هاتبووە سەر باسی کچەزا و کوڕەزاکانی خۆی کە چەندی خۆش دەوێن و کە کامیان چی دەڵێت و کامیان چی ناڵێت.
وەنەوشە تا دەهات زیاتر دڵی دادەخورپا، چونکە یەک دوو جار پووریّ گوتی وا ئیتر ئەوەندەمان نەماوە، ئینشائەڵا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتن دەگەینە بەغدا.
پووریّ ئاوڕی لە وەنەوشە دایەوە و گوتی: گیانە ماڵی ئێوە لە چ گەڕەکێکە؟ یا ڕەبی نزیک ماڵی ئێمە بن، پووریّ بە زەردەخەنەیەکی پڕ دڵسۆزی و خۆشەویستییەوە گوتی: ئەیەڕۆ ئینجا چی بکەم. لە ئێستەوە بیرت دەکەم، هەر ناتوانم بیری لێ بکەمەوە کە ئێستە لەیەک جیا دەبینەوە. نازانم بۆ وا خۆشم ویستی و ئەوەندە ڕەحمم چووە سەرت، دەڵێی لە دەمێکەوە دەتناسم.
وەنەوشە لە دڵی خۆیدا گوتی: ئای خاکم بە دامان، گەڕەکی چی و ماڵی چی؟ بۆچی هەر دەزانم بۆ کوێ دەچم؟ وەنەوشە گوڕی دایە خۆی و لە دڵی خۆیدا گوتی: هیچ چارم نییە تا زووە با پێی بڵێم و

باسی خۆمی بۆ بکەم، ئیتر خۆم و بەختی خۆم، باوەڕ ناکەم قەت لە پێشوو خراپترم بەسەر بێت، بە تایبەت کە خوا تووشی ئەم ژنە باشەی کردووم.
دونیا ڕووناک ببووەوە و خەڵک خۆیان کۆ دەکردەوە، کابرایەکی چایچی بە قۆری و پیاڵەوە هاتبووە ناو فارگۆنەکە چای دەفرۆشت لەگەڵ کولێرە و هێلکەی کوڵاو، هەندێ دەیانکڕی، هەندێ پارە و توێشووی خۆیان پێ مابوو و هەر چایان دەکڕی.
پووریێ حیکایەتی ژیانی وەنەوشە وا کاری تێ کردبوو، هێشتا کوڵی گریانەکەی دانەمرکابووەوە، هەر وەک نەخۆشێک تاوێ لەژێر لێوەوە دەیبزرکاند و هەر خۆشەویستیی بۆ وەنەوشە دەردەبڕی و دڵی دەدایەوە و دەستی دەخستە سەر چاوی و دەیگوت: بە خوا دەتخەمە سەر ئەم چاوانە، دڵت هیچ نەکات، واز لە شەوبۆی کچم بێنم واز لە تۆ ناهێنم، لەپڕ دەمی دەبردە نزیکی و بە چرپە دەیگوت خەیاڵ نەکەی بەرەڵات بکەم، شوکر ماڵ و حاڵی تایبەتی خۆمم هەیە، کچ و کوڕ بۆ خۆیان خۆش بن، موحتاجی کەسیان نیم، تەقاویتی باوکی حەمەم هەیە، خوا لە قەبری بە زیاد بکات، ئەگەرچی ماڵ و حاڵم لە سلێمانییە، بەڵام ئیشم هەیە و لەبەر ماڵی کچەکەم کە لە بەغدایە، جار لە سلێمانیم و جار لە بەغدام، هەرچۆنێک بێت، تۆ هیچ خەمت نەبێت.
تاکسیی پووریێ و وەنەوشە لە سەرکۆڵانی گەڕەکی (حەیدەر خانە) ڕاوەستا، هەردووکیان دابەزین.
وەنەوشە سەرتاپای خۆی پێچابووەوە و دوو توورەکەی پووریێ دابوو بە شانیدا، پووریش بە هەنکەهەنک زەمیلە و جانتایەکی بچکۆلەی هەڵگرتبوو و پێش وەنەوشە کەوتبوو و هەر زوو لە ناو کۆڵانە تەسکە پێچپێچەکانی (حەیدەر خانە)دا گووم بوون و دوای بەینێک ڕۆیشتن لە بەر دەرکی ماڵێک ڕاوەستان. پووریێ لە دەرگای دا، منداڵێکی دوانزە ساڵان بە ڕاکردن هات و دەرگای کردەوە. هەر کە

چاوی بە پووریٚ کەوت، بە پەرۆشـەوە پەلامـاری دا و باوەشـی پێدا کرد و هاواری دایک و باوکی کرد و گوتی: نەنە هاتەوە.
کـچ و زاوا و کچەزاکـانی پـووریٚ بە هەڵەداوان هـاتن بە پیـریەوە کە ئەوانیش وەستابوون و خەریکی خۆیان بوون کە بچن بۆ مەکتەب و سەر ئیشوکاریان.
لە دوای ماچومووچی ناو دەرگاکە، هەموویان پووریٚ و وەنەوشـەیان خسـتە نـاو خۆیـان و بەدەم بەخێرهـاتن و خۆشـحاڵی دەربـڕین بە هاتنیان بەرەوژوور چوون.
پـــووریٚ هەر لە ڕێگـــەوە و بەدەم ڕۆیشـــتنەوە بەرەوژوور گـــوتی ئەمەش کچی خدری ئامۆزامە کە لە قەراغە. زانیبووی کە هـاتووم بۆ سـلێمانی، (پەری)ی لەگەڵ خـۆی هێنـابوو و هـاتبوو بـۆ لام، چـونکە تۆزیٚ ناساغ بوو، وا منیش لەگەڵ خۆم هێنـام کە لێرە بەینێک لەگەڵـم بێت، دوایی پێکەوە دەگەڕێینەوە.
شـەرمنی کچـی کە دایکـی مناڵەکـان بـوو، بە حەپەسـاوی گـوێی لە قسەکانی دایکی گرت، سەیرێکی وەنەوشـەی کـردەوە و لە دڵـی خۆیـدا گوتی: ئەوە دایکم چی دەڵێت؟ پەری چـی و ئـامۆزای چـی؟ هەمـووی چەنـد سـاڵێکە پەریـی ئـامۆزایم دیـوە، کـوێڕا وا گەورە بـوو، بەڵام لە خۆشیی هاتنی دایکی هەر زوو بـازی بەسـەر خەیاڵەکەیدا دا و کەوتە قسـەوباس و بە شـەوقەوە هەواڵـی خزمـان و هەمـوو خەڵکـی شـاری پرسی.
زاواکەش کە مێردی شـەرمن و بـاوکی منـاڵان بـوو، ئەویـش لە دوای سـەلام و بەخێرهـاتنی گەرموگـوڕ و بەدەوورداهـاتن، ئیتـر چـووە ژوورەکەی کە خـۆی بگۆڕێت، بەدەم جللەبەرکـردنەوە لە دڵـی خۆیـدا گوتی: بۆ خاتری خوا ئەمە چ کچێکە، وای چەند جوانە، بە ڕاستی هەر دەڵێی پەرییە. ئەمە خەسـووم ئەم ئـامۆزایەی لە کـویٚ شـاردبووەوە.
کابرا لە جلگۆڕین بووەوە و چووە بەر ئاوێنەکە، سەیرێکی خۆی کرد و خەریکـی سـەرداهێنان بـوو، دوایـی هەنـدیٚ ڕاوەسـتا و سـەیرێکی

خـۆی کـردەوە و بە زەردەخەنەیەکەوە شـانی هەڵتەکانـد و بـرۆی هەڵبـڕییە سـەری، شـانەکەی دەسـتی دانـا و بە سەرسـووڕمانێکەوە چووەوە بۆ لای خەسووی و ئەوان، جارێکی تر سـەرلەنوێ دەسـتی کردەوە بە بەخێرهێنان و هەواڵپرسین، لەگەڵ منداڵەکانی لێی دا چووە دەرێ کە بیانبات بۆ مەکتەبەکانیان و خۆشـی بڕواتە دائیرە و سـەر ئیشوکاری. پوورێش وەنەوشـەی برد و چوون بەرەو حەمامەکە بۆ دەست و دەموچاو شتن.

پوورێ دەرکی حەمامەکەی پێوە دا و سەری بردە نزیک وەنەوشە و بە چرپە گوتی: دە ئیتـر دڵت بکرێتەوە و دڵـی خۆت خـۆش بکە، بـا نەڵـێن ئەمە چیـیە بـۆچی ئەم کـچە وا نـاڕەحەت و عـاجزە، بە زەردەخەنەیەکـی خۆشـەوە دەسـتی دا لە سـنگی خـۆی و گـوتی ئەم ڕۆحەمت لەسـەر دادەنێم و پشـت بە خـوا ناڕەحەتییەکانت هەمـوو لە بیـر دەچـنەوە. پەلامـاری وەنەوشـەی دا و مـاچی کـرد، وەنەوشـەش پەلاماری دەستی دا و ماچی کرد و بە تەریقییەکەوە گوتی: منیش تا ماوم دەبمە کارەکەرت و دەستیان کردەوە ملی یەک.

پووری پەلەی لە وەنەوشـە کـرد و گـوتی: تـۆ بـڕۆ دانیشـە، وا منـیش هاتم، فێری کرد کە چی بکات و چۆن بێت.

وەنەوشـــە لە حەمـــام هـــاتە دەرێ دوای ئەوەی دەموچـــاوی شـــت و سەرپۆشـەکەی لە ملـی خـۆی ئاڵانـد و چـووە ئەو ژوورەی کە نـان و بەرچایی و سەماوەری لێ بوو. شەرمن بە ڕوویەکی خۆشـەوە بـانگی کـرد بەرەوژوور و بە فرسـەتی زانـی کە خـۆی بگەیەنێت بـە دایکـی و باسی ئەم ئامۆزایەی لێ بپرسێت کە لێی کەوتبووە گومانەوە. شـەرمن خـۆی کـرد بە حەمـامەکەدا. دایکـی خەریکـی سـەروبەسـت و فەقیـانە و شایەتمانهێنان بوو کە شـەرمن بە پەرۆشەوە چووە نزیکی و بە چـرپە و سەرسـووڕمانەوە گـوتی: ئەرێ دایە ئەم کـچە چیـیە؟ زۆر جـوانە، پەریی ئامۆزات کەی وا جوان بوو؟ ماشەڵا چ زوو وای لێ هات؟ وەڵا سەرم لە کاری خوا سووڕ ماوە.

دایکی بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی: ئەی چی کچم، نازانی کچ زوو هەڵدەدات؟ ئەمە چەند ساڵە تۆ نەتدیون، چۆن بیرت چوو؟ پەری بە منداڵییش هەر وا جوانکیلە بوو، بەڵام دیارە ماشەڵا هەڵی داوە و گەورە بووە، زۆر کەس ئەگەر بە منداڵییش جوان نەبن، کەچی کە گەورە دەبن و خۆیان هەڵدەڕێژن، زۆر جوان دەبن، هەیشە بە پێچەوانەوەیە.

دایکی بە پەرپۆشەوە ڕووی کردە کچەکەی و گوتی جارێ لەم قسانە گەڕێ، تۆ هەواڵێکی شەماڵ گیانم پێ بڵێ چۆنە؟

شەرمن کە باسی ئەم ئامۆزایەی دایکی مێشکی شێواندبوو، لە لایەکەوە بە دڵ بڕوای بە قسەکانی دایکی نەدەکرد، لە لایەکی ترەوە لێی بوو بە مەراق و حەزی کرد بزانێت کە ئەمە کێیە، لە سەرێکی تریشەوە پێی ناخۆش بوو کە کچێکی وا جوان بێتەماڵیان کە ژن حەیرانی دەبێت چ جای پیاو، بە تایبەتی مێردەکەی کە بووکەبەبارانەش سەرنجی ڕادەکێشێ و ملی خوار دەکات، چ جای ئەم نازەنینە.

شەرمن بە بێزارییەکەوە و بە پەلە جوابی قسەکانی دایکی دایەوە و گوتی: شەماڵ شوکر چاکە، بەڵام لەگەڵ ساحێب ماڵەکەیان هەندێ تووشی قڕە هاتن. پووری بە پەرۆشەوە کێشای بە سنگی خۆیدا و گوتی ئەیەڕۆ بۆ خوا نەکات، تو خوا زوو پێم بڵێ. شەرمن کە خەیاڵی پەرشوبڵاو بوون، هاتەوە سەر خۆ و گوتی ساحێب خانووەکە داوای لە شەماڵ کرد کە دەیەوێت شایی خەتەنەسوورانی کوڕە منداڵەکەی لەم خانووەی ئەودا بکات، بە قسەی خۆی چونکە خانووی قەدیمانە و لە لای موبارەکە و بۆ هەموو منداڵێکی وای کردووە.

پووری کێشایەوە بە خۆیدا و گوتی: ئەیەڕۆ ئەی بۆ خاتری خوا چۆن؟ شەرمن گوتی وەڵا بڵێم چی؟ ئیتر خۆت بزانە چی بووە، شەرمن قسەکەی تەواو کرد و گوتی فایدەی نەبوو، ساحێب خانووەکە گوتی یا دەبێ ئەم شاییە لەم خانووە بکەم، یا دەبێ بڕۆن

و چۆڵی بکەن، ئەویش لە ترسی ئەوەی دەنگیان دەرنەیەت، گوتی باشە کاکە باشە، فەرموو شایی تێدا دەکەیت شیوەنی باوکتی تێدا دەکەیت چی دەکەیت وەرە بیکە، ناچار هەموو کاغەز و هەرچییەکی هەبوو، خستییە ژووری ژێرزەمینەکە لە لای تایپ و کەلوپەلەکانی تر و دەرگاکەیان داخست. کاک دلێر خۆی نەخۆش خست و هەر لەوێ مایەوە، شەماڵیش چوو بۆ ماڵی ئاشناکانی تا خەتەنەسوورانە تەواو بوو.

پووریێ حەپەسا و گوتی دە تو خوا ئیشی وا قەوماوە؟ ئۆهـ پیاوەکە حەواڵە بە خوا بی بۆ خۆت و خەتەنەسوورانەت. بەڵام دوور لە مناڵەکە، ئەو چی بکات بەسەزمانە. پووریێ قسەکەی تەواو کرد و گوتی باشە ئەی دکتۆر حەسەن نەیدەتوانی قسەیەک بکات، خۆ زۆر ڕێکن لەگەڵ کابرای ساحێب خانوو. شەرمن سەری بادا و گوتی حەی، بۆچی نازانی ئەوان لە ترسی ئەوەی دەنگیان دەرنەیەت، دەیانوێرا فزە بکەن؟

پووریێ گوتی وەڵا خۆ ڕاستیش دەکەیت، بە ماتییەکەوە گوتی بە تایبەت یەکێکی وەک شەماڵ دایکی بمرێ، بەڵام بە خوا من بزانم کابرا شتێکی زانیوە، بۆیە بیانوویان پێ دەگرێت تا چۆڵی بکەن، چونکە پێش ڕۆیشتنم بۆ سلێمانی بەیانییەک لە بەر دەرگا تووشم هات و گوتی: سەلام لە شەماڵ ئەفەندی بکە و پێی بڵێ نیازم هەیە تەعمیرات لە خانووەکەمدا بکەم ئەگەر بۆ خانوویەکی تر بگەڕێن، ئەگەرچی ئێوە زۆر ماڵی باشن و ئێوەم زۆر خۆش دەوێت.

شەرمن گوتی وای بە دکتۆر حەسەنیش گوتبوو، بەڵام وا بزانم جاریێ پەشیمانیان کردووەتەوە. شەرمن قسەکەی تەواو کرد و گوتی جار دەڵێت تەعمیرات دەکەم و جاریش دەڵێت کوڕی بێ ژن و ماڵی لێیە، منیش کچی عازەبم هەیە، ئەی کوا بزانم هیچ ژن و مناڵ نابینم تەنها ئەم شەماڵە نەبێت، ئەویش قەت لە ماڵ نییە.

شــەرمن زەردەخەنەیەک گرتــی و گــوتی کە لێـرە نەبوویـت، ڕۆژێـک خۆم و منداڵەکان و باوکیان چووین و شەویش لەوێماینەوە. گوتمـان بەشکم بڵێت ڕاستە وا ماڵ و منداڵ و خێزان هاتوچۆ دەکەن.

پــووری گــوتی هەر ئێســـتە چـــایەک دەخـــۆمەوە و دەڕۆم. لەگەڵ کــچەکەی پــێکەوە لە حەمــام هــاتنە دەرێ. پـووری وەک پــاڕانەوە سـەیرێکی کچەکەی کرد و گوتی تـو خـوا ڕۆڵە ئاگات لە پەری بێت، گوناحە تۆزێ ناساغە.

کـچەکەش لەژێـرەوە لچێکـی هەڵقورتانـد و هـەر بیـری لـەم ئـامۆزایەی دایکی دەکردەوە.

پێش نیوەڕۆ پووری گەیشتە ماڵی کوڕەکەی بە گەرمی و پەرۆشـەوە دەستیان کردە ملی یەک و بە گەرمی هەواڵی کوڕەکانی تری پرسی.

شــەماڵی کـوڕی گـوتی یـاخوا بە خێـر بێیـتەوە. بە ڕاسـتی هەتیـوت کردبووین، دلێری هاوڕێشـی لەویوە هەڵـی دایە و گوتی هەر هەتیو؟ بڵــێ هەتیــو و ســەرگەردان. کــوڕە هــاوڕێکەی تریشــیان کە نــاوی فەرەیـدوون بـوو، گـوتی یـاخوا بە خێـر بێـنەوە، مـردین ئەوەنـدەمان هـێلکەی کوڵاومـان خـوارد. ئەوەتەی تـۆ ڕۆیشـتووی، تەنهـا دوو جـار چێشتمان خواردووە.

شەماڵ و دلێر پێکەنین و دلێر گوتی موسیبەتی دنیا لە لایەک و ورگی ئەم کـــوڕە لە لایەک. تـــۆ بـــزانە پـــێش هەمـــوو شـــتێک ســـکاڵای پڵاونەخواردنی کرد.. هەموو جەماعەت پێکەنین.

پووری دانیشت و زەمیلە و توورەکەکەی ڕاکێشایە بەردەمی خۆی کە بە دیـاری بـۆی هێنـابوون، بە پەرۆشــەوە و لەســەرخۆ ڕووی کـردە کوڕەکەی و گوتی: وەی دایکتان بمرێ ڕۆڵە، ئەوە بەزمـی خـانوو چـی بوو؟ زۆر کەوتمە مەراقەوە.

شــەماڵی کـوڕی دەسـتی ڕاوەشـاند و گـوتی هەر لێـی گەڕێ، کـابرای سـاحێب خـانوو گەرمـان پـێ دەکـات و ترسـاوە، بە دکتـۆر حەسـەنی گوتـووە کە وا بـزانم ئەو هـاوڕێیەت هـیچ لە کاسـب و توجـار ناچێت،

هەر لە ماڵەوەیە و ژن و منالی نییە. تۆ گوتت کە خێزانن، ئەمە چەند مانگە کەس نابینم لەم دوو کوڕە زیاتر کە دێن و دەڕۆن، نازانم خەریکی چین.
بەڵام باش بوو دکتۆر دڵنیای کردەوە و بۆ سێ مانگی تر کرێگرتنەکەی بۆ تازە کردینەوە. کوڕەکەی جارێکی تریش گوتی یاخوا بە خێر بێیتەوە، بە ڕاستی لە وەختدا هاتی. ئێستە بزانێ هاتووی، دڵی خۆش دەبێت، کابرا ناحەقی نییە، ئەوەتا دیوار بە دیوارەوەین لەگەڵی و دوو سێ کچی عازەبی جوانکیلەی هەیە، خۆشی لە عەرەبە عەشایرە سەرسەختەکانە.
لای ئێوارەوە پووریێ خۆی کۆ کردەوە و گوتی دەبێ بڕۆمەوە ماڵی شەرمن. دوای سەرتان دەدەمەوە.
کوڕەکەی بە هەندێ توندی و ناڕەحەتییەوە گوتی حەی، چ زوو هاتی و چ زوو دەگەڕێیتەوە؟ ئەی من لە بەیانییەوە باسی چیت بۆ دەکەم؟ ئەوی تر لەولاوە هەڵی دایە و گوتی چوونی چی؟ بە خوا نابێت، ئێمە خواخوامان بوو بێیتەوە.
پووریێ چەند بیانوویەکی گرت کە دەبێ بگەڕێتەوە. جار گوتی جلم نەهێناوە، جار گوتی شەرمن نەخۆش بوو. بەڵام فایدەی نەبوو، گوتیان نابێ بڕۆیتەوە. بەیانی بچۆ ئەو ئیشانە بکە.
پووریێ هەموو دڵی لای وەنەوشە بوو کە وا بەو حاڵە بەجێی هێشتووە، غەریب و دڵتەنگە، ئاخۆ ئێستە چی بکات و ڕەنگە هەر چاوی لە ڕێ بێت. ئەگەر بێت و ئەمشەو نەگەڕێتەوە لای، ڕەنگە هەر وا بزانێت کە ئیتر هێنایە ئێرە و بەرەڵای کرد و هەر هیچ نەبێ، یەکەم شەو دەبێ لای بێت و بەشەکەم وردەوردە تێی بگەیەنێت و دەمودوویەکی کچ و زاواش بزانێت. کێ دەڵێ ئەگەر بەسەریاندا بەجێی بهێڵێت، بۆ ئەوانیش نەبێت بە تەگەرە و ناڕەحەتی.
ئەی خوا، ئینجا چی بکات؟ پوورێی داماو لە دڵی خۆیدا گوتی دەڵێی چی بە شەماڵ بڵێم؟ ئینجا کێ ناڵێ ئەویش نایکا بە هەرا، بە تایبەتی

کە حاڵی وایە. پووریێ شڵەژا و لە دڵی خۆیدا گوتی دە وەرە قاچاغیی شەماڵ بەس نەبوو، ئەم کچە بەسەزمانەشی هاتە سەر. ئێستە کامیان ئیدارە بکەم و کامیان بشارمەوە.

پووریێ چاری نەما، ئاخری پەتی پساند و کوڕەکەی بانگ کردە ژوورێکی تر و بە پەرۆشەوە وەک پاڕانەوە بەدەم فرمێسکەوە باسی وەنەوشەی بۆ کرد.

کوڕەکەی وەکو لە بانێک بەری بدەیتە خوارەوە، بە حەپەساوییەوە گوتی: ئەی ماڵت بە قوڕ گیریێ، ئەمەیە دەڵێن ڕێوی خۆی بە کونەوە نەدەچوو، هەژگێکی بە خۆیەوە بەست، تو خوا ئەمە ئیش بوو کردت، خوا دەزانیێ چییە و چی نییە. تۆ بۆ ئەوەندە خۆشباوەڕ و دڵپاکی ئەم بەڵایەت بۆ خۆت پەیدا کرد. ئێستە چیی لیێ دەکەیت؟ ئەوەتا خۆمان کونەمشکمان لیێ بووە بە قەیسەری. ئاخر بیرت لیێ نەکردەوە کە وا خۆت کوڕێکی قاچاغت هەیە و حکومەت بە خوێنی سەری تینووە؟ تۆ چۆن خۆت لە خەڵکی وا دەگەیەنی؟

پووریێ چاوی زەق زەق بووبوو کە گوێی لە قسەکانی کوڕەکەی دەگرت کەوا خەریک بوو هەڵدەچوو، دەیزانی کە ئەو زرووفە نالەبارەی و هەموو ڕۆژیێ لە کونێک و شارێک و لادێیەک چەند کاری تیێ کردووە، ئەو ئیشوکار و نووسین و دەرکردنی بەیان و جەریدە بە نهێنی و بە دزی حکومەتەوە چەند ژیانی خستووەتە مەترسییەوە، ئەگەرچی خۆی قسە ناکات و ئازا و دلێرانە دەجووڵێتەوە لەگەڵ هاوڕێکانی، بەڵام ئاخۆ ڕۆژی چەند جار دڵی دادەخورپێت؟ هەرچەند ڕووداوێکی وا بێتە ڕێی، وەکو ئەو ڕۆژی ساحێب خانووەکە پێی گوتبوون دەبیێ خانووەکە چۆڵ بکەن، یان کە یەکێک لە کوڕەکان سەری پۆلیسێک دەبینێت کە بە گەڕەکەکەدا تیێ دەپەڕێت، یا یەکێک بە سەهوو لە دەرگاکەیان بدات.

پووریێ بە داماوی و مەلوولی چاوەکانی خۆی سڕییەوە و گوتی باشە بەقوربانت بم، با بچم لەگەڵ شەرمن تەگبیرێکی لیێ بکەم.

پووریٚ لەبەر گریان قوڕگی گیرا و گوتی خۆ هیچ نەبیٚ دوو ئیشیان بۆ دەکات. هەر لە ڕێی خوا بیخەنە ژێر باڵی خۆیان، زەعیفە و لێقەوماوە. پووریٚ دەستی برد بۆ چاوی و بە لکی سەرپۆشەکەی چاوی سڕی و گوتی ئۆهـ دایکی بمریٚ وەکو مرد، بە خوا خەڵک شەرم لەو سەر و هەیکەل و قەد و باڵایەی دەکات، دە بڵێم چی، دە وەرە جوانێکی وا سەرگەردان بێت و کون نەبێت خۆی تێدا بشارێتەوە. شەماڵ بە زەردەخەنەیەکی تەوساوییەوە گوتی لە ماڵی شەرمن بێت؟ بە خوا جوانە، وا بزانم شەرمن و مێردیت بیر چووەتەوە، ئەو ئەوەندە دڵی لە مێردەکەی پیسە و دایم هەرایانە، ئێستە هیچ ناکا دەهێڵێت ئەو کچە لەویٚ بێت کە وەکو تۆ دەڵێیت، ئەوەندە جوانیش بێت، سبەینیٚ دەگەنە سەر تەلاق، دە ئەمە خێرت کرد یا چی؟

پووریٚ بە کەساسییەکەوە سەیرێکی کوڕەکەی کرد و گوتی: باشە ئەی چار چییە؟ هەرچۆنێک بێت، با ئەمشەو بڕۆمەوە، بەشکو چارەیەک بدۆزمەوە.

کوڕەکە بە ماتییەکەوە گوتی: باشە بچۆ بزانە. هەستایە سەر پیٚ و گوتی:

لاحەولە وەلا قوەتە ئیلا بیلا، بە خوا ئەمە لە هەموو بەزمێک خۆشترە.

وەنەوشەی داماو و کەساس سەری کز کردبوو، ڕووی نەدەهات بچێتە سەرئاویش، خزابووە کونجی ژوورەکەوە و هەر چاوی لە ڕێگەی پووریٚ بوو، لەم کاتەدا منالەکان لە مەکتەب گەڕابوونەوە و کەوتبوونە پرسیارلێکردنی: تۆ کێی؟ ناوت چییە؟ ئیتر منال و پرسیاری ساویلکە و دڵپاکانەیان.

ئەوەندەی پیٚ نەچوو باوکی منداڵانیش کردی بە ماڵدا. یەک دوو کیسە خواردەمەنییشی پیٚ بوو. کیسەکانی دانا و بە ڕوویەکی خۆشەوە ئێوارە باش و سەلامی لە ژنەکەی کرد و بە گەرمی چوو

دەستی کردە ملی و چەند ماچێکی کرد. بە پەلە لە ژوورەکەی هاتە دەرێ و گوتی:

لەبەر پوورم هەر خواخوام بوو زوو لێ ببمەوە و بگەڕێمەوە ماڵێ، ئاخر بەیانی هەر نەمدی، زۆرم پەلە بوو.

ژنەکەش بەدوایدا هاتە دەرێ و بە نیوەتەوسەوە، بێ ئەوەی سەیری بکات، گوتی:

دایکم لە ماڵ نییە، لەتاو کاکە شەماڵ هەر زوو پیاڵەیەک چای خواردەوە و ڕۆیشت بۆ لای، بە تایبەتی کە باسی بەزمی ساحێب خانووەکەیم بۆ گێڕایەوە. ئەمەی گوت و بێدەنگ بوو، لە دڵی خۆشیدا دەیگوت: بڕوام پێ کردی؟ لەبەر پوورت وا زوو هاتوویتەوە یا لەبەر ئامۆزاکەی؟ تا ئێستا چەندەها جار پوورت چووە و هاتووە بزانم چ جارێک وا زوو هاتوویتەتەوە، هەمیشە شەو هاتوویەوە و هەزار بیانووت دۆزیوەتەوە کە بۆچی دوا کەوتوویت!

شەرمن و مێردەکەی چوونە ئەو ژوورەی وەنەوشە و مناڵەکانی لێ بوو. مێردەکەی سڵاوی کرد، مناڵەوردەکە باوەشیان پێدا کرد، کچە گەورەکەی کە دوانزە ساڵ دەبوو، دەستی کردە ملی باوکی و بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: بابە ئەم خزمەی نەنە چەند جوانە! زۆر دڵم خۆشە کە هاتووە. تو خوا با ئیتر هەر لێرە بێت، بە خوا من زۆرم خۆش دەوێت. شەرمن بە دەستی بوایە، زمانی کچەکەی دەبڕی کە وا بەو چەشنە باسی وەنەوشەی کرد. باوکیشی لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەرێ وەڵا کچم ڕاست دەکەی، زۆر جوانە، ئەی ئاگات لە بابە نییە چۆن سەعات و دەقیقەی ژماردووە تاکو بێتەوە ماڵێ." ئینجا بە گاڵتەوە وەک هەڕەشە بە مناڵەکەی گوت:

مناڵ واز لە (پەری خان) بێنن، ئەزیەتی مەدەن و ئەوەندە سەر مەخەنە سەری، لە دڵی خۆشیدا دەیگوت:

خۆزگەم بە خۆتان، بە خوا حەقی خۆتانە وا دەورتان داوە.

شـەرمن مێشـکی شـێوا و لە دڵی خۆیدا کەوتە تەگبیرکردن کە دایکی هـاتەوە چییـی پـێ بڵێـت و چـی بکـات، زۆر شـپرزە و نـاڕەحەت بـوو، سەرزەنشتی دایکی دەکرد کە ئەمە چی بوو ئەم بەڵایەی بۆ ئەم هێنـا. خزمی چی و شتی چی (لەپڕ پەشیمان دەبووە و دەیگوت): عەیـب و شـوورەیی ئێسـتە ئەم چیـی پـێ بڵـێ؟ قـابیلە هەر وا زوو دڵـی دایکـی بشـکێنێت و بڵـێ وەڵا پـێم ناخۆشـە بـۆ چـی ئەم کـچەی هێنـا لەگەڵ خۆت؟ هەر ڕەنگە ئیتر تا ماوە دایکی سـەر نەکا بە ماڵەکەیاندا، کچی بەسەزمان خۆ پیاوخۆر نییە، بەڵام دایکی لە کوێ ئاگای لە دڵی ئەمە کە لەو دەقـیقەیەوە چـاوی بەو کـچە کەوتـووە، دەڵێـی بەڵای دنیـای بەسەردا ڕووخاوە.

پووریێ بە دڵێکی گوشراوەوە گەڕایەوە ماڵی شەرمن. ئەی خوایە، چی لەو کـچە بەسـەزمانە بکـات؟ بیبـاتە کـوێ؟ بـوێرێ جـوانێکی وا لە چ ماڵێک دانێ؟ شـەرمنی کچی ئەگەرچی بە گەرمـی و خۆشییەوە چوو بە پیریەوە و عەبـاکەی لـێ وەرگرت و دەستی کـردە ملـی و هەواڵـی شـەماڵی بـرای لـێ پرسـی، بەڵام مـاتییەک لە دەم و چاویدا دیـار بـوو. وەنەوشـــە هەر گـــوێی لە دەنگـــی پـــووریێ بـــوو، هەر وەک دەرکـــی بەهەشتی لێ کرابێتەوە، موچرکێکی خۆشی پێدا هات و چاوی پڕ بوو لە فرمێســک و هەناســـەیەکی قـــووڵی هەڵمـــژی، چـــونکە ئەویـــش لە بەیـانییەوە هەزار و یەک خەیـاڵی کردبـوو. وەنەوشـە زۆر ترسـابوو، چەندەها "تۆ بڵێی" مێشـک و دەروونیـان شـێواندبوو. کە چـاوی کەوت بە پـــووریێ، هەســـتایە ســـەر پـــێ و پەلامـــاری دا و دەســـتە ســـاردە بێتینەکـانی لە ملـی ئاڵانـد و سـەر و دەموچـاوی ئـاخنییە نـاو سـنگ و لاملی پووریێوە، هەر وەک بیەوێت فرمێسک و هەنسکەکانی نادیـار و ون بن لە ناو سەرپۆش و دەسماڵ و سنگ و بەرۆکی پووریێدا.

پـووریێ چـاری نەمـا، خـۆی دڵخـۆش پیشـان دا و کچەزاکـانی کەوتـنە مـاچوموچی، زاواکەی بە شـەوقەوە باوەشـی بـۆ کـردەوە و کەوتە پرسیار و هەواڵی کاک شەماڵ.

زاواکەی ویستی نوکتە و قسەی نەستەق هەڵڕێژێ و جەماعەت بێنێتە پێکەنین. بە ڕوویەکی خۆشەوە و ڕووی کردە خەسووی و گوتی:
بەزمی خەتەنەسوورانیان بۆ باس کردی؟ ئینجا کەوتە باسی کابرای ساحێب خانووی، هەندێ گاڵتەی بە ئەقڵی کرد کە وەکو خەڵکی دەوری بەرد چۆن ڕقی گرتووە کە دەبێ لەو خانووەدا بەزمەکە بگرێت.
پووری ویستی بە پەلە باسەکە ببڕێنێتەوە، وەکو شتێک حەزی نەکرد و ترسا کە ئەو باسە وا بە ئاشکرا بکەن. لەبەر ئەوە دەستێکی دا لە سەر و سەرپۆشەکەی و گوتی:
دەی خوا عیلاجی کرد. جارێ کابرا بێدەنگ بووە.
زاواکەی گوتی: بە خوا من بزانم، ئەمەی هەر پەڵپ بوو، دەیویست بیانوومان پێ بگرێت کە خانووەکەی چۆڵ بکەین!
قاقایەکی لێ دا و گوتی: ئەی باسی زبڵ و توێکڵ و قنچکەجگەرەیان بۆ نەکردوویت کە تا دوو ڕۆژ هەر پاکیان کردووەتەوە و تەواو نەبووە؟
پووری بە بێزارییەکەوە گوتی: دەی ئەمیش دەبڕێتەوە، بڵێین چی خوا خراپتر نەدات.
شەرمن بە سینییە خواردنەوە هاتە ژووری و نایە بەردەم دایکی، ڕووی کردە وەنەوشە و گوتی:
وەڵا شکاتت لێ دەکەم لای دایکم. لە بەیانییەوە تیایدا کول و کافر بووین، لە دوو کەوچک زیاتر هیچی دیکەی نەخواردووە. (ڕووی کردە دایکی) و گوتی: دایکم دوور بێت، لە برسانا دەمرێ، ئیتر بۆ کوێ چوویت بیبە لەگەڵ خۆت.
پووری ئەوەندەی تر دڵی گوشرا و بە مەلوولییەک و بە زەردەخەنەیەکی دەستکردەوە گوتی: کەواتە ئیتر منیش ناچمە دەرێ!
شەو وەنەوشە لەگەڵ پووری جێگەیان لە تەنیشت یەکەوە بۆ ئامادە کرا، هەرکەسە چووە سەر جێگەی خۆی. وەنەوشە ئەوەندە کفت و

مانـدوو بـوو، هەر زوو بە دڵنیـایی خەوی لـێ کەوت. پـووریَ هەر ئەمـدیو و ئەودیـوی دەکـرد و سـەری لـێ شـێوابوو، نـوقمی گـۆمی خەیاڵات بوو، بۆ چارەیەک دەگەڕا و لە دڵی خۆیدا لە خوا دەپاڕایەوە کە ئەم تەگەرە گەورەیەی بـۆ ئاسـان بکـات. هەر تەگبیـری دەکـرد کە سـبەینێ چـی بکـات، لەپڕ بیـری دەچـووەوە سـەر ڕێگـەیەکـی تـر و تەگبیرێکی تر.

شەو درەنگ بوو، مانگە شەوێکی خۆش بووو، لە پەنجەرەی ژووری باڵەخـانەکەی لێـی نوسـتبوون، مانگەشـەو ژوورەکەی ڕوونـاک کردبووەوە. پووریَ بە ئەسپایی هەستا و لە سەر جێگەکەی دانیشت. لەسـەرخۆ شـایەتومانێکی هێنـا، قومێ ئـاوی خـواردەوە و ئـاوڕێکی لە وەنەوشە دایەوە کە لە بەر شەوقی مانگەشەوەکەدا دەتگوت پەرییە و تـارای زیـوی پێـدا دراوە. پـووریَ کە ئەم دیـمەنەی دی، بێـدەنگ فرمێسکی سەرەوخوار بوونەوە و ئاخێکی ئەسپایی هەڵکێشا و لە دڵی خۆیدا گوتی:

دە وەرە ئەم دنیایە و ئەم ژیانەت لەبەرچاو نەکەوێت کە نەزانیت چـی لە نازدارێکی وا بکەی! وەڵا بەیانی پەلی دەگرم و دەڕۆم دەیبەمـە لای شـەماڵ، خـۆ کافرسـتانی یـیە، گـوایە ئەگەر ڕۆژێـک ژن بهێنێـت، لەم نازدارتر و جوانتر دەهێنێت؟ ئینجا بۆ نەیهێنێت؟ خوا نازەنینێکی وەکو ئەمەی بۆ ناردبێ بە پێی خۆی.

پووریَ دڵی پڕ بوو، لە دڵی خۆیدا قەراری دا کە سبەینێ بیبـا و بـڕوا بـۆ لای شـەماڵ و گـوتی: "ئەگەر ئەویـش قـڕەی کـرد، شـەرت بـێ هەموویان بەجێ بهێڵم و ئەم کچە بەرەڵا نەکەم." لەپڕ بیری کەوتەوە کە کوڕەکەی لە چ حاڵێکدایە، ژنی چی و شتی چـی و چۆن دەبێ ئەم لە خۆیەوە کچەکە بەرێ بۆ ئەو مـاڵە؟ شـەماڵ ڕاسـت دەکـات، ئەم بـۆ ئەوەندە خۆشباوەڕە.

کـێ دەڵێت کـچە ڕازی دەبێت بە کـوڕەکەی یـا بەو ژیـانە سـەختە پڕ مەترسییەی کوڕەکەی، ئەگەر ئێسـتەش لەبەر دڵـی ئەم قسـەی نەکرد،

چونکە چاری نییە و لەگەڵی چوو بۆ ئەوماڵە، کێ دەڵێ تا سەر ئەم قبووڵ دەکات و دانانیشێت تاکو تۆزێ چاوی بکرێتەوە و دەرفەتێکی تر ببینێت ڕاناکات.

پووریێ لەپڕ تۆبە و ئەستەغفیرەڵای کرد و تفێکی لە شەیتان کرد و گوتی: ئەوە بۆ خەریکە منیش دڵم کرمێ دەبێت؟ پاڵ کەوتەوە و پێخەفەکەی ڕاکێشایەوە سەر خۆی و لە دڵی خۆیدا گوتی: نە نە، نە بە خوا، من خراپەم لە دەست بێت ئەم کچە بەسەزمانە لە دەستی نایەت، با بەیانی بێتەوە، خۆم دەزانم چی دەکەم.

بەیانی زوو پووریێ هەستا. ئەگەرچی شەو هەر باش نەنوستبوو لەبەر مەراق و خەیاڵ و تەگبیرکردن، بەڵام بەیانی زوو ڕاپەڕی و هەندێ دڵی خۆش بوو و چوو بە لای نوێژەکانیەوە. وەنەوشەی خەبەر کردەوە و خەریکی کتلی و سەماوەر و چالێنان بوو کە ئەهلی ماڵەکەش هەموو هەستان و کەوتنە خۆیان و بەرچاییان کرد.

پووریێ بە وەنەوشەی گوت کەوا خۆی کۆ بکاتەوە کە بڕۆن، بە تایبەتی کە هەستی کرد کچەکەی هەندێ لچی لێ داوە بەیەکدا و زاواکەشی نوکتە و قسە نەستەقەکانی نەماوە و ئەویش هەندێ بێدەنگە و لەوە دەچوو کە شەڕیان بووبێت.

لە دوای ئەوەی کە زاوا و کچەزاکانی خواحافیزییان لێ کردن و ڕۆیشتن بە لای مەکتەب و ئیشوکاری خۆیانەوە، پووریێش هەستایە سەر پێ، عەباکەی هەڵگرت و لەگەڵ وەنەوشە خۆیان گورج کرد کە بڕۆن. پووریێ ڕووی کردە کچەکەی و گوتی ئێوارە بە تەمامان مەبن و ڕەنگە بۆ شەو نەیەینەوە.

شەرمن کە لە دڵی خۆیدا تەریق بووەوە کە ئەوە بۆ وا سەری دنیای لێ هاتەوە یەک و لە دوێنێوە دەڵێی بەڵای بەسەردا ڕژاوە لەتاو ئەو کچە بەسەزمانە، قابیل بوو مێردە کوپەڵە سمێڵقیچەکەی لێ داگیر بکردایە؟ خۆ هەنگوین و حەلوا نەبوون هەڵی بلووشێ.

شـەرمن بە پەرۆشـییەکەوە ڕووی کـردە دایکـی و گـوتی دایە گیـان، ئەوە بـۆ کـوێ بەم بەیـانییە زووە؟ ئەی پەری بـۆ کـوێ دەبەی؟ دەبـا ئەو لێرە بێت، دایکی وەکو ژنێکی دونیادیدە زانیی کە کچەکەی داماوە و لە تەریقیـدا وا دەڵێـت، لەبەر ئەوە گـوتی قەیناکـا کچـم، پەریـیش دەبەم، نیـازم هەیە تـۆزێ بیبەمە نـاو بـازاڕ و ئەمـلا و ئەولا. پـووریێ عەبـای دا بە سـەریدا و گـوتی بـۆ شـەوێش ڕەنـگە لە شـوێنێک بگیرسێینەوە، بە تەمامان مەبن، چونکە زوو دەگەڕێینەوە سلێمانی. با هەنـدێ بیـبەمە دەرەوە. لەگەڵ شـەرمن دەسـتیان کـردە ملـی یەک و ڕۆیشتن.

لە دوای دوودڵییەکـی زۆر، پـوورێش قەراری دا کە هەنـدێ حـاڵ و ئەحواڵی خۆی بۆ وەنەوشە باس بکات و هەندێ زمـانی تـاقی بکـاتەوە و تەگبیـرێ لەگەڵ ئەویـش بکـات. بـۆیە هەوڵـی دا کە خـۆی بگەیەنێتە شوێنێکی بێدەنگی چۆڵ و چوون لە ژێر چەند دارخورما و درەختێکدا دانیشتن.

لە دوای پشـوودانێک، پـووریێ ڕووی کـردە وەنەوشـە و گـوتی: کچـی شیرینم، دەمەوێ هەموو نیازی دڵـی خـۆتم بـۆ هەڵڕێـژی کە تـۆ بڵێیت پەشیمان نیت لەوەی وات بەسـەر خـۆت هێنـاوە؟ ئەگەر ناڕەحەتیت و خزمێک و دڵسـۆزێک شـک دەبەیت و نیازێکت هەیە، بە دایکـی خـۆت بڵێ، هەرچییەکم لە توانادا بێت و پێم بکرێت، یارمەتیت دەدەم و بـۆت دەکەم.

وەنەوشـە ڕەنگـی هەڵبزڕکـا و دڵـی داخورپـا، دەسـبەجێ فرمێسـک لە چـاوی هەڵقـولا و بە مەلـوولییەکەوە گـوتی بـۆچی پـووریێ گیـان، لـێم بێزار بوویت؟

پووریش وەنەبێ حاڵی لەو باشتر بووبێ کە ئەم قسانەی پێ دەگوت. ئەویـش دڵـی گوشـرابوو و لە تەریقیـدا خـەریک بـوو هەناسـەی سـوار دەبـوو، بەڵام چـاری نەبـوو، دەبـوو ئەم قسـانەی بکـردایە، بەشـکم بە هەردووکیـان چارەیەکیـان بـدۆزیایەتەوە، بە تـایبەتی کە زرووفـی

نالەباری شەماڵی کوڕی وای لێ کردبوو کە نەتوانێت تا سەر لەسەر هیچ بڕیارێک بمێنێ و هەرچەند بیری لە کوڕەکەی دەکردەوە و وەزعەکەی دەهاتە بەرچاو، دەسڵەمییەوە و لە نزیکترین کەسیشی دەترسا و دەکەوتە دوودڵییەوە. چ جای ئەم کچە کە هەمووی دوو ڕۆژ بوو ڕێکەوت و چارەنووس تووشی یەکی کردبوون.

پووریێ بە قوڕگێکی گیراوی پڕ لە گریان و پیش، دەستی دا لە سنگی خۆی و سەیرێکی وەنەوشەی کرد و گوتی:

من لە تۆ بێزار بم؟ حەز ناکەم قەت قسەی وا بکەی، بە خوا لە ڕۆحم خۆشەویستتری و چەند ئاواتەخوازی خێر و خۆشیم بۆ منداڵەکانم، بۆ تۆش هەروەها، ڕەنگە زیاتریش.

وەنەوشە فرمێسکەکانی سڕی و سەری داخست و بەدەم هەنسکەوە گوتی: ئەی بۆ وا دەڵێی؟ من باسم بۆ نەکردوویت من کەسم نییە لەو ماڵی پوورەم زیاتر و کەسی تریشم هەبێت، لە ترسی مێردەکەی و هەنەزا بەدخووەکەی ناوێرن بمگرنە خۆیان و هەر ناویشم بێنن. کەس تاقەتی گێچەڵی ئەو بێناموسانەی نییە. تا باسی خراپە و ناپیاوییانت بۆ بکەم هێشتا هەر کەمە، بە تایبەتی چونکە پیاوی حکومەتیشن، هەرچی سەرسەری و چەورە و ئەمن و دز و خراپ هەیە، لەگەڵیانن.

وەنەوشە هەناسەیەکی هەڵکێشا، قسەکەی تەواو کرد و گوتی: ژنێک بەخێوی کردووم و منی زۆر خۆش دەویست. جاریێ پێی گوتم ماڵێکی دراوسێمان شایی دەکەن، تۆش وەرە سەیرکە، ئیتر ئەو دڕندە بێشەرەفە هەر وەکو سەگی هار بەربووە ئەو ژنە فەقیرە و دایە بەر شەق و زللە و هەزار جنێوی سووکی پێ دا. گوتی چییە دەیبەیت دەڵاڵیی پێوە دەکەیت؟ دەستی کردەوە بە گریان و گوتی: ئیتر کێ دەوێرێ هەر پێم بڵێ لە کوێوە هاتوویت.

پووریێ بە پەرۆشەوە گوتی: "مەگری بەقوربانت بم، دڵی خۆت ناڕەحەت مەکە، هەروا ویستم لێت بپرسم، گوتم دنیایە، زۆر جار

هەرزەکار هەندێ ئیش دەکەن و دوایی پەشیمان دەبنەوە، ئەگینا هەر وەکو ئەوسا پێم گوتی، ئێستەش دەیڵێمەوە تا ماوم دەتخەمە دڵمەوە و قەت بەرەڵات ناکەم." وەنەوشە چاوی سڕی و بە زەردەخەنەیەکی شەرماوی و شیرینەوە سەیرێکی پووریێ کرد و گوتی:
دەترسی تووشی ناڕەحەتی بم؟ ئاخ پووریێ گیان، فایدەی چی، نازانی لە ناو چ ئاگر و قوڕبەسەری و ناخۆشییەکدا ژیاوم، بڵێ هەر کوڵاوم و هەرچی تۆ پێی بڵێی ناڕەحەتی و ناخۆشی، ناگاتە یەک سەعاتی ئەو تاڵییەی من چەشتوومە.
پووریێ دڵخۆشیی وەنەوشەی دایەوە و بە ترسێکەوە باسی بۆ کرد کەوا کوڕێکی خەباتکەری هەیە و لەگەڵ هاوڕێکانی بە نهێنی بە دزیی حکومەتەوە کوردایەتی دەکەن. حکومەت هەمیشە بەدوایانەوەیە و پێی دەڵێت کە بۆیە لە ئێستەوە ئەم قسانەی بۆ دەکات کە نەکا ڕۆژێک ئەویش تووشی ناڕەحەتی و گرفتاری ببێت بە هۆی ئەوانەوە، بەڵام پێی نەگوت کە کوڕەکەی لە کوێیە.
وەنەوشە بە شەوق و خۆشییەوە گوتی: تووشی هەر شتێک ببم بە هۆی ئێوەوە، لای من بەهەشت دەبێت و پێی سەربەرز دەبم. ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: ئای پووریێ گیان کە ئەو مێردەی پوورم و کوڕەکەی و دەستە و دائیرەیان ئەو غەدرەیان لەو خەڵکە فەقیر و هەژارە دەکرد و ئازاریان دەدان و بە گرتنیان دەدان، دڵم هەر ئەوە بوو نەدەتوایەوە. لەگەڵ پوورەکەم کە ژنێکی چاک بوو، بە شەوان دادەنیشتین و بە دزییەوە دەگریاین بۆ ئەو خەڵکەی کە ئاگامان لێ بوو چ زوڵمێکیان لێ دەکرێ، بەڵام دەسەڵاتمان نەبوو و نەماندەوێرا ورتە بکەین، ئای چەند خانوویان بە فرتوفێڵ لە دەست خاوەنەکانیان دەردەهێنا، هەر ئەوەندە یەکێک لە نەبوونیدا بە ناچاری خانووەکەی بخستایەتە ڕەهنیانەوە، ئیتر وازیان لێ نەدەهێنا تا پێیان دەفرۆشت و خۆیان بە تالان هەڵیان دەگرتەوە، دەیان دەستبڕ و درۆ و ساختەچییان هەبوو. وەنەوشە بە مەلوولییەکەوە گوتی: تەنها خەفەتی

پـوورەکەم و دایە خورشـــەم دەخـــۆم. ئەو دوانە زۆر دڵســـۆزی مـــن بوون، پوورەکەم زۆر فەقیر و سادە و ساویلکە و بەسەزمانە.

پووریێ پرسی: پوورت خوشکی دایکتە یان باوکت؟

وەنەوشە دیسان لێوی دەلەرزی. لەبەر گریان گوتی:

خوشـکی دایکمە. بیـرم دێت کە ئەوەنـدە جـوان بـوو، دەتگـوت گـوڵە، بەڵام ئێســتە بە دەســت ئەو مێـرد و هەنەزا ئـاگرتێبەربوانەیەوە هەر بەقەد چنگێکــی لــێ هــاتووە، ســووتاوە و هەڵقرچــاوە، ئەو هەمــوو قوڕبەسەرییەم دەکێشا و هەرچی ئیشی ئەو خێزان و ماڵە گەورەیە هەبـوو، دەمـانکرد، لێـی جیـا نەدەبـوومەوە و هەتـا بـۆ سەرشـتنیش نەمـــدەوێرا بە تەنیـــا بـــم لە ترســـی مێـــردەکەی و هەنەزاکەی کە هەردووکیان پەلاماریان دەدام و نەشمدەوێرا پێی بڵێم.

پووریێ هەستایە سەر پێ و وەنەوشەی پێش خۆی دا و سواری پاس بوون تا گەیشتنە دەوروبەری (ئیمام کازم). لەوێ دابەزین و ڕوویـان کردە مـاڵێکی سـەرپەڕی کۆڵانێک کە لە سـەر دەرگاکەی نووسـرابوو (دکتۆر حەسەن عەلی). پووریێ مێشکی شێوابوو دوودڵی و ڕاڕایی و تـرس و بەزەیـی و غیـرەت سـەریان لـێ تێـک دابـوو، نەیـدەزانی بە تەواوی دەبێ چی بکات، بەڵام ئاخری چاری نەما کە لە دەرگای ماڵی دکتۆر حەسەن بدا کە یەکێک بوو لە خەباتکەرە دڵسۆزەکانی پارتی و لەژێـر پەردەی دکتـۆری و ئیشـکردن لە خەسـتەخانەکانی حکومەتـدا چەنـدان کـردەوەی پیـاوانە و مەردانەی دەکـرد و هەمیشـە جانتـاکەی دەســتی لەگەڵ کەلــوپەلی دکتۆریــدا کــۆڵێ بەیاننــامە و کــاغەزی قەدەغەکراوی تێدا بوو کە دەیبردن بۆ ئەملا و ئەولا.

هەر پـووریێ لە دەرگــای دا، گــورج ژنێکــی ئەســمەری خــوێنگەرمی ڕەزاسووک بۆی کردەوە و هەر چاوی بە پووریێ کەوت، بە پەرۆش و شەوقێکەوە پەلاماری دا و دەستی کردە ملی. هەر وەهاشی لەگەڵ وەنەوشە کرد. بە کوردییەکی تێکشکاو بەخێرهـاتنێکی زۆری کردن و بە فەرمـوو فەرمـوو پـێش خـۆی دان. هەر زووش کەوتە هەڵپەهەڵپی

ئامـادەکردنی چـا و خـواردن و میـوە، هەر وەکـو ئەمـان لە چـۆڵی قوڵفەوە هاتبن و چەند ڕۆژ بووبێ دەمیان لە هیچ نەدابێ.
ئەوەندەی پێ نەچوو دەنگی دەرگا هات، ژنەش چوو کردیەوە. کە دی خەسـوویەتی، هەر لەوێـوە مـژدەی دایە کەوا پـوورە ڕەحـمە خـان هـاتووە، ئەویـش هەر هـاتە ژوورەوە، لە بـووکەکەی کەمتـری بـۆ نەکردن. ڕەحمە خـان وەنەوشـەی پێ ناسـاند کەوا کچی ئامۆزایەتی، هەندێ ناساغ بووە و ئەمیش لەگەڵ خۆی هێناویە بۆ بەغدا.
کە ئەوان چوون بە لای ئیشەکانیانەوە، پوورە ڕەحمە خـان سـەری لە وەنەوشە بردە پێشەوە و گوتی:
بەقوربـان، مـن ئێسـتە بە ئیشـێک دەچـم و ئێـوارە دێـمەوە لات، تـۆش لێـرە دادەنـێم، مـاڵێکی ئەوەنـدە باشـن هەر بـاس نـاکرێن. بـووک لە خەسـوو، خەسـوو لە بـووک چـاکترە. دکتـۆر حەسـەن خۆشـی وەکـو کوڕم وایە، هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:
نابێتەوە، خەڵکی وا باش کەم هەیە.
وەنەوشە کە بە قسەکانی پووری زۆر دڵنیا بوو، گەلێ دڵخۆش بوو و بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە و بە ئەسپایی گوتی:
ئەمـانە عەرەبـن؟ کوردییەکەیـان زۆر سـەیرە، بـاش لێیـان تـێ نـاگەم، پووری بە چرپە گوتی:
نا گیانە عەرەب نین، کوردی فەیلین، نازانی چەنـد کوردێکی دڵسـۆز و چاکن.
دوای نەختـێ پشـوودان، پـووری هەسـتایە سـەر پـێ و هەر لە حەوشـەکەوە گـوتی: "دایکـی حەسـەن ئەوە مـن تـا ئەولایە دەچـم و دوایی دێمەوە، با پەری لای ئێوە بێت." ئەوانیش دەیانزانی کە بۆ کوێ دەچێ، چونکە شارەزای ئیشوکار و خەباتی نهێنیی کوردەکـان بـوون، بۆیە هەر زوو گوتیان:
باشـە بـڕۆ خـوات لەگەڵ، وەکیلـی سـەلام بە و دڵـت لای پەری خـان نەبێت.

ڕەحمە خان گەیشتە لای شەماڵی کوڕی کە ئەویش کەوتبووە مەراقەوە لە قسەکانی دایکی و باسی ئەو کچە. بۆیە بە پەرۆشەوە چوو بە پیر دایکیەوە و بردیە ژووری و گوتی:

دەی بزانم چیت کرد؟ لە دوێنێوە هەر بیر لەو کردەوەیەت دەکەمەوە و سەرم سووڕ دەمێنی کە چۆن بە دەستی خۆت خۆت تووشی بەڵا دەکەیت!

دایکی بە بڕوا و ڕوویەکی خۆشەوە عەباکەی لە خۆی کردەوە و گوتی:

ئەوەتا لە ماڵی دکتۆر حەسەنم داناوە، ئینجا بە زەردەخەنەیەکی سەرکەوتوانەوە سەیرێکی کوڕەکەی کرد و گوتی:

ئێستە بە دووروودرێژی باست بۆ دەکەم، بەڵام تۆ قسەکەم پێ مەبڕە تا لێ دەبمەوە، ئەوسا ئەگەر قسەکەمت بە دڵ نەبوو، چۆنت ویست و چیت ویست، وا دەکەم.

کوڕەکەی بە ناچاری سەرێکی بۆ لەقاند و گوتی: دەی قسە بکە، بزانم چی دەڵێی؟

ڕەحمە خانیش جێی خۆی خۆش کرد و قاچی هەندێ ڕاکێشا و گوتی:

جارێ شتێکت لێ دەپرسم، پێم بڵێ تۆ بۆچی خۆت خستووەتە ئەم ئەزیەت و خەتەر و ناڕەحەتییەوە؟ کوڕەکەی پێکەنیی و گوتی:

ئەمە هەقی چییە بەسەر ئەو ئیشەوە کە تۆ کردووتە، کورد گوتەنی: کەر لە کوێ کەوتووە و کونە لە کوێ دڕاوە.

دایکی بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی:

کردەوەکەی من زۆر هەقی هەیە بەسەر ئەم خەباتەی تۆوە. تۆ بۆیە وا خۆت خستووەتە مەترسی و خەتەرەوە، لەبەر خەڵکی لێقەوماو و هەژار و چەوساوە و غەدرلێکراوی میللەت، وا نییە؟

کوڕەکەی گوتی: با... دایکی گوتی: کەواتە ئەگەر بزانی بەسەرهاتی ئەو کچە چییە و چیی لێ قەوماوە و چ غەدرێکی لێ کراوە و لە

چنگـی چ دڕنـدەیەکی بێشـــەرەف و بێـویژدانی پیـاوی حکـومەت ڕای کـردووە، نەک هەر ســەرت ســوورِ دەمێنــێ، بۆشــت دەردەکەوێ کە ئەویش یەکێکە لەوانەی تۆ لەپێنـاوی ڕزگارکردنیانـدا خەبـات دەکەیت. کـچەکە هەمـوو قسـەیەکی بـۆ کـردووم، باسـەکەی وا کـارێکی تـێ کـردووم، بە هـیچ نەوع و جۆرێـک نـاتوانم دەسـتی لـێ هەڵگـرم و بەرەڵای بکەم. مێردەکەی پووری و کوڕەکەشی هەردووکیان پیاوی حکـومەتن و دەسـتیان زۆر دەڕوات یـا دەیگـرن و ئەتکـی دەکەن یـا دەیکـوژن، یـاخود دەکەوێـتە دەسـتی خەڵکێکـی بێـویژدان و ئـابڕووی دەبەن و خـوا دەزانـێ چیی بەسـەر دێ و دەکەوێتە کوێ، بە تـایبەتی بەو جوانییەوە خوا کردوویەتی بە بەڵا بەسەر ئەو باوانشێواوەوە!

لێرەدا ڕەحمە خـان بە ئەسـپایی مستەکۆڵەیەکی دا لە کوڕەکەی و بە زەردەخەنەیەکـی خۆشـەوە گـوتی: تـۆ جـارێ بیبیـنە، بـزانە هەزار ڕەحمەت لە دایک و باوکم ناکەیت کە کچێکی وا شـیرینم بـۆ هێنـاوی! بـزانە بە خەوی شـەوانیش خەون بە بە نـازدارێکی واوە دەبینـی! خـۆ هەر دەبێ ڕۆژێک ژن بهێنی.

شەماڵ ڕاپەڕی و دەستی دا بەیەکدا و گوتی: ئای ماڵت کاول بێ، خـۆ کردت بە ڕاست، ئینشائەڵا بۆمی دەهێنی و لێشمی مارە دەکەیت، وەڵا هەمـوو شـتێکت لە دەسـت دێـت، کچـێ دایە قسـەی وا مەکە، ئەو قوڕبەسەرە بۆ دەخەیتە ئەم ئاگرەوە.

دایکی بەدەم خۆکۆکردنەوە و هەستانەوە دەستی دا لە سنگی خۆی و گوتی: خوا یـار بێت، هەموویت بۆ دەکەم، جارێ وا دەچـم دەیهێنم، هەمـوو قسەیەکم لەگەڵ کردووە.

شـەماڵ گـوتی: قسـەت نەهێشـتم، دە بڕۆ دەی حاڵمـان زۆر خۆشـە بـا ئەم قاچاغەشـی بێـتە سـەر، وەکـو دەڵـێن: "گـۆم تـا قـووڵ بێـت مەلەی خۆشە." ڕەحمە خان هەستایە سەر پێ و لە کوڕەکەی نزیک کەوتەوە و گوتی: تازە ئەمشەو لە ماڵی دکتۆر حەسەن دەبین، ئینشائەڵا بەیانی دوای چاخواردنەوە دێین. با کوڕەکانیش هەر وا بزانن ئامۆزامە.

سبەینێ چێشتەنگاو ڕەحمە خان و وەنەوشە گەیشتنە بەردەمی ماڵی شەماڵ. دوای ئەوەی شەوێ هەموو شتێکی لە وەنەوشە ئاگادار کردبوو جگە لە مەسەلەی شووکردن، پووریێ بە شپرزەیی و ترسێکی تێکەڵاو لەم کردەوەی کە دەیکات، لە دەرگای دا، لە دڵی خۆشیدا هەر لە خوا دەپاڕایەوە کە ئەم کارە پڕ مەترسییەی پەشیمانیی لە دوا نەبێت و ئاخری خێر بێت. ئەوەندەی پێ نەچوو کە فەرەیدوون بە سڵەمینەوە دەرگای کردەوە، ڕەحمە خان بە پەلە خۆی و وەنەوشەی هاویشتە ژووریێ و بە زەردەخەنەوە گوتی: ها ڕۆڵە گیان چۆنی؟ میوان ڕادەگرن؟ بەدەم بەرەوژووربوونەوەوە گوتی:
ساحێب خانووەکەشمان تووش بوو، خۆشی و چۆنییەکی گەرمی لەگەڵ کردم، زۆری پێ خۆش بوو، پرسیی کەی هاتووم "منیش گوتم دوو ڕۆژە و ئیتر هەر لێرە دەبم، ناڕۆمەوە."
کە پووریێ لە قسەکانی بووەوە، فەرەیدوون گوتی:
دەفەرمووی میوان ڕادەگرین، ئەریێ بە خوا وای ڕادەگرین هەر وەکو حەپس ناهێڵین بچێتە هیچ کوێی تر، یاخوا بە خێر بێن سەر چاو!
فەرەیدوون سەری سووڕ ما لەو کچە جوانەی کە لەگەڵ ڕەحمە خان بوو، دەبێ کێ بێت.. بەو چاوتروکانە وا سەرنجی ڕاکێشابوو، لە بیری نەدەهات کە شتی وای لە دەوروبەری خۆی دیبێت، بەڵام هێندە بەحورمەت و شەرمن بوو، هەر زوو سەری داخست و کەوتە بەخێرهاتن لەگەڵیان بێ ئەوەی سەیری کەس بکات.
شەماڵیش کە لە ژووری پشتەیوانەکە بوو، کە گوێی لە دەنگیان بوو، هەندێ شڵەژا، دڵی پەلەپەلی کرد، هەستایە سەر پێ و وەک قەزا و بەڵا بەسەریدا بارێن و هیچ دەسەڵاتی خۆلێلادانی نەبێ، چوو بە پیر دایکی و کچەکەوە و بەخێرهاتنی کردن. ڕەحمە خان بۆ ئەوەی لە فەرەیدوونی بگەیەنێت ئەو کچەی لەگەڵیەتی ئامۆزایەتی، ڕووی کردە کوڕەکەی و گوتی:
شەماڵ ئەوە پەریت ناسییەوە؟ تو خوا ماشەڵا لە چاو خۆیدا زوو گەورە نەبووە؟ شەماڵ لە شەرماندا دەمی تێکەڵوپێکەڵ بوو و دوو

سێ منگەمنگی کرد و دیسانەوە بەخێرهاتنی کردن، ڕەحمە خان بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی:
خدری ئامۆزاشم خەریک بوو بێت لەگەڵمان، دوایی ئیشێکی بۆ پەیدا بوو و بە ناچاری وازی هێنا و گوتی قەیناکا، ئەم جارە هەر خۆت و پەری بڕۆن، منیش حەزم کرد پەری بهێنم، تۆزێ ناساغ بوو، گوتم لێرە پیشانی دکتۆری دەدەم.
ماڵەکەی شەماڵ خانوویەکی یەکنهۆمیی قەدیمی بوو، دوو ژووری سەردالانی هەبوو کە پەنجەرەکانیان دەیڕوانییە کۆڵانەکە، لە دالانەکەشەوە دەهاتیتە سەر حەوشێکی چوارگۆشەی تەخت کە بە خشتی سووردایش کرابوو، لە سەرووی حەوشەوە هەیوانێک بوو دوو ژوورەکەی لەسەر بوو، یەکێکی هیی شەماڵ و ئەوی دیکەیان هیی دوو هاوڕێکەی بوو. هەر لە حەوشەکەوە بە سێ چوار پلیکانە دەچووی بۆ ژوورێکی درێژکۆلەی نیوەژێرزەمین کە تایپ و ڕۆنیۆ و یەک دوو مێزی بە کاغەز هەڵچنراوی لێ بوو، ئەملا و ئەولاشیان دوو خانووی ساحێب ماڵەکەیان بوو، یەکێکیان خۆی تێدا بوو، ئەوی دیکەشیان تەختە و دار و خشت و کەلوپەلی بەنایی تێدا دانابوو، بە زۆری دەرگای داخرابوو، دەوروپشتەکەشیان هەموو ماڵی کوڕ و زاوا و خزمی خاوەن موڵکەکە بوو. تێکڕا کۆڵانۆچکەیەکی باش و بێدەنگ و ئەمین بوو و شەماڵ و هاوڕێکانی زۆریان لا خۆش و باش بوو بۆ ئیشەکەیان. لەبەر ئەوەی کەوا ژنیش کەوتە ماڵەکەیان، ئیتر کابرای ساحێب خانوو دڵنیاتر دەبێ. هیچ نەبێ مەترسیی نامێنێت لەسەر خێزان و کچەکانی و ناگوترێ ماڵی هەرزەکاری بێ ژن و ماڵن!
پووری و وەنەوشە ژووری دەستەڕاستی سەر دالانەکەیان کرد بە ژووری خۆیان، ژوورەکە بەڕەیەک و دوو دۆشەکی تێدا ڕاخرابوو، هەریەکەش لە دەرگاکانی بالائاوێنەیەکی پێوە بوو، پووری هەر زوو جانتاکەی خۆی و عەباکەی خستە ناو لەگەڵ عەباکەی وەنەوشە، کە

لەوە زیاتر هیچی دیکەی پێ نەبوو، چونکە لە ماڵەکەی پووریێ بە جلەکانی بەریەوە ڕای کردبوو کە زانیبووی دوو ڕۆژی تر مارەی دەکەن و دەیگوێزنەوە بۆ ئەو کوڕە بێناموسە بەدخووەی هەنەزای پووریێ، کە چەند جار بە سەرخۆشی هاتبوویە سەری و پەلاماری دابوو.

لە پاش ئەم بە ڕۆژێک، وەنەوشە هەر وەک کچەئامۆزای ڕاستەقینەی ڕەحمە خان کەوتە ئیشکردن و چالێنان و سفرەدانان و ماڵپاککردنەوە و خزمەتکردن و ئەو ماڵە ساردوسڕەی گەرموگوڕ و خۆش کرد. شەماڵیش هەر ڕاست وەکو دایکی پێی گوت: "تۆ جاریێ ڕاوەستە، ببینە بزانە هەزار ڕەحمەت لە دایک و باوکم ناکەی." وەها بوو. نەک هەر ئەمە، لە قسەکانی خۆشی زۆر تەریق بووەوە و دڵی گوشرا و ڕقی لە خۆی هەڵسا، دایکیشی ئەوەندەی تر لا خۆشەویستتر و بەنرختر بوو، چونکە بە قسەی ئەمی نەکرد و لە قسەی خۆی نەهاتە خواریێ و ئەم کچە بەسەزمانەی بەرەڵای کۆڵانان نەکرد. زۆر حەقی بوو کە دەیگوت کێ دڵی دێت کچێکی وا بێکەس و بێدەر نەگرێتە خۆی.

جگە لە فەرەیدوون، شەماڵ و هاوڕێیەکی دیکەشی لە خانووەکەدا لەگەڵ بوو کە ناوی کاوە بوو. کوڕی گەڕەک و هاوتەمەن و هاوخەباتیشی بوو، بەڵام ئەو لەبەر دەستکورتیی باوکی، زوو مەکتەبی بەجێ هێشتبوو و خەریکی ئیشکردن بوو لە کارخانەیەکی قوماشدروستکردندا، بە نهێنییش خەریکی خەباتکردن بوو و پەیوەندی بە شەماڵ و ئەوانەوە هەبوو. بە ڕۆژ تا کاوە دەهاتەوە، فەرەیدوون لای شەماڵ دەبوو، ئەوجا دەچوو بە لای خوێندنەکەیەوە کە دەبوو خۆی ئامادە بکات بۆ جامیعە. بەم جۆرە شەماڵ بە ڕۆژ و فەرەیدوون بە شەو و کاوەی لا دەبوو، کاوە پێنج ساڵ لەمان مناڵتر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە کوڕەکان بە حورمەت و پیاو بوون و تاکو پێیان دەکرا، لە سنووری حورمەت و مەردایەتیدا ڕادەوەستان

بەرامبەر بە وەنەوشە، بەڵام هەندێ جار ئەوانیش دەکەوتنە گێژاوەوە، بە تایبەتی کە دەچوونە ناو جێگەکانیان.
کـاوە لە دڵـی خۆیـدا دەیگـوت بە ڕاسـتی ئەم پەریـیە کچـی چـاک و بەشەرم و حەیایە، جوانییەکەشی بێوێنەیە، بەینێکی تـر دەچمە بنج و بنەوانـی، ئەگەر دەسـتگیرانی کەس نەبێت، بزانم بە جۆرێک بیدەم بە گوێی پوورە ڕەحمە خاندا، بەشکم بمداتێ، خۆزگە وا دەبوو.
کاوە بە خەیاڵ داخوازییەکەی ئاسان ئاسـان دەکرد. پـوورێش زۆری لا ئیشـێکی بەجـێ دەبـوو، شـەماڵیش حەزی دەکـرد، تـاوەکو دەکەوتە کڕینی هەندێ کەلوپەل و نوێن و ئەو ژوورەی ئەولایەشی بۆ خۆی و پەری دادەنـا و هەوڵـی شـوێنی تریشـی دەدا، چـونکە نەوەکـا لەبەر هاوڕێکانی زۆر سەربەستیی خۆیان وەرنەگرتایە و شەرمیان بکردایە، لەپڕ کاوە سارد دەبووەوە و دەکەوتە خەیاڵی ترەوە.
کێ ناڵێ کاک شەماڵ بۆ خۆی دای نەنـاوە؟ ئەم نـازەنینە چۆن لە کیس خۆی دەدات، بە تایبەتی کە خزمیش بێت، هەرچەندە قەت باسـی ژنهێنـان و دەسـتگیرانیی لەگەڵ نەکـردووم و وا بـزانم هـیچ شتێکیشـم لـێ ناشارێتەوە، بەڵام کێ ناڵێت ئێستە بیری نەگۆڕیوە کە ئەم جوانەی دیوە؟ ئەوسـا وای زانـی هێشـتا منـاڵە، وەکـو بـاس دەکەن، دەمـێکە ئەم خزمەیـانی نەدیـوە، ئینجـا کـێ ئەمە ببینێ بیـری خـۆی نـاگۆڕێ؟ خـۆ منیش قەت بە خەیاڵمدا نەدەهـات کە تـاوەکو چەنـد سـاڵی تـریش هەر بیر لە ژنهێنـان بکەمەوە، دەردی کـاک شـەماڵ گوتەنی ژنـی چـی لەم زرووفەی ئـێمەدا، بـۆچی ژن و منـاڵی بەسـەزمان تووشـی ئەم وەعە نالەبـارە بکەیـن؟ کـاوە سـەری بـادەدا و لە دڵـی خۆیـدا دەیگـوت وەڵا منیش سەرم لێ شێواوە، نـازانم چـی بڵـێم. بە تووڕەبـوونێکەوە خـۆی هەڵگێـڕایە سـەر لایەکـی تـری و دەیگـوت وەڵا ئەم کـچە خەڵـک کـاس دەکات، دە بڵێ پوورە ڕەحمە خان ئەمە چی بوو بۆت هێناین.
فەرەیدوونیش هەروا مرخی لێ خۆش کردبوو، بە تـایبەتی کە ئەو بە ڕۆژ لە مـاڵ دەبـوو و ئێـواران دەچـووە سـەر دەرسـەکانی. خـۆی زۆر

گورجوگـۆڵ و ڕووخـۆش کردبـوو، هەر بەوەدا دەگەیشـت قسـەی خۆش بۆ جەماعەت بگێڕێتەوە. جاران خەوی قورس بوو، شـەماڵ و کـاوە چەنـد جارێـک دەچـوونە سـەری ئینجـا خەبەری دەبـووەوە و هەڵدەسـا، ئێسـتە لە خـۆیەوە پـێش هەموویـان هەڵدەسـێت بـێ ئەوەی کەس پێـی بڵێت، تـاکو دوو سـێ جـار شـەماڵ پێـدەکەنیی و دەیگـوت ئەوە چییە فەرەیـدوون، دەڵێـی خەوقورسـییەکەت نەمـاوە، ئەویـش بە ڕوویەکـی خۆشـەوە دەیگـوت: "ئەی چـۆن بهـێڵم پـوورم بەو هیلاکییە هەستێت سفرە و بەرچایی حازر بکات و هێشتا من نوستبم! ئەوسا جیا بوو، هەر خۆمان بووین ئێستە پێم عەیبە."
ڕەحمە خـانیش دەکەوتە مەتـح و سـەنای و وەنەوشـەش بە قسـەکانی زەردەخەنە دەیگرت و بە ئەسپایی پێدەکەنیی، لای فەرەیدوون هەمـوو شتێ بڕابووەوە: پوورە ڕەحمە خـان خۆشـی دەوێ و وەنەوشـەش بە قسەکانی دڵخۆش دەبێ و چەند جارێک هەستی کـردووە کە چاویشـی تـێ دەبڕێـت و لەژێـرەوە سـەیری دەکـات. مەعلـووم ئەوە چـووەتە دڵـیەوە. ئەو ڕۆژەش کە دەرگـای لـێ کـردەوە، گـوتی: ئەوە چـی بـوو کاک فەرەیدوون، بۆ ئەوەندەت پێ چوو. عومریشـی لەگەڵ ئەم زۆر دەگـونجێ، ئەو ١٨ سـاڵ دەبێـت و ئەمـیش ٢٥ سـاڵ. وا ئەم خەریـکە دەچێتە جامیعە، ئەگەر وەنەوشە حەزی لەم ژیانەی ئەمـان نەبێ، ئەوا ئەم دەتوانێ بچێت لە شوێنێکی تر لەگەڵی بژی و هەندێ خۆی دوور بخـاتەوە. بەڵام لەژێـرەوە هەر خەبـاتکەرێکی دڵسـۆزی مـیللەتەکەی دەبێ.. چییە، خۆ مەرج نییە هەر لێرە بیت و خەریکی غەزەتەدەرکردن و بەسـتەپێچان بـێ، دەتـوانێ لە شـوێنێکی تـر و لە نـاوچەیەکی تـر یـارمەتی بـدا، خـۆ پـارتی لەو جـۆرە ئیشـانەیـان زۆر هەیە.. جـگە لەمانەش، بە قسەی خەڵکی بەشی خۆم قۆزیشم!
شـەماڵیش هەرچەنـدە دەیبـردە سـەر خـۆی و خـۆی زۆر قـورس و قەمەر گرتبـوو، وەکـو خەبـاتکەرێکی سەرسـەخت هیچـی لە خەیاڵـدا نەبـوو لە کـوردایەتی و نووسـینی بەیاننـامە و سـەروتاری ئـاگرین و

هاندەر و خوێنگەرمکەر زیاتر و هەموو هۆش و دڵی لای ئەو جۆرە ئیشوکارانەی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا جاربەجار بیر و خەیاڵی لایان دەدا و ڕێگەیان لێ تێک دەچوو، هەر ئەوەندەی دەزانی و لە بەر دەرکی ژوورەکەی دایکی و وەنەوشەدا دەسووڕێتەوە (بە ڕاستی دایکم ژنێکی بەویژدان و بەغیرەتە، چۆن گوێی نەدایە قسەی کەس و ئەم کچە باشەی بەرەڵا نەکرد! من چۆنم بیر دەکردەوە؟ خەریک بوو سەری دنیام لێ بێتەوە یەک، لام وابوو دایکم شەیتان و پیاوخۆری گرتووەتە خۆی، نەمزانی ئەم کچە چاکەیە، وای چەند شەرمن و بەحەیایە. هەر کە دایکم هەستێ بۆ ئیشێک، گورج بە بیانووی شتێکەوە هەڵدەسێ و دەڕوات. تۆ سەیری ئەو سەر و پرچە ئاوریشمە جوانەی بکە لە ژێر ئەو سەرپۆشەوە! قەت پرچی وا جوان و درێژم نەدیوە، ئەو ڕۆژەی کە حەوشەکەی دەشت، چاوم لێ بوو خەریک بوو پرچە هۆنراوەکەی دەئاخنییە گیرفانیەوە، ئەی ئەو چاوە کاڵانەی، هەر ڕاست وەکو گۆرانییەکە دەڵێت: دوو نێرگزی بەخومارن! پێکەنینەکەشی زۆر خۆش و سەیرە، دەڵێی شووشە و بلوور دەدرێن بەیەکدا! جاری واش هەبوو کە وەزعەکەی بیر دەکەوتەوە، مێشکی دەشێوا و ترسی ئەوەی لێ دەنیشت کە ئەم حاڵە وا نەمێنێ و ببڕێتەوە وماڵەکەی پێ چۆڵ بکەن.

بیری دەکردەوە لەوەی کە تەگبیرێک لەگەڵ دایکی بکات بۆ ئەوەی کە ئەگەر ئەمان ناچار بوون لێرە بڕۆن، ئەو دەبێ چی بکات و وەنەوشە چی لێ بکات و ئاخۆ لە سلێمانی نیناسرێتەوە کێیە. هەندێ جار دەهاتە سەر ئەوەش کە دایکی بانگ بکات و لەم بارەیەوە تەگبیرێکی لەگەڵ بکات. دوایی دەیگوت: نە بابە، دایکم خۆی ژنێکی ئاقڵ و شارەزایە و دەزانێ لە وەختی وادا چی بکات، ئەگەر ئەم پێی بڵێ، دوور نییە لە دڵی خۆیدا بڵێت ئەمە کوڕەکە بوو کە خەریک بوو بمکا بە کێودا کە چۆن ئەو کچەم گرتووەتە خۆم، کەچی ئێستەش جارێ بەر لە هەموو شتێ خەمی ئەوەیەتی کە چۆن ئاگام لێی بێت. لەپڕ

شەماڵ دڵی داخورپا کە دەهات بە خەیاڵیدا نەکا دایکی کە چووەوە، لە ترسی ئەوەی نەوەکو بە هۆی ئەوەوە تووشی بەڵایەک ببێ، بچێت شوویەکی بۆ بدۆزێتەوە و لە کۆڵی خۆی بکاتەوە! دەستی خۆی دەگوشی و بە نارەحەتییەکەوە دەیگوت: بڵێم چی؟ هەموو شتێک ڕێی تێ دەچێ، باشە ئێستە من چی بکەم؟ بڵێم دایە وریا بە وەنەوشە نەدەی بە کەس بۆ منی هەڵگرە؟ کەس خراپ بۆ خۆی ناڵێت، ئینجا کێ دەڵێ کچەکە منی بە دڵە و بەم ژیانە سەختە ڕازییە؟ با بزانم هەرچۆنێک بێ، دەبێ قسەیەک لەگەڵ دایکم بکەم و باسێکی وەزعەکەی بۆ بکەم، بزانم ئەو چی دەڵێت.

وەنەوشە گەشابووەوە و لەگەڵ پوورە ڕەحمە خان شەوان تا درەنگ بۆ خۆیان دادەنیشتن و قسەیان دەکرد. یەکەم جار بوو کە ژیانی لا خۆش بێ و پڕ بە دڵ پێبکەنێ، بەو ماوە کەمە فێری هەندێ لە کارە خەباتییەکانی کوڕەکانیش بووبوو و حەزیشی لێ دەکرد و لە خواشی دەویست کە یارمەتییان بدات: بە تایبەتی پاش ئەوەی کە جارێک کوڕەکان لەوێ نەبوون و شەماڵ دەبوو چەند بەستە بەیاننامە و غەزەتە حازر بکات بۆ دکتۆر حەسەن کە دەبوو ئێوارە بێت بیبات، بۆیە بە ناچاری شەماڵ بانگی دەکات کە یارمەتیی بدات تا لاپەرەکان بخەنە سەر یەک و ڕێکیان بخەن و جیا جیا بیانپێچنەوە، پاش ئەمە جاروبار لە کاتی تەنگانەدا شەماڵ ئەم جۆرە کارانەی پێ دەسپێرێ و ناوبەناویش لە وەرامی پرسیاری ئەمدا باسی فرمانەکەیان و کوردایەتییشی بۆ دەکات کە ئەمە کارێکی زۆر دەخاتە سەر بیرکردنەوەی و بە شەو کە دەچووە سەر جێگەکەی، دەکەوتە گۆمی خەیاڵی خۆشەوە:

خوای گەورە زۆر سوپاست دەکەم کەوا ئەجرت دامەوە و تووشی ئەم خەڵکە باشەت کردم. ئێستە مردنیشم لەگەڵ ئەوان شایییە، ئەوە خەڵکی وەکو ئەمانە ئازا و وڵاتپەرست هەیە و هیی وەک ئەو پیسە خوێنمژانەی تریش هەیە؟ ئەمانە چۆن دەژین و چۆن ڕۆحیان لە

سەر لەپی دەستیانە، هەموو دەقیقەیەک لەوانەیە بگیرێن و بکوژرێن، کەچی وەکو ئەو هیچوپووچانەش هەیە کە هەر خەریکی بێناموسی و ڕاوڕووتی خەڵکی هەژارن، خاک و میللەت و پیاوەتی و ئابڕوو و ناموس لای ئەوان هەمووی هەر یاری و دینار لەسەر یەک دانانە، ئامادەن بۆ دەستکەوتی خۆیان هەموو سەرشۆڕییەک قبووڵ بکەن و ببن بە کوتەکی دەستی حکومەت لە چەوساندنەوە و گرتن و کوشتنی خەڵکدا.

خۆی هەڵدەگێڕایەوە سەر لایەکی تر و بە ڕق و قینێکەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئاخ، بە دەستم بوایە خۆم دەمزانی ئەو ناپیاوانەم چی لێ دەکرد! بەڵام بۆ کوێ دەچن قوڕ بە سەریان، ڕۆژیان هەر دێت، ئینشائەڵا ئەو ڕۆژە دێت کە ئەو ماڵ و خانوو و دەستکەوتانەیان بە میرات کەوێ و لە قەبرەکەشدا هەر سەرشۆڕ بن.. زەردەخەنەیەک دەیگرت و دەیگوت: قەبری چی؟ قەبریشیان پێ حەرامە، ئینشائەڵا هەر سەگ لاشەکەیان دەخوات!

هەفتەیەکی مابوو کە سێ مانگی مۆڵەتی کابرای ساحێب خانوو تەواو ببێ، پاشنیوەڕۆیەک ڕەحمە خان و وەنەوشە لە ژووری خۆیان دانیشتبوون و شەماڵ خەریکی نووسین بوو، کوڕەکانیش لە ماڵ نەبوون کە بە پەلە و قاییم لە دەرگایان درا. پووری ڕاپەڕی و بێدەنگ چوو بە ترسێکەوە و بە ئەسپایی کردیەوە و سەری لە سووچی دەرگاکەوە دەرهێنا بزانێ کێیە. کە دیی کوڕەکەی ساحێب خانووەکەیە، ڕووی خۆی خۆش کرد و سەلامی لە کوڕەکە کرد و گوتی: فەرموو فەرموو بە خێر هاتی.

کوڕەکە بە پەلە و شڵەژاوییەوە گوتی: سوپاست دەکەم ئیشم هەیە، باوکم دەڵێت بە پەلە دکتۆر حەسەن یا یەکێک بێنن بۆ لای، ئیشی هەیە پێتان، پووری دڵی داخورپا و گوتی: باشە وا دەچم پێیان دەڵێم. کوڕەکە ڕۆیشت و ئەمیش بە پەلە خۆی گەیاندە لای شەماڵ کە ئەویش لە جۆری لێدانی دەرگاکە نەختێ شڵەژابوو، چونکە کوڕەکان

لێـدانێکی تایبەتیـان هەبـوو تـاکو لە بێگـانە جیـا بکـرێنەوە. بـۆیە هەستابوویە سەر پێ و لە پەنجەرەکەوە سـەیری حەوشـەکەی دەکرد و کە دایکی دیت، چوو بە پیرییەوە و پرسـیی: چی بوو دایە؟ خێرە؟ دایکیشی بە شپرزەییەکەوە گوتی:

وەڵا کوڕم، کوڕی ساحێب خانووەکە بوو، دەیگوت هەر ئێستە دکتۆر حەسـەن یـا یەکێکیـان بـگەنە لای بـاوکم. شـەماڵ دەسـتی بە سـەر و لاملـی خۆیـدا هێنـا و بە دەسـتەپاچەیی گـوتی: ئینجـا چـی بکەیـن؟ کوڕەکان کەسیان لە ماڵ نین.

دایکـی گـوتی: خـۆم دەچـم بـزانم چـی بـووە. شـەماڵ بەدەم زەردەخەنەیەکی کاڵەوە سەری بۆ لەقاند و گوتی:

باشە، بچۆ بزانە.

ڕەحمە خان بە پەرۆشییەکەوە چوو پەلاماری عەباکەی دا و گەڕایەوە لای کوڕەکەی و بە کەساسییەکەوە گوتی:

بە خـوا شـتێک هەر هەیە! ئیتـر ڕانەوەسـتا تـا شـەماڵ قسـەیەک بکـا، گەڕایەوە حەوشـەکە بـڕوات و لەبەر خـۆیەوە دەیگـوت چـی بـکەم؟ کوڕەکانیش نەهاتنەوە، ئاوڕێکی لە وەنەوشـە دایەوە، کە ئەویش دڵـی داخورپابوو و گوتی:

هیچ نییە کچم، ئینشائەڵا خێر دەبێ و لێی دا ڕۆیشت.

ئەوەنـدەی پـێ نەچـوو گەڕایەوە مـاڵێ، بە ڕەنگێکـی هەڵبزڕکـاو و شـپرزەییەوە و بە هەڵەداوان گەیشـتە لای کـوڕەکەی و گـوتی: کـابرا هەر نیوەمردوو بووبوو، دەیگوت حاکمێکی ئاشنام جوابی بۆ ناردووم کە سبەینێ دێن یەکێک لە خانووەکانت دەپشکنن، دەڵێن چەند کوڕێکی قاچاغ و فیراری تیایە، ڕەحمە خـان تفەکەی قوت دا و گـوتی: یەعنـی ئێمە و پێشـی گوتـووە کە ئەو فەرمـانەکەی خەوانـدووە خسـتوویەتییە سـبەینێ، بـۆ ئەوەی بەم بڵـێ، ئەگینـا ئەوان ویسـتوویانە ئـەمڕۆ بـێن، ڕەحمە خـان دەسـتی هەگڵوفت و لێوی لەرزی و چاوی زەق ببـوو لە ترساندا، بە کەساسییەکەوە سەیرێکی کوڕەکەی خۆی کرد کە ئەویش

تێک چووبوو، کوڕەکەی گوتی دەتوانی بگەیتە لای دکتۆر حەسەن. چارمان نییە، دەبێ بڕۆیت و کوڕەکانیش بە ئیش ڕۆیشتوون. شەماڵ لەبەر دایکی هەندێ خۆی بێباک پیشان دا و گوتی مەترسە، ئەمە چەند ڕۆژە هەر وردەوردە کەلوپەلەکانمان سووک کردووە. تەنیا ئەم ڕۆنیۆ و تایپە ماوە. ئەویش مادام ئەمشەو کەس نایەت، هەر ئێستە دکتۆر حەسەن عیلاجیان دەکات. خۆت نارەحەت مەکە، ئینشائەڵا هیچ نابێت.

شەماڵ قسەکەی تەواو کرد و ڕووی کردە دایکی و بە ئەسپایی گوتی خۆت مەشڵەژێنە، گوناحە لەبەر ئەو کچە با نەترسێت. ڕەحمە خان هاتەوە بەر خۆی و وەنەوشەی بیر کەوتەوە و گوتی وەڵا ڕاست دەکەیت، ئەوم هەر بیر نەما لە تاواندا، دەڵێی چی با بیبەم بۆ ماڵی دکتۆر حەسەن یا ماڵی شەرمن، با ئەمشەو لەوێ بێت تاکو عیلاجێکی خۆمان دەکەین.

شەماڵ گوتی تۆ چۆن دەزانی وا بکە، بەڵام وا بزانم هەر لەگەڵ خۆت بێت باشترە، حەز دەکەیت تۆش ئەمشەو مەیەرەوە.

دایکی کێشای بە سنگی خۆیدا و گوتی ئەیەڕۆ ئێوە لە ناو ئەم ئاگرەدا بەجێ بهێڵم و خۆم بڕۆم لە شوێنێکی تر بە ئیسراحەت بنووم؟ ڕەحمە خان بە زەردەخەنەیەکی کاڵەوە گوتی: ئۆهـ خەو و ئیسراحەتی مەرگم بێت.

ڕەحمە خان خۆی گورج کردەوە و گوتی: با بڕۆم تا زووە.

چوو بەرەو دەرگا، لە حەوشە تووشی وەنەوشە بوو کە ئەویش بە شپرزەییەوە خۆی بە دوو سێ قاپەوە خەڵەفاندبوو، کە گوایا دەیانبات بیانشوات، پووری بە پەلە گوتی: بەقوربان، من دەبێ هەر ئێستە بە پەلە بڕۆم بەدوای دکتۆر حەسەندا، وەزع باش نییە، لەوانەیە ئێستە بێن ئێرە بگەڕێن، دەڵێم وەرە با بتبەم بۆ ماڵی ئەوان با لێرە نەبیت. وەنەوشە سەیرێکی کرد، بە چاوێکی پڕ دڵسۆزی و پەرۆشەوە گوتی:

من بێم؟ به خوا هەنگاوم نایەت، گوایه من له کاک شەماڵ و ئێوه زیاترم؟ ئینجا من ژیانم بۆچییه بێ ئێوه، شەماڵ هات به دەنگیانەوه و گوتی:
دایکم ڕاست دەکات، نەوەکا ئەو سەگبابانه بێن، با ئێوه تووش نەبن لەگەڵ دایکم.
وەنەوشه گوتی: جارێ من ناڕۆم تا دکتۆر حەسەن دێت، ڕەحمه خانیش به پەله لێی دا ڕۆیشت. ئەمه یەکەم جار بوو شەماڵ و وەنەوشه به تەنیا له ماڵ بمێننەوه، شەماڵ به شپرزەیی دەهات و دەچوو، خەریکی کاغەز و ماغەزەکانی بوو، وەنەوشەش چووه ژوورەکەی خۆی.
له پاش چەند دەقیقەیەک وەنەوشه بیری کردەوه و لەبەر خۆیەوه گوتی:
دەڵێی چی بڕۆم بڵێم کاک شەماڵ هیچ یارمەتییەکت ناوێ؟ بۆ شتەکانت بۆ کۆ نەکەمەوه؟ نا عەیبه، نەکو بڵێ دایکم و کەس لێره نییه حەز نەکات خۆیم لێ نزیک بکاتەوه، نا نا ناچم، ئەو چۆن وا شپرزه به تەنیا خەریک بێت و منیش وا بێباک دانیشم بێئیش و بێکار.. با بچم بزانم.. نا ناچم، ڕووم نایه.
شەماڵیش له دڵی خۆیدا دەیگوت:
بزانه چەند کچێکی دڵسۆز و ئازایه، هەر نەترسا و به خەیاڵیدا نەهات، دەڵێی چی بانگی بکەم ئەم شتانەم لەگەڵ کۆ بکاتەوه، با زوو حازریان بکەین.. نا، دەترسم خراپ تێ بگات.. ڕەنگه بشڵێ ئەمەی کردووه به بیانوو، کەس له ماڵەوه نییه تاکو بچم بۆ لای.. نه بابه، دەزانێ وەزعەکەمان چۆنه، چۆن وا دەڵێت؟ هیچ نەبێ با پێی بڵێم با بێت چایەکمان بۆ لێ بنێت.. نا، ئەوەش قسەیەکی زۆر بەجێ نییه، ئەوەته هێشتا چایەکەمان هەڵنەگیراوه.. ئەی چی بڵێم؟
تا ڕەحمه خان چووه ماڵی دکتۆر حەسەن و ناردی بەدوویدا بگەڕێن و گەڕایەوه ماڵی خۆیان که به کوڕەکەی بڵێن جێ نەماوه نەگەڕێن

بۆی دکتۆریـان نەدۆزیـوەتەوە، سـەیر دەکـا ژووری ڕۆنیـۆکە دەرکـی لەسەر پشتە و هیچی تێدا نییە، شەماڵیش حازر و ئامادە ڕاوەستاوە..
ڕەحمە خان کە ئەمەی دی، بە سەرسووڕمانەوە پرسیی:
چیتان کرد؟ ئەوە چییە ئەی کەلوپەلەکان کوان؟
کوڕەکەی بە چرپە گوتی: خەمت نەبێ، هەمووی جێبەجێ بوو، خوا وا ئاسانی کرد کە بە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەیەت، ئێستە دەبێ بڕۆم، بەڵام تۆ و کاوە و پەری تا سێ ڕۆژی تر دەبێ لێرە بن، ئەوسا بە تەواوی چۆڵی بکەن، دایکی واقی وڕ ما و سەیری دەمی کوڕەکەی دەکرد کە ئەوە چی دەڵێت و ئەو مەکینە زلە و ئەو کەلوپەلە زۆرە چییان لێ هات؟ ئەو ژوورە چۆن وا ڕێک خرایەوە و حەسیری تێدا ڕاخـرا و قەرەوێڵەی تێدا دانـرا، شـەماڵ ویسـتی دایکـی لەم سەرسووڕمانە ڕزگار بکات و باسێکی بۆ گێڕایەوە و گوتی:
هەر دوای تـۆ بە تۆزێـک دکتـۆر حەسـەن کـردی بە ماڵـدا و گـوتی کابرای خاوەن ماڵ ناردوویە بەدوایدا و مەسەلەکەی بۆ گێراوەتەوە. ئەمیش چاری نەماوە و هەموو شتێکی بۆ گێڕاوەتەوە و نەختێک بـووە بە دەمەقاڵێیـان. بەمیشـی گوتـووە مـن بـاوەڕم پـێ کـردی و خانووم دایتێ کەچی تۆش خەریکی ماڵم کاول دەکەیت و خەڵک و شتی وا دەخەیتە خانووەکەوە.
دڵـم هەر زوو خەبەری دابـوو دکتـۆریش کەوتـووەتە مەدحـی و گوتوویەتی ئاخر دەمزانی تۆ پیاوی چاکی و بەغیرەتی، لەژێرەوە چەند یارمەتیی خەڵکی بێتاوان دەدەیت، بۆیە منیش هانام بۆ تۆ هێنا و ئینشائەڵا قەتیش تووشی هیچ نابیت. ئێستەش بزانم چۆن دەتوانی یارمەتیمـان بـدەی بـۆ ئەو شـتانە. کـوڕەکەش کە دەڕوات و ئیتـر نایەتەوە و ئەوانی دیکەش دەڕۆن. کابرا گوتبووی با ژن و کوڕەکەی کە لە شەریکە ئیش دەکات، تا سبەینێ لەوێ بمێننەوە. بۆیە کە هاتن، دەڵێن ئەوە ماڵەکە کوان دەبێ ڕایان کردبێ، یاخود دەترسم "ئەمن" خانووەکە بخەنە ژێر چاودێرییەوە و ئەوەندەی تر یەخەی من بگرن،

دکتـۆریش بەمە ڕازی دەبـێ، پیـاوەکەش مەردانە ڕۆنیـۆ و تایـپ و شـتەکانی بـرد و لە شـوێنێک بۆمـان دادەنـێ، بەڵام زۆر پاڕاوەتەوە بە زووتـرین کـات شـتەکان بگـوێزینەوە لەو شـوێنە و خانووەکەشـی بـۆ چۆڵ بکەین، ڕەحمە خان لە خۆشیاندا خەریک بوو گەشکە بکات.

دوای ئەمە شەماڵ دەستی کردە ملی و بردییە ژوورەوە چەند قسـەیەکی لەگەڵ کرد، هات خواحافیزییشی لە وەنەوشە کرد و لەگەڵ فەرەیدوون و دکتـۆر حەسـەن دەسـتی یەکتریـان گـرت و لە مـاڵ چـوونە دەرێ، بەڵام نەک لە دەرکی حەوشەوە وەکو جاران، بەڵکو لە پەنجەرەیەکی گەورەی بە دوو تەختەی گەورە گیراوی سەر هەیوانەکەی هەمان حەوشەی مـاڵی کوڕی ساحێب خانووەکەیان کە کەوتبووە پشت مـاڵەکەی ئەمـانەوە. هەر کە مستێکیان لێ دا، کوڕەکە بۆی خستنە سەر گازی پشت، تومەز بەر لە بەکرێدانی خـانووەکەی ئەمـانی تیـان، ئەو دەرگایەیـان وا لـێ کـردووە و کلیل و کێلونیان خستووەتە سـەر دیـوی خۆیـان، نیازیش لە بەکارهێنـانی ئەم دەرگـا نهێنییەی کە ئەمـان هەر بە پەنجەرەیەکـی گیراویـان دەزانـی، ئەوە بـوو کەس نەیانبینێـت کە دەڕۆن، نەوەکـا خانووەکەیـان لەژێـر چاودێریی ئەمندا بێت، چونکە دەرکی مـاڵی کوڕەکەیان کەوتبووە سـەر کۆڵانێکی تر.

ڕەحمە خان و وەنەوشە لە ماڵەکە مانەوە. بەڵام دڵیان هەر لە مەراقی شـەماڵدا بوو، نەوەکا لەو ڕێ و بانە تووشی شتێ ببێ، بە تـایبەت لەو ڕۆژانەدا حکـومەت کەوتبـووە خـۆی و بە چەپ و ڕاسـت خەڵکـی دەگـرت و دەیخسـتنە ژێـر ئەشـکەنجە و ئـازارەوە و تـا مـاوەیەک بێسەروشـوێنی دەکـردن، بە تـایبەت ئەوانەی چەنـد ڕۆژ لەوەپـێش گیرابوون و هەر زوو سێ چوار کەسیشی لێ هەڵواسیبوون، لەگەڵ ئەمەشـدا ڕەحمە خـان دڵخۆشـیی خۆشـی دەدایەوە کە خـوا چۆن ئەو ڕەحـم و غیـرەتەی خسـتە دڵـی خـاوەن ماڵەکەیـانەوە لەو هەمـوو کەلوپەلە پڕ مەترسییە ڕزگـاری کـردن، بەس نەبـوو لەناکـاو نەیانـدا بەسەریاندا، ئینجا ئەوسا چییان دەکرد، هیچ گومـانی تێدا نییە بەبێ

سیَ و دوو ئەمانیشیان دەکرد بە دارا، بۆیە لە دڵی خۆیدا شوکری خوای دەکرد و دووعای بۆ خاوەن ماڵەکەیان دەکرد.
ئەوەندەی پیَ نەچوو کاوەش هاتەوە. بۆ خۆیان کز و مات و دەست لە سەر دڵ دانیشتن. هەرکەسیان شتێکی دەگێڕایەوە و لەوەوە دەهاتە سەر کابرای ساحێب خانوو کە چەند پیاو دەرچوو، ئینجا دەکەوتنە سەر باسی سبەینیَ کە چی بڵێن بەوانەی دێن بۆ ماڵپشکنینەکە، ڕەحمە خان دەستێکی بە دەموچاوی خۆیدا هێنا و سەیرێکی ئاسمانی کرد و گوتی:
ئۆهـ خوایە ماڵت ئاوا بیَ، بەس نەبوو.. ئەو ئەمەی گوت و تەپەتەپ لە سەربانەکەوە پەیدا بوو و ترپەترپ دەستی پیَ کرد. ئەمانیش بە حەپەساوی سەیری یەکتریان دەکرد کە ئەمە چی بیَ؟ لێرەدا بە توندی درا لە دەرگاکەیان و کاوە بە هەڵەداوان چوو کردیەوە. ورووژمی پۆلیس و قومەیسەر و مەعاون کردیان بە ماڵدا. کاوەش خۆی گێل کرد و هەر دەیگوت: ئەوە چییە؟ ماڵی کێتان دەوێت؟ چییە چی قەوماوە؟ یەکیَ لە پۆلیسەکان پاڵێکی پێوە نا و گوتی:
تۆ چەنەچەن مەکە، هاتووین ئەم ماڵە بپشکنین، کاوە کە دیی پۆلیسەکان بەربوونەتە ماڵەکە و هیچیان بەسەر هیچەوە نەهێشت، لە دەرەوەش دەوری ئەو کۆلان و ماڵانەیان داوە و سەربانیشیان پڕ کردووە و بە حەپەساوی هەر سەیری دەکردن تا قومەیسەرێک لە خەیاڵی دا و بانگی کرد:
کورە وەرە بزانم ئەمە ماڵی تۆیە؟
کاوە لەسەرخۆ گوتی: بەڵیَ.
کابرای قومەیسەر نەختیَ بە توندی لێی پرسی: ئیشت؟
لە شەریکەی غەسل و نەسیج ئیش دەکەم. لەگەڵ قسەکەیدا هەویەکەشی بۆ دەرهێنا.
معاون و پۆلیسەکان لە پاش پشکنینێکی زۆر بە ناهومێدی لە ژوورەکان هاتنە دەریَ و دەوری کاوە و پووریَ و وەنەوشەیان دا.

معاونەکە ڕووی کردە کاوە و دەستی بۆ ڕەحمە خان درێژ کرد و گوتی: ئەم ژنە دایکتە؟
ئەویش گوتی: نەخێر پوورمە، خوشکی باوکمە، ئینجا دەستی بۆ وەنەوشە ڕاکێشا و گوتی: ئەی ئەمە کێیە؟ ژنتە؟
نەخێر پوورزامە، بەڵام کاوە بەو حاڵەشەوە کە تێیدا بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی خۆزگە وا دەبوو.
یەکێ لە قومەیسەرەکان لە حەوشەوە هاواری لە پۆلیسەکانی سەربان کرد. ئەوانیش داڕژانە حەوشەکە و ملی ڕێیان گرت کە بڕۆن.
کاوە لە دوویانەوە دەڕۆیشت کە دەرگاکە دابخاتەوە، یەکێک لە قومەیسەرەکان لێی نزیک بووەوە و گوتی:
ئەرێ ئەم ماڵەت بۆ وا ڕەق و تەقە؟ خۆ لە دوو سێ کورسی و قەرەوێڵەیەک و دوو دۆشەک سەرین و کەمێ قاپ و قاچاغ زیاتر هیچی دیکەی تێدا نییە؟ کاوە بە زەردەخەنەیەکی دەستکردەوە سەلامێکی بۆ کرد و گوتی: ئاخر قوربان (سەیدی) نۆماڵم، چەند مانگێکە خەریکی ماڵپێکەوەنانم، بۆیە واش تێک چووم و سەرم لێ شێوا کە ئێوەم دی کردتان بە ژووردا.. من و شتی وا؟
ڕەحمە خان و وەنەوشە چاویان زەق بووبوو، زمانیان لە کار کەوتبوو و وەک جوولەکەکەی زرێباریان لێ هاتبوو، لە ترسی ئەوەی کەوا هەمووی سەعاتێک نەبوو کە شەماڵ خۆی و ئەو هەموو کەلوپەلە خەتەرە لە ماڵەکەی نەمابوون و بە قسەی حاکمی ئاشنای ساحێب خانووش دەبوو سبەینێ بێن بۆ پشکنینی. کەچی ئەمان لەم کاتەدا دایان بە سەریاندا. بۆیە تا بەینێکیش دوای ڕۆیشتنی پۆلیسەکان ئەوان هەر نەهاتبوونەوە سەر خۆیان.
وەنەوشە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: باش بوو وا توند عەباکەم لە خۆمەوە پێچابووەوە، کێ دەڵێ ئەو هەموو پۆلیس و ئەمنانە ئاشنای ئەو بێناموسانەی مێردی پوورم و کوڕەکەی نین، لە پاشان گاڵتەی بە ئەقڵی خۆی دەکرد، دەیگوت ئینجا کێ منی دیوە تاکو بمناسێتەوە؟

جـا وەنەبـیَ کە ترسـی پـۆلیس و ئەمـن هەر کـاری لەمـان کردبێـت، سـاحێب خانووەکەشـیان زەنـدەقی چووبـوو و خزابـووە ژوورەکەی و هەر بەوەدا دەگەیشـت کە بە کـوڕەکەی بڵێـت: ئـا بـزانە پۆلیســەکان ڕۆیشـتن یـان نە؟ دەیکێشـا بە ئەژنـۆی خۆیدا و دەیگـوت: مـاڵی کـاول کـردم ئەم دکتـۆر حەسـەنە، خـوا مـاڵی کـاول بکـات، ئەگینـا مـن چـۆن خـانوو دەدەم بە خەڵکـی وا؟ لەپـڕ دڵـی دادەخورپـا دەیگـوت: ئێسـتە نەکەن بڵـێن بـا ئەم خـانەش بگەڕێـین؟ ئینجـا چـی بکەم، ئـای لە ڕێـی خــوادا.. هەڵدەســا و بە شــپرزەیی کــوڕەکەی بانــگ دەکــردەوە و بە پەرۆشــییەوە دەیچرپانــد بە گوێیــدا: ئــا بــزانە کەس نەچــووە بە لای خانەکەوە؟

جـار دادەنیشـت، جـار هەڵدەسـایەوە سـەر پـیَ، هـیچ جێـی بە خـۆی نەدەگـرت. تــاکو مژدەیــان دایە کەوا پۆلیســەکان بە دەســتی بەتــاڵ گەڕانەوە، ئەم نیوەڕۆح بووبوو.

دوای ڕۆیشتنی پۆلیسـەکان بە نیوسـەعات، کـاوە ڕووی کـردە ڕەحـمە خان و گوتی:

پووریَ گیان نازانم بچم سـەرێکی ئەو لایە بدەم؟ دەڵێی چـی؟ دڵیشـم نایەت بە تەنیا جێت بهێڵم. ڕەحمە خان گوتی: وەڵا دڵت بیَ بەقوربـان، ئێمە چیمان لیَ دێت؟ وا ئەم جارەش خوا پاراستینی. ماڵی ئـاوا بیَ وا نەبـوایە دەبـوو ئێسـتە، پووریَ کوتـای بە سـنگیدا و گـوتی: دەی خـوا تۆبە ناوێرم هەر بیریشی لیَ بکەمەوە کە چیمان بەسەر دەهات ئەگەر سـەعاتێک لەوەوپـێش ئەو سـەگبابانە بهاتنایەتـە سـەرمان، ئینجـا بە زەردەخەنەیەکی کاڵی ژاکاوەوە کە هێشتا پریشکی تـرس و شـپرزەیی پێوە مابوو، گوتی:

برۆ بـاوکەکەم لە پەنـای خـوادا بیت، قسـەکەی وەک پـاڕانەوەیەک لـیَ کرد و گوتی:

- بزانە بەشـکم ئەمە خـوایە هەواڵێکی کوڕەکانیش بزانیت چییـان لـیَ هات؟ گەیشتنە کویَ؟

-خەمت نەبێ، منیش زۆری لەبەر ئەوە دەمەوێ بڕۆم.
کاوە لێی دا و ڕۆیشت، ڕەحمە خان و وەنەوشەش خێرا دەرگاکەیان داخست و گەڕانەوە بچنە ژوورەکەیان، وەنەوشە ڕاوەستا و گوتی: پووری گیان با بچم چایەک لێ بنێم و پاروویەک شتێکیشت بۆ بێنم. ئیتر دەبێ دڵمان خۆش بێت و هەر شوکری خوا بکەین؟
ڕەحمە خان گوتی:
- ئەرێ وەڵا کچم هەتا ماوین هەر دەبێ شوکری خوا بکەین.. دە باشە ڕاست دەکەی، خۆ بەبێ شێو سەرنانێینەوە؟
وەنەوشە بە زەردەخەنەیکی خۆشەوە گوتی:
- بۆچی ئەمڕۆ ئێمە خۆمان لە بیر مابوو تا نان و شیومان لە بیر بێت؟
دوای نان و چا و شیوکردن کەلوپەلەکەیان کۆ کردەوە و بۆ خۆیان لە سەر جێگەکانیان دانیشتن و کەوتنە باس. پووری دەیگوت و وەنەوشە بۆی تەواو دەکرد، لە بەینی قسەکانیشیاندا لەپڕ پووری گوتی:
- یا ڕەسولەڵا کاوە بێتەوە و خەبەرێکی خۆشی پێ بێت.
وەنەوشەش دەیگوت:
- دەی لەسەر خوا، ئینشائەڵا بە سەلامەتی نەجاتی بووە و ئێستە گەیشتووەتە شوێنێکی ئەمین و باش.
پاش نەختێ بێدەنگی، وەنەوشە بە دڵسۆزی و پەرۆشەوە سەیرێکی ڕەحمە خانی کرد و گوتی:
- پووری گیان ئەوە لە کەیەوە کاک شەماڵ و ئێوە حاڵتان وایە؟ خوا فرسەتتان بدات، بە ڕاستی ئەم وەزعە غیرەت و جەرگی دەوێت و بە هەموو کەس ناکرێ.
پووری بە زەردەخەنەیەکەوە سەری ڕاوەشاند و گوتی:
- ئەگەر باست بۆ دەکەم، هەر سەرت سووڕ دەمێنێ و دەڵێیت چۆن تا ئێستە ماوی و چۆن بەرگەی ئەم هەموو دڵەخورپێ و

نارەحەتییەت گرتووە. ئینجا سەرینەکەی هەڵپەسارد بە دیوارەکەوە و پاڵی دایەوە، قاچی درێژ کرد و بە پەتووەکە دای پۆشی و گوتی:
- دەزانی من لە کەیەوە حاڵم وایە؟ هێشتا شەماڵ و مناڵەکانی تر بچووک بوون.
وەنەوشە بە سەرسوورمانەوە گوتی:
- چۆن لەوساوە؟ پووریێ سەری بۆ لەقاند و گوتی:
- ئەرێ بە خوا لەوساوە!
وەنەوشە بە پەرۆشەوە پرسیی:
- چۆن پووریێ گیان، بۆچی ئەوساش هەر وەزع وابوو؟ خەڵک کوردایەتییان دەکرد؟
- ئەی چۆن کچم، ساڵەهای ساڵە کورد هەر ئەمە حاڵیەتی. چەندەها چار ڕاپەڕیون لەو حکومەتە ڕەگەزپەرستە خراپانەیان و چەندەها خەباتکەری کوردی قارەمان لە سێدارە دراون، جگە لە هەزاران شەهید کە لە مەیدانی شەڕدا کوژراون! منیش لە زەمانی باوکی حەمەوە ئەمە حاڵمە تا ئێستە. باوکی حەمە موعەلیم بوو لە سلێمانی، پۆلیس گرِی خستبووە ژێری گوایە کوردایەتی دەکا. لە هەلێکدا لەگەڵ چەند کەسێکی تردا گرتیانن. لە پاشان بە هەوڵ و تەقەلای وەزیرێکی کوردی خزمی یەکێ لە گیراوەکان هەموویان بەردران و گەڕانەوە شوێنی خۆیان، بەڵام پاش چەند مانگێک لەسەر ڕاپۆرتی پۆلیس باوکی حەمەیان هەڵدایە یەکێ لە شارە بچووکەکانی خوارووی عێراق. ئەوسا مناڵەکانم ورد بوون. دە ساڵ زیاتر لەو شار و دێهاتانەی خوارووی عێراق ماینەوە وەک دوورخراوەکان، ئەی نابینی عەرەبییەکی باش دەزانین.
وەنەوشە کە بە دڵ گوێی بۆ شل کردبوو و هەموو خەیاڵی لای قسەکانی بوو، سەری بۆ لەقاند و گوتی:
- دەڵێم چۆن پووریێ گیان وا بە عەرەبی قسە دەکات.

ماوەیەک بێدەنگ مانەوە. پووریّ دەستی برد بۆ گیرفانی بەرباخەڵی و تەسبیحەکەی دەرهێنا و بێدەنگ کەوتە ژماردنی دەنک. وەنەوشە چاوی بڕیبووە دەستی، دیی پووریّ وا توند دەست لە سەر دەنکە تەسبیحەکان گیر دەکا، لەوانەیە تەسبیحەکە بپچڕێنێتەوە، هەر دەتگوت دەیویست داخی نارەحەتیی مێشک و دەروون و مەراقی خۆی بە دەنکە تەسبیحەکان بڕێژێت. وەنەوشە ویستی لەو خەیاڵانە ڕزگاری بکات، بۆیە گوتی:

– ئەریّ پووریّ گیان پێم ناڵێیت ئەو تەسبیحەت بۆ لا ئەوەندە نازدارە؟

پووریّ وەک لە خەو ڕاست کرابێتەوە، بە زەردەخەنەیەکی پڕ تەریقییەوە گوتی:

– ئەم تەسبیحە دەڵێی گیانە؟

وەنەوشە سەرێکی بۆ لەقاند و ئەویش تەسبیحەکەی گرمۆڵە کرد لە ناو هەردوو لەپی دەستیدا هەڵی گلۆفت، ئینجا بۆنێکی کرد و بۆ وەنەوشەی ڕاگرت و گوتی:

– بۆنی بکە بزانە چۆنە؟

وەنەوشەش بۆنی کرد و گوتی:

– وەی کە بۆنی خۆشە! ئەمە چییە پووریّ گیان؟

پووریّ بە زەردەخەنەیەکی بێتینەوە گوتی:

– ئەمە لە داری عود کراوە، زۆر کۆنە، هیی پوورێکی دایکم بوو، خوا عافووی بکا. بە مناڵی زۆری من خۆش دەویست، لە پاشان کە من گەورە بووم، ئەویش بە پیری نەخۆش کەوت. هەموو جارێک پێی دەگوتم ڕەحمە کە مردم، ئەم تەسبیحەم بۆ تۆ بێت لەگەڵ قورئانەکەم، چونکە زۆرم خۆش دەوێن، نامەویّ بکەوێتە دەستی کەسی ترەوە، دەزانم تۆ کچێکی ڕێکوپێکی و لای تۆ دەمێنیّ، بۆیە حەز دەکەم بۆ تۆ بن. ئینجا ئەوەتا دەبینی دایم تەسبیحەکەم لە گیرفاندایە. ئەم هەموو ساڵە ڕۆژێک لێم جیا نەبووەتەوە. نەختیّ

بێــدەنگ بــوونەوە و دیســـانەوە پــووریَ خەریــک بــوو دەکەوتەوە گێژاوەکە، بەڵام وەنەوشە زوو ڕزگاری کرد و گوتی:
– ئەوە چییە پوورە گیان دەڵێی خەوت دێت؟
– نە بە خوا کچم، هێشتا شەوگار زووە، خەوی چی، هەر نەختێ دڵم لە مەراقی شەماڵدایە.....
– دە کەواتە باسێکی ئەو ژیانە پڕ دەردەسەرییەی خۆتانم بۆ بکە، تا ئەوساش کاک کاوە دێتەوە و مژدەیەکی خۆشمان بۆ دەهێنێ و بۆ خۆمان دڵنیا دەنووین.
پوورێش بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: باوەڕ بکە نازانم چۆن باسی بکەم و باسی چیت بۆ بکەم. هەر بەسەرهاتێکی کتێبێک بەشی ناکات ئەوەندە دوورودرێژە و پڕیشە لە ناخۆشی. بۆیە حەز ناکەم سەرت بیەشێنم...
– نە تو خوا پووریَ گیان، تو سەری کاک شەماڵ هەروا هەندێک باسم بۆ بکە، زۆر حەز دەکەم.
ڕەحمە خان وەک بیر بکاتەوە، هەناسەیەکی درێژی هەڵمژی و بە ڕوویەکی خۆشەوە سەیرێکی وەنەوشەی کرد و گوتی:
– باشــە دەی، کە پێت خۆشــە، باســی یەکەم ســاڵمانت بۆ دەکەم کە هەڵیان داینە شوێنێ پێیان دەگوت (دەغارە).
وەنەوشە بە پێکەنینەوە گوتی:
– چییە ئەمە؟ چ ناوێکە؟ شارە؟
– ڕاوەستە ئێستە پێت دەڵێم چییە؟ ڕۆڵە شارێکی بچووکە کەوتووەتە خوار بەغدا، شەو بوو، بە ئوتومبیل کەوتینە ڕێ، هەر چاومان لە هیچ نەمابوو، تەنها ئەوەمان دەزانی کە خەریکە بخنکێن لەبەر تۆز و خۆڵ. خــۆ منالەکــان دایکیــان بمــریَ هەر هەناســەیان نەدەدا تــا گوتیــان گەیشتین و لە بەر دەرکی خانوویەک دایان بەزاندین کە باوکی حەمە پێش ئێمە چووبوو بۆی گرتبووین. پووریَ دەستی دا بە سنگی خۆیدا و گوتی:

- پەنـا بە خـوا کە چـووینە ژووریّ و چرایـان بـۆ داگیرسـاندین و سـەیری خۆمـان کرد، هەموومـان دەتگوت بەفرمـان بەسـەردا باریوە، بەلاّم بەفـری خـۆڵ و تـۆز، تەنهـا کونەلـووت و چاومـان دیـار بـوو، سـەرەڕای دەردان، ئەوەنـدە بە خۆمـان پێکەنـیم، هەر دەسـتم نەبـوو منداڵەکان هەڵگرم و بیانهێنمە ژووریّ.
هەرچۆنێک بوو ئەو شەوەمان بردە سەر، چونکە هیلاک و کفتی ڕێگە بـووین، هەمـوو لاڵوپـاڵ لێـی کەوتـین تـاکو بەیـانی. ئەمە بە خێـریّ فەسـڵیش سـەرەتای زسـتان بـوو و خەڵـک لە ژوورەوە دەنوسـتن. بەیـانی زوو هەسـتاین، لەگەڵ ئەخـتەری دشـم کە لەگەڵمـان بـوو، پەلاماری ئیشوکارمان دا و ماڵەکەمان ڕێک خست، سەری خۆمـان و منداڵەکانمان شت و خۆمان کۆ کردەوە، خانووەکەمان خراپ نەبوو، لە خشـتی سـوور دروست کرابـوو، حەوشـێکی خۆشـی هەبوو و چەنـد ژوورێکـی بەسـەرەوە بـوو، ژووری لای دەرگـای حەوشـە دیوەخـان بوو، دەیڕوانییە سەر جادەیەکی خۆڵ و کە ئوتومبێل و هـاتوچۆکەری پێدا دەڕۆیشت، دەبوو بە تەپ و تۆز. کە جـادەت دەبـڕی، دەچـوویتە سەر چەمێکی گەورەی لێڵ و قوڕاوی، دەورووپشـتمان دارخورمـا بـوو، خەڵکەکەی بە زۆری ڕەشوڕووت بوون، هەنـدیّ خەڵکی دەوڵەمەنـد و حاڵباشیشـیان تێـدا بـوو، زۆربەی خانووەکـان کـوخ بـوون و لە دارخورما و قوڕ دروست کرابوون.
دوای دوو ڕۆژ هەموو ماڵە مەئمورەکان هاتن بۆ بەخێرهاتنمان، ئێمەش، مـن و دشـەکەم و منداڵەکـان، کەسـمان یەک کەلـیمە عەرەبیمـان نەدەزانـی، ئینجا وەرە و سەیرمان کە هەر قوڕبەسەرمان پیّ دەهاتە پێکەنین.
هەمـوو ڕۆژێـک ئەو مـاڵە و منـداڵەکان و خۆشـمانمان دەشـت، کەچـی دوو سـیّ سـەعاتی پـیّ نەدەچـوو کە تەپوتـۆز وەک خـۆی لـیّ دەکردینەوە.
خەڵکـی ئەو شـارە بچـووکە هەموویـان عەرەبـی شـیعە بـوون، زۆر غەریبدۆسـت و خەڵکێکـی فەقیـر و بـاش بـوون، شـەو نەبوو دەنـگ و

تەقە و دەستڕێژ نەیەت لەو باخ و دەوروبەرەمانەوە. کە دەمانپرسی ئەوە چییە، دەیانگوت ئەوە عەشیرەتەکانن، هەموو شەوێ ئەوە حاڵیانە، ئەمان لەوان دەکوژن، ئەوانیش لەمان دەکوژنەوە. هەمووشی لەسەر شتی هیچوپووچ، جاری وا هەبوو لەسەر ئاودانی باخەکانیان، یا لەسەر تەنەکەیەک گەنم و جۆی زیاد و کەم، سێ چواریێکیان لەیەک دەکوشت. ئینجا بەیانی بە شیوەن و بە خۆکوتان مردووویان دەبرد بینێژن. زۆر شەو لە دەنگی تەقەکانیان (موسەلەحە) بە پۆلیسەوە دەچوونە سەریان، چەند کەسێکیان لێ دەگرتن و ئەوانی تر ڕایان دەکرد، هەروەها مردووی خۆشیانیان دەهێنایە سەر چەمەکە و دەیانشت ئەگەر پیاو بوایە، دوای ئەوەی خامێکیان تێوە دەپێچا و لە حەسیرێکیان لوول دەدا، یەکسەر دەیانبرد بۆ (نەجەف) یا (کەربەلا). ئەمە ئەگەر مردووەکە حاڵی باش بوایە، خۆ ئەگەر فەقیر بوایە، ئەوا بە ئەمانەت دەیانخستە قەبرێکەوە تاوەکو پارەیان بۆ کۆ دەکردەوە ئینجا دەریان دەهێنا و دەیانبرد بۆ یەکێ لەو شارانە.

وەنەوشە پەتووەکەی ڕاکێشایە سەر خۆی و هەندێ خۆی کۆ کردەوە و وەک یەکێ ترسی لێ نیشتبێ و نەیەوێ دەری بخات، سەیرێکی ڕەحمە خانی کرد و گوتی:

وەی خوا فرسەتتان بدا کەواتە ئەو شارە شاری مردوو بوو، ئەوە چۆن دەتانتوانی تێیدا بژین؟

ئەرێ وەڵا کچم، لەجیاتیی سەیران و ڕابواردن، هەموو ڕۆژێک ئەمە حاڵمان بوو. لەپڕ ڕەحمە خان ئەو باسەی گۆڕی و گوتی:

ئاخۆ سەعات چەند بێ؟ دەستی برد سەعاتەکەی لە گیرفانی بەرباخەڵی کە لە جزدانێکی چەرمی بچکۆلەدا بوو، سەیری کرد و گوتی سەعات (١١)یە، شەو درەنگە، دەی قەیناکا ئینشائەڵا هاکا کاوە هاتەوە.

وەنەوشە باوێشکێکی دا و گوتی:

دەی تو خوا پووری ئەگەر خەوت نایە قسەکانت تەواو بکە، زۆر بەلەزەتن!

پووری گوتی:
خەوم بێت؟ بە خوا تا کاوە نەیەتەوە و خەبەرێکم بۆ نەهێنێت، خەو ناچێتە چاوم و ئارامم نابێت، دەڵێیت بە سەر ئاگرەوەم.
وەنەوشە گوتی:
بە خوا هەقتە.
ڕووی نەدەهات باسی خۆشی بۆ بکات و بڵێ ئاگات لە دڵی من نییە. لەوساوە کە شەماڵ ڕۆیشتووە، دەڵێیت دنیا چۆڵ بووە، ئەوەندە جێگەی دیارە. وا دەزانم خۆشەویستترین و گرانترین شتم لێ گووم بووە، ئەو هەموو پۆلیس و ماڵپشکنین و هەرایە نەیانتوانی هەر یەک تۆزیش ئەوم لە بیر ببەنەوە!
وەنەوشە ویستی بەسەر قسەکەی دڵیدا باز بدات، لەبەر ئەوە سەیرێکی ڕەحمە خانی کرد و گوتی کەواتە کە خەوت نایە، با قسە بکەین.
ڕەحمە خان نەرمەکۆکەیەکی بۆ کرد و گوتی بە کچی خۆم بڵێم، بەینێکی پێ چوو کە لەو شارە بچووکە بووین و خەریک دەبووین بە ناچاری ڕادەهاتین. ڕۆژێک دیسان میوانمان هات. یەک دوو کچی منالی خۆیان لەگەڵ بوو، وەکو عومری شەوبۆ و شەرمن هەروا شەش حەو ساڵ دەبوون. ئەوانیش بۆ خۆیان چوونە بەر دەرگا پێکەوە یاری بکەن.
دراوسێی دەرگا بە دەرگای ماڵی ئێمە دکتۆرێکی خەڵکی موسڵ بوو، تازە هاتبوون، دکتۆرەکە دایک و خوشکێکی لەگەڵ بوو کە هەردووکیان جلی ڕەشیان لە بەردا بوو، دیار بوو دوور بێ تەعزێیان بوو. کچەکە حەڤدە هەژدە ساڵ بوو قەڵەوێکی سپیی بێتام بوو، دایکیشی عەبووسێکی گرژ و مۆن دیار بوو. دوای بۆمان دەرکەوت کە باوکی دکتۆر تازە ئەمری خوای کردبوو.
دکتۆرەکەش ژوورێکی وەک بڵێین دیوەخانەکەی ئێمە کە لەسەر جادەکە بوو، کردبووی بە ژووری (عیادە) و لەو ژوورە سەیری نەخۆشەکانی دەکرد.

دایکی دکتۆرەکە دیار بوو بەسەزمانە دڵی تەنگ ببوو و هاتبووە لای پەنجەرەی ئەو ژوورە ڕاوەستابوو بۆ خۆی سەیری کۆڵان و چەمەکەی دەکرد. پەنجەرەکە پەردەی گوڵ گەورەی پێوە بوو، ئیتر کە ڕاوەستابوو، لایەکی پەردەکە هەندێ لە سەری داپۆشیبوو، کە مناڵەکان چووبوون لە بەر دەرگا یاری بکەن، لە پەنجەرەکەوە دیبوویان، ئیتر ڕایان کردبوو و گوتبوویان:

لە ژووری نەخۆشەکانی دکتۆر مردوویەکی لێیە زیندوو بووەتەوە و هاتووە سەیری کۆڵان دەکات، ئیتر مناڵەوردکە ڕایان دەکرد، سەریان دەنا بە شووشەی پەنجەرەکەوە و ڕایان دەکرد و دەیانقیژاند، ئێمەش لە ژوورەوە ئاگامان لە هیچ نەبوو، دوایی کە میوانەکان ڕۆیشتنەوە، دایکی دکتۆر ناردییە سەرمان گوتی ئەوە بۆچی بە کچەکانتان ناڵێن مناڵەوردکە دێنن سەیرمان دەکەن و گاڵتەمان پێ دەکەن، باوکی حەمەش پێی گوتن:

حەدیان چییە؟ چاویان دەردەهێنم جارێکی تر وا بکەن و عوزرمان بۆ هێنانەوە. دوایی کە لە کچەکانمان پرسی، بۆیان گێڕاینەوە کە چی بووە، ئێمەش لێیان تووڕە بووین کە جارێکی تر وا نەکەن. چۆن مردوو زیندوو دەبێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمەش بە دزییەوە پێکەنین، مردوو چی دەکات لەو ژوورە، مناڵەکانیش ناحەقیان نەبوو، یاری و گەڕان و ڕابواردنیان هاتبووە سەر سەیرکردنی شیوەن و لاشەی مردوو...

لێرەدا تەقەی دەرگا هات. ڕەحمە خان ڕاپەڕی و گوتی: دەی خوای گەورە، ئەوە کاوەیە، هاتەوە شوکر.

هەستایە سەر پێ و نەیهێشت وەنەوشە بچێ، خۆی چوو دەرگاکە بکاتەوە. وەنەوشە لە خوای دەویست، چونکە باسی ئەو شار و مردوانە سامێکیان خستبووە دڵی و لەوانە بوو نەیوێرایە بچوایە.

کە کاوە بە ڕوویەکی خۆشەوە کردی بەماڵدا، ئیتر ڕەحمە خان تێ گەیشت کە هەموو شتێک بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بووە. لەبەر ئەوە

بەدەم بەرەوژوور ڕۆیشتنەوە بە ئەسپایی لە کاوەی پرسی: خۆ شوکر هەموو سەلامەتن؟ کاوە هیلاک و ماندوو دیار بوو، هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی و گوتی: شوکر هەموو سەلامەتن، خەبەری ماڵپشکنینەکەیان پێ گەیاندن. ئەی ئێوە لە چیدان؟ ڕەحمە خان بە دڵێکی خۆشەوە گوتی: وەڵا ئێمە هەر مەراقی ئێوەمان بوو، دە باشە، تۆش هیلاکی، بڕۆ ئیسراحەت بکە. کاوە گورج گوتی: ئەرێ وەلا زۆر هیلاکم، ئەگەر دەزانی چەند بە پێ ڕۆیشتووم و چەند کۆڵانە و کۆڵان و ئەمبەرە و ئەوبەرم کردووە تاکو دڵنیا بووم.. دە ئیتر شەو باش.. بە پەلە ڕۆیشت و لەپڕ ئاوڕی دایەوە و لە ڕەخمەخانی پرسی: ئەی تو خوا پەری خان چۆنە؟ خۆ نەترسابوو لە پۆلیس و هەراوهوریاکە؟

نە شوکر، زۆر ئازا و بەجەرگ و باش بوو.. ئیتر ڕووی کردە ژوورەکەیان و هەر گەیشتە لای وەنەوشە، خەبەرەکەی بۆ گێڕایەوە، چراکەیان کوژاندەوە و بێدەنگ بوون.

سبەینێ بەیانی کاوە زوو چایەکی خواردەوە و بە پەلە چووە دەرێ. دوای ئەوەی بە پووریێ گوت ئەگەر دوا کەوت، دڵیان هیچ نەکات، ئیشێکی زۆر گرنگ و بە پەلەی هەیە، ڕەنگە تا شەوێ درەنگ نەیەتەوە.

کە ئەو ڕۆیشت، ڕەحمە خان و وەنەوشەش کەوتنە خۆکۆکردنەوە، شتەکانیان هەموو خستە ناو یەک دوو سندوقە چای بەتاڵەوە و خۆیان ئامادە کرد.

کاوە ئێوارە گەڕایەوە و بە ڕوویەکی خۆشەوە سەلامی کرد و گوتی: باش بوو ئیشەکەم زوو تەواو بوو. ئینجا ڕووی کردە ڕەحمە خان و بە چرپە گوتی: شوکر ڕۆیشتوون، ئەویش بە پەرۆشەوە گوتی: چۆن وا زوو؟ کاوە بە زەردەخەنەیەکی سەرکەوتوانەوە وتی: ئەی چۆن؟ بۆچی ئێوە ئێمە بە چی دەزانن؟ ڕەنگە وا بزانن گاڵتەین؟ ڕەحمە خان و وەنەوشە بە قسەکەی پێکەنین و بێدەنگ بوون، پاش نەختێ

وەنەوشــە هەســتا ڕۆیشــت بەرەو ژووری چێشــتلێنان، ڕەحـمە خـان سەری لە کاوە هێنایە پێشەوە و بە چرپە گوتی:
ئێستە شەماڵ لە بەغدا نەماوە؟ لە ڕێی خوا چۆن لەو هەموو نوختەی تەفتیشـانە دەردەچـێ؟ دەڵـێن ڕەسـمەکەیان هەڵواسـیوە لای خۆیـان؟
کاوەش بە دەنگێکی نزم گوتی: خەمت نەبێ، بە ئوتـومبێلی برادەرێک ڕۆیشتووە کە لە نوختەکان ئوتـومبیلەکەی ڕانـاگرن تـا سـەیری بکەن، کاوە کە هەستی کرد ڕەحمە خان هەر دڵنیا نەبووە و لە مەراقدایە، سەری لێ بردە پێشەوە و چرپانی بەگوێیدا و گوتی:
برادەرەکەمان زابتە، زابت.. دە ئیتر مەراق مەکە و دڵت خۆش بێت!
ڕەحمە خان سەیرێکی کاوەی کرد و بە ئەسپایی گوتی:
- هەر یەکسەر دەچێ بۆ سلێمانی یا لە شوێنێک لادەدا؟
- ئەو جارێ بەینێک لە کەرکووک دەبێت، کاغەزێکیشـی بۆ نووسـیوم و هەندێ ئیشی پێ ڕاسـپاردووم بیکەم. لەبارەی ئێوەشـەوە دەڵـێ کە بچنەوە سلێمانی، بۆیە هەر ئەمشـەو لێرەین. بەیانی زوو لەگەڵ خـۆم دەتانبەمە دەرێ، با شتەکان لێرە بن، دوایی خۆم دەیانگوێزمەوە.

***

شەماڵ لە پشتی ئوتـومبێلی بـرادەرە زابتـەکەیەوە سـوار بـوو، دەسـتێ شـەرواڵ و ستارخانیی لە بەر کردبوو، مشـکییەکی زلیشـی بەسـتبوو، ڕیشووەکەی بە سەر دەموچـاو و لاملیـدا هێنـابووە خـوارێ، سـمێڵێکی گەورەی چـڕی دەستکردیشـی لە جێی سـمێڵە تاشـراوەکەیەوە نـابوو. کوڕێکی جلئەفەندیش لە تەنیشـت زابتـەکەوە سـوار بووبـوو، سـندوقی ئوتومبیلەکەشیان پڕ کردبوو لە میوە و خواردەمەنی و خورمـا و قـاپ و سینی و لە ژێریشـەوە تایپێکی بچووک و سێ چـوار بەنـد کاغەزیـان شاردبووەوە، کە گەیشـتنە نـوختەی تەفتیشـەکان، شـەماڵ لە دوورەوە وا چـاوی خـۆی خێـل کردبـوو، لەوانە بـوو یەکێکـی زۆر نزیکیشـی نەیناسـیایەتەوە، بـرادەرە زابتــەکەش کە نـاوی (ئـازا) بـوو و خـۆی ئوتومبێلەکەی لـێ دەخوڕی، ئوتـومبیلەکەی ڕاگـرت و پۆلیسـەکان لێـی

دەهاتە پێشەوە. هەر کە دەیاندی، دەیانکردە تەقەتەقی پۆستاڵ لێکدان و خۆگــۆرجکردنەوە و ســەلام بــۆ کــردن و دەیــانگوت: فەرمــوو (ســەیدی)، فەرمــوون بــرۆن، ئەوانــیش ســەلامیان بـۆ دەکـردنەوە و دەکەوتــنە ڕێ و کە نەختــێ دوور دەکەوتــنەوە، دەســتیان دەکـرد بە پێکەنین بە چاوخێلکردن و سەرومشکی و گیزوگوڵنگ و سمێڵی چڕ و قیتی شەماڵ.

نزیک ئێوارە گەیشتنە کەرکووک و شـەماڵیان بردە ماڵێک دایان بەزاند. دەبـوو تـا شـەوێ لەوێ بێت، ئەوجـا برادەرێکـی تریـان هـات و بـردییە شوێنێکی تر لای هاوڕێیەکیان کە لە مـاڵی خوشکی دەژیا کە مێردەکەی چێشـتکەری مـاڵی مـودیری پۆلیسـی کەرکـووک بـوو. مـاڵەکە مەترسـیی لەسـەر نەبـوو، بـۆیە کـوڕەکە کە نـاوی ئەنـوەر بـوو، بە کەیفـی خـۆی بەیاننـامەی دەهێنـا و دەبـرد و دابەشـی دەکـرد و هەر شـتێکی دیکەشـی بویسـتایە، بێ ئەوەی مێردی خوشـکەکەی بزانـێ، دەیکـرد. خوشـکەکەی هەندێ جار بە هەندێ کـاری بـراکەی دەزانـی، بەڵام چـاوی لـێ دەپۆشـی و بۆی دادەپۆشـی، خوشـکەکەی ئەنـوەر منـاڵی نەبـوو، دیـار بـوو خەتـای کابرای مێردی بـوو. بـۆیە مێردەکـەی زۆری هەوڵ دەدا کە دڵـی ڕابگـرێ، بە تــایبەتی کە ژنێکــی گەنمڕەنگــی ڕەزاســووک و خوێنشــیرین بــوو، عومریشی ٣٥ ساڵ دەبوو کە مێردەکەی دوو عومری ئەوی هەبـوو، جـا هەرچـی خـواردنی خـۆشـی مـاڵی مـودیری پـۆلیس هەبـوو، سـەرگوڵەکەی دەهێنا بۆ ژن و ژنبراکەی.

خــانوویەکی بچــووکی خنجیلانەیــان هەبــوو، هەمــووی ســێ ژوور و هەیوانێــک و حەوشــێکی بچــووک بــوو لە گەڕەکــی شــاترلوو. حەوشــەکەیان بــاخچەیەکی لە ناوەڕاســتدا هــەبــوو، لە ســەرووی حەوشەکەشــەوە بە تەل و تەختــە کـولانەیەکی ڕێکوپێکیـان دروسـت کردبوو بۆ چەند مریشک و کەلەشێرێ کە ڕایان گرتبوو.

شــەماڵ بـوو بە شــەریکی ئەنـوەر لە ژوورەکەیـدا، هەروەهـا پـێکەوە هەمـوو ڕۆژێکـیش خۆیـان مـڕ دەکـرد لەو ئەنـواعی خـواردەمەنییەی

کابرای چێشتکەر بۆی دەهێنان، بەبێ ئەوەی بزانێ ئەمانە خەریکی چین؟ لەوەبەولا کە ژنەکەی پێی گوتبوو کوڕێکی خزمی دایکیەتی و ناردوویەتی کە ماوەیەک لێرە بێ لەگەڵ ئەنوەر، ئیتر ئەگەرچی کابرا لە دڵیشدا پێی خۆش نەبوو، بە تایبەتی کوڕێکی لاوی قۆزی بالابەرز و بەسەروهەیکەلی وەکو شەماڵ شەو و ڕۆژ لە ماڵیان بێت، ژنەکەشی بەو گەنجی و جوانییە.. بەڵام چاری نەبوو کە دەبوو لەبەر دڵی ژنەکەی نەک هەر ئەمەش قبوول بکا و ڕووشی خۆش بێ بەرامبەری و وای دەربخات کە زۆری پێ خۆشە و مادام خزمی دایکی ئەو و براکەیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ جار مەراق و خەیالات مێشکیان دەشێواند.
کابرای ساحێب ماڵ چێشتکەرێکی بەناوبانگ بوو، وەختی خۆی چێشتکەری (نادی عەسکەریی کەرکووک) بوو، بەڵام مودیری پۆلیس کە جگە لەوەی خۆی دەوڵەمەند و دزێکی گەورەش بوو، شەڕکەرێکی جەربەزەش بوو. بۆیە توانیبووی بە پارە و هەڕەشە ڕای بکێشێ بۆ لای خۆی، بە تایبەتی چونکە هەمیشە دیوەخانی گەرم بوو، داوەتی بۆ بەشی هەرە زۆری ئەو وەزیر و مودیرعام و نائیب و پیاوە گەورانە دەکرد کە دەهاتنە کەرکووک یا بە کەرکووکدا تێ دەپەڕین. چێشتکەرەکەش کە ناوی سمایل بوو، هەر زوو بۆی دەرکەوت کە ئەمەی لە هەموو ڕوویەکەوە باشترە لە ئیشەکەی پێشووی، چونکە ئەوەندە سەربەخۆیە لە ئیشەکەیدا، دەڵێیت خۆی خاوەنی هەموو شتێکی ژووری چێشتلێنانی ماڵەکەیە، بۆیە لە بەیانی سەعات حەوتەوە دەچووە ئەوێ تا شەوێ درەنگ و یەک جار دەهاتەوە ماڵێ، ئەویش چونکە حەزی دەکرد کە نان لەگەڵ ژنەکەی بخوا، بۆیە سەعات سێ و نیو و چوار بە بەشی چێشتی خۆیەوە کە لە هیی ماڵێ زیاتر بوو، دەگەڕایەوە و نانیان دەخوارد و پشوویەکی دەدا و ئیشی ببوایە و نەبوایە، دەگەڕایەوە ماڵی مودیر بەگ کەوا هەر پێنج دەقیقەیەک بە پێیان دوور بوو لێیانەوە. بەڵام دوای ئەوەی کە شەماڵ

هاتە ماڵیان، زۆر جار لەناکاو بە بیانووی شتێکەوە سەری ماڵەوەی دەدا و بۆ ئەوەی ژنەکەشی نەڵێ بۆ وا دەکات، هەموو جار زەمیلەی پڕ دەکرد لە چەند جۆرە خواردەمەنییەک و دەیهێنا و بە ژنەکەی دەگوت تو خوا (قەمەر) با لەبەر میوانەکەمان شتمان لێ نەبڕێت.

قەمەر لە سەرەتاوە لای وابوو ڕاست دەکا، ئەمەی لەبەر دڵی میوانەکەیانە. بەڵام کە دی لە تامی دەرکرد، بیرێکی کردەوە و بە تووڕەییەکەوە بە خۆی گوت:

تۆ بڵێی ئەم کەوڵە کۆنە دڵی لێ پیس نەکردبم. لەبەر ئەوە نەبێ ئەوەندە دێ و دەچێت؟ کاک سمایلیش سەری دنیای لێ هاتبووە یەک کە لەناکاو دەهاتەوە دەیبینی کە ئەنوەر چووەتە دەر و هەر ژنەکەی و میوانەکەیان لە ماڵن، ئەی خوا ئەمە چییە؟ ئەم میوانە بۆ قەت ناچێتە دەرێ؟ جارێک نەهاتوومەوە ئەو لە دەرەوە بێ؟ ئەمە دەبێ چ بێت؟ ئاشکرایە لەبەر قەمەر ناچێتە دەرێ.. ئەم خەیاڵانە کابرایان وا لێ کردبوو شەویش لە مەراق و ناڕەحەتیدا خەوی لێ نەکەوێت. ژنەکەی کە هەستی بەمە کرد، براکەی بانگ کرد و وەزعەکەی بۆ گێڕایەوە و گوتی:

دەترسم ئەم پیاوە لە تاودا بیر لەوە بکاتەوە بەڵایەک بەسەر ئەم برایەمان بهێنێت، بە تایبەت کە خۆشی لای ئەو کابرا دەسەڵاتدارە جەربەزەیە ئیش دەکات، دەتوانێ هەموو خراپەیەک بکات، ئینجا چی بکەین.

شەماڵی بەسەزمانیش هەموو ژن و کچی دنیای بە خوشک و دایکی خۆی دەزانی، ئەوەندە کوڕێکی بەحورمەت بوو. هەموو هۆش و بیر و هەستی لای ئیشوکارەکەی و کوردایەتی بوو، تەنها کەسێک کە ئەوەتەی لە بەغدا هاتبووە دەرێ لە دڵیدا بوو و دڵی بۆی دەگوشرا، (وەنەوشە) بوو، هەرچەندە هەندێ جار دەیویست فێڵ لە خۆی بکات و خۆی بێباک پیشان بدات و دەیگوت ئەوە چیی تیایە، چۆن بیری دایکی و ئەوان دەکات، ئاواش دڵی لای ئەوە، بەڵام گورج هەست و

دڵ و ئـارەزوو و مێشـک و هەمـوو پـارچەیەکی لەشـی بە درۆیـان دەخستەوە، وەک پێی بڵێن: بەگم ئەمەی پێ ناوێت، تـازە وەنەوشـە وا چـووەتە دڵ و دەروونـتەوە، ئەگەر بە دەسـتت بـوایە، باڵـت دەگـرت و دەفڕیـت بـۆ لای. ئیتـر ئەمەی پـێ ناوێـت، خـۆت بە قسـەی پڕوپـووچ مەخلافێنە، تەفرە مەدە و خۆتمان لێ مەکە بە شەخس و پیاوچاک.

قەمەر و براکەشـی کەوتـنە مەراقـی ئەوەوە کە چـی بـکەن و چـۆن ئەم مەراقە لە دڵـی ئەم کـابرایە دەربهێـنن. کـابرا ناهەقیشـی نەبـوو، هەر کەسێکی تـریش بـوایە، هەر وای دەکرد، بە تـایبەتی کە نەیزانیـایە بـۆچی ئەو کوڕە هەمیشـە خـراوەتە مـاڵێ و نـاچێتە دەرێ و ژنەکەشـی بە تەنیـا لەگەڵ بـێ لە مـاڵەکەدا، ئەوەنـدەش ژنەکەی خـۆش بوێـت و هەمـوو خۆشیی دنیـای ئەو بێت! قەمەر لەم ڕووەوە زۆر بەزەیی بە مێردەکەیدا دەهـاتەوە. بـۆیە بڕیـاری دا کە بە شـێنەیی قسـەی لەگەڵـدا بکـات و لەم نـاڕەحەتییە ڕزگـاری بکـات، لەوانەیە ئیشـەکە وا بـڕوات، خـوێنی تێـدا بقەومـێ، بە تـایبەتی کە چارەشیان نەبوو، چونکە دەبوو جارێ شـەماڵ هەر لەوێ بمێنێتەوە تا لەسەرخۆ شوێنێکی باشی بۆ دەدۆزنەوە.

بـۆ سـبەینێ کە لەناکـاو کـاک سـمایل هـاتەوە، ئەم جـارە هیچـی پـێ نەبـوو، زۆر تـووڕە و نـاڕەحەتیش دیـار بـوو، وەک ئەوە وابـوو کە ژنەکەی هەسـت بەوە بکـا کە لەبەر ئەو ئەم میوانەیـان دێـت و ئەم وەزع و حاڵەی زۆر پێ ناخۆشە.

ژنەکەی ڕووی خۆی خۆش کرد و بانگی کردە ژوورەکەیـان و گـوتی: وەرە ئیشێکم پێتە.

کـابرا زەرد هەڵگەڕابـوو، چـاوی لـێ زەق بووبـوو، ئەوەنـدەی تـر چروسابووەوە، جگەرەی بە جگەرە دادەگیرسـاند و دەسـتی دەلەرزی، کە چووە ژوورێ، ژنەکەی بەرامبەری دانیشت و ڕووی تێ کرد و بە ئەسپایی گوتی:

بـزانم ئەوە چیـتە، ئەم بەیـنە بـۆ وات لـێ هـاتووە؟ تـۆ ڕاسـتیی ناڕەحەتییەکەتم پێ بڵێ، منیش نهێنییەکم هەیە پێتی دەڵێم.

مێرده دڵی کەوتە پەلەپەلکردن، هەستی کرد خەریکە گێژ بێت، دەم و لێوی وشک بووبوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەوەتە دەیەوێ پێم بڵێت تۆم ناوێت، دەبێ تەڵاقم بدەی تاکو بچێت شوو بەم کابرایە بکا.. های هیچ ناکەم تەڵاقی دەدەم، بە خوا ئێستە هەردووکیان دەکوژم، خۆشیی ژیانم هەر بۆ ئەو بوو، کە ئەویشم نەما، منیش ژیانم ناوێت.. قەمەر لە خەیاڵی دا و گوتی: بۆ بێدەنگی؟ بزانم چیت لە خەیاڵدایە پێم بڵێ، تا منیش قسەکەمت پێ بڵێم.. کاک سمایل تۆزێ هاتەوە سەر خۆی و لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەم ئیشە وا بە پەلە ناکرێت، با بیرێکی لێ بکەمەوە، چۆن و بە چی لەناویان بەرم، ئەگینا بە خوا وا دەرەقەتی هەردووکیان نایەم، دەمکوژن و بۆی دەردەچن.. بەم وشانە زیاتر وەک جارانی لە خۆی کردەوە. بە زەردەخەنەیەکی دەستکردەوە گوتی: جارێ تاکو ئەم دووکانە دەچم پاکەتێ جگەرە دەکرم. قەمەر گوتی: نە جارێ مەڕۆ، قسەکەتم پێ بڵێ؟ ئینجا بە زەردەخەنەیەکی پڕ گلەییەوە سەیرێکی مێردەکەی کرد و گوتی: ئەوە دڵت لە من پیس کردووە وا دەزانی لەگەڵ ئەو میوانە بەسەزمانە شتێکمان لە بەینیدا هەیە؟ کابرای مێردی سەری داخست و بێدەنگ بوو. قەمەر سەیری کرد کەوا فرمێسک بە سەر ڕوومەتە سیسەکەیدا دێتە خوارێ و دەکەوێتە ناو ڕیشە ماشوبرنجییەکەیەوە، ئەویش بە نازێکەوە هەستا و چووە نزیکی، هەردوو دەستی خستە سەر شانی و سەری نا بە لامل و ڕوومەتیەوە و گوتی: عەیب نییە بیری وا بکەیتەوە؟ من ناناسی چۆنم؟ لە منالییەوە دەمناسی!! کابرای مێردی هەر لێوی خۆی دەگەست کە نەداتە پڕمەی گریان، ماچی کرد و بە ئەسپایی و بەدەم فرمێسکەوە گوتی: بە دەست خۆم نییە خەریکم شێت دەبم.

قەمەر زۆر لەسەرخۆ گوتی:

باشە قەولم دەدەیتێ ئەگەر باسی نهێنیی ئەو کوڕەم بۆ کردیت، عاجز نابیت و یارمەتیی دەدەیت؟

مێردەکەی دەسڕەکەی بە سەر و چاوی خۆیدا هێنا و بە قوڕگێکی گیراو گوتی:

هەرچی تۆ دەیڵێیت سەرم پێوەی نییە..
قەمەر ڕووی تێ کرد و گوتی:
ئەم کوڕە میوانە خەباتکەرێکی کوردپەروەری قاچاغە و حکومەت بە خوێنی سەری تینووە، پۆلیس و ئەمن زۆر بە گەرمی بۆی دەگەڕێن، بۆیە ئەنوەریش هێنایە ئێرە، چونکە ماڵی تۆیە و تۆش چێشتکەری لای مودیری پۆلیس. بۆیە کەس بە بیریدا نایە کە پیاوێکی وا لە ماڵی خۆتدا بشاریتەوە. ئینجا تێ گەیشتی هۆی نەچوونەدەرەوەی کوڕەکە چییە؟ ئەوەشت پێ بڵێم کە تا سەر لێرە نامێنێتەوە، بەیەنێکی تر دەڕوا و هەر لە کەرکووکیش نامێنێت، ئەمە ڕاستییەکەیەتی، ئێستە تۆ دەڵێی چی؟
سمایل چاوی زەق بووبوو، بە سستی گوتی: ئەی بۆ یەکەم جار واتان پێ نەگوتم؟
ترساین لەوەی بترسیت و ڕازی نەبی لێرە بمێنێتەوە.
مێردەکەی خەریک بوو ببووڕێتەوە لە تاو ئەو بیرە خەتەرناکەی هاتبوو بە مێشکیدا بچێ بە بیانووی جگەرەوە خەنجەر و دەمانچە و شتێ پەیدا کات و بێتەوە هەردووکیان بکوژێت، بەس نەبوو.. هەر هیچ نەبێ بەس نەبوو ئەم هەموو ڕۆژە توانیی خۆی بگرێت و نەیکات بە هەرا و بەر گوێی کوڕە نەکەوت، کابرا هەر بەوەدا گەیشت کە دەست بە ڕیشیدا بهێنێت و لە دڵی خۆیدا شوکری خوا بکات.
قەمەر لە خەیاڵی دا گوتی:
ها گوتت چی؟ ترسای؟
مێردە هەستایە سەر پێ و سەری دانەواند و هەردوو دەستی خۆی هەڵبڕی و خستییە سەر سەری و گوتی:
ترسام؟ تۆ بڵێ دەیخەمە سەر ئەم سەرەم و سەر ئەم دوو چاوەم. هەرچیم پێ بکرێت و لە دەستم بێت، بۆی دەکەم.
دە تۆ وا بڵێ ماڵت ئاوا بێ.. سمایل بێدەنگ باوەشی کرد بە ژنەکەیدا و سەری نا بە سنگی خۆیەوە، بەبێ قسە ڕۆیشتە دەرەوە، ئەوەندە تەریق بووبووەوە و حەپەسابوو، هیچ قسەی پێ نەمابوو بیکات.

کاک سمایل له خۆشیی ئەوەی که بیرەکانی بەرامبەر ژنەکەی و شەماڵی میوانیان درۆ دەرچوون، وەخت بوو باڵ بگرێت. هەروەها دڵیشی بەو کوڕە لاوە دەسووتا، سەری سووڕ ما کە چۆن شتی وا قەوما یا دەقەومێت کە گەنجێکی وا بە دەستی خۆی وەک زیندانی خۆی لە کونی ژوورەوە قایم بکات و خۆی لە هەموو ڕابواردنێک و خۆشییەکی دنیا بێبەش بکات و گیانی بخاتە ئەو مەترسییەوە. ئەگەر گیرا، حوکمە هەرە ئاسانەکەی ١٠ بۆ ١٥ ساڵ زیندان دەبێ، ئەمە ئەگەر لە دەست ئازار و ئەشکەنجەی پۆلیس و جۆری دڕندانەی ئەمن ڕزگاری بوو و درا بە مەحکەمەی عورفی. بە ڕێگەدا دەڕۆیشت و بەدەم ئەم چەشنە بیرکردنەوانەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت:
هەی هاوار، خۆ خەڵکی وا و ژیانی واش هەیە.. لای من وابوو کە هەموو دنیا و ژیان و خەڵک ئەوەیە و ئەوانەن کە لە دەوروپشتی خۆمدا دەیانبینم. مەئموری دز و زۆرداری بێخەم و بەدخوو کە قاقای پێکەنین و بەدمەستی و قڕەقڕی سەر مێزی قوماریان دنیای پڕ کردووە.. تومەز خەڵکی قارەمانیش هەن کەوا گیان و خۆشی و سەروماڵیان لەپێناو دەستکەوتی میللەتەکەیان و بیروباوەڕیان دادەنێن.. ئینجا خەڵکی تریش ئەگەر غیرەت و پیاوەتییان هەبێت، چۆن یارمەتیی ئەو جۆرە خەڵکە فیداکارانە نەدەن.
قەمەر لێم دەپرسێ یارمەتیی دەدەی؟ نەک هەر لەبەر چاوەکانی ئەو کە خۆشمی بەقوربان دەکەم، هەر شەرەف و ویژدانیشم لێم ناگەڕێن بەرامبەر بە ئینسانی وا دەستەوەستان بوەستم.. بەسە تاکو ئێرەم هێناوە بۆ خۆم بەبێ قڕە و بەبێ ترس ژیاوم. ڕاستە ڕەنجم داوە و چەوساویشمەتەوە، بەڵام بەبێ ترس و لەرز کردوومە و خواردوومە و بەشی خۆم کەیفیشم کردووە. ئیتر چی، بۆ کوێ دەچم، ڕۆژێکیش هەر دەمرم، ئاشنا و ئاغاکانم بەیانییەک دەبیەن کەوا سمایلی چێشتکەر ئەمری خوای کردووە.. دەبێ پیاو لە ژیانیدا چاکە بکات، وا دیارە خوا ئەم هەلەی بۆ هەڵخستووم کە چاکەی تێدا بکەم، بۆیە

ئەگەر غیرەتم هەبێت، دەبێ یارمەتیی ئەم کوڕە و هەموو کەسێکی وەک ئەو بدەم، ئەوەندەی لە تواناماية ئاگام لێی بێت و بیپارێزم و لە هیچ شتێک سڵ نەکەمەوە. کە ئاخری ژیان هەر مردن بێت، هەقە ئینسان نەهێڵێت بە نامەردی بمرێت.

هەفتەیەک بەسەر ئەم قسەوباسانەدا تێ نەپەڕیبوو کە کاک سمایل بە خۆی و بە زەمیلەی پڕ لە بەیاننامەیەوە لە بەر فڕنی نانەواخانەکەی (بابە گوڕگوڕ)دا ڕاوەستابوو بە بیانووی کڕینی کولێرە و سەموونەوە بۆ ماڵی مودیر و لەگەڵ وەستا قادری نانەوا نان و بەیاننامەیان ئاڵوگۆڕ دەکرد. ئەم زەمیلە پڕ لە بەیاننامەکەی دەدایە دەست ئەو و ئەویش لەباتیی بەیاننامە بۆی پڕ دەکرد لە کولێرەی گەرم و جوان و سەموونی بەکونجیی بۆنخۆش بۆ ماڵی مودیر بەگ و دەیدایە دەستی.

سەعات نزیکی هەشتی شەو بوو، ڕەحمە خان و وەنەشە ماچوموچ و خواحافیزییەکی گەرمیان لەگەڵ شەرمن و مێردەکەی و منداڵەکانیان کرد کە شوێنیان کەوتبوون بۆ ئێستگەی شەمەنەفەر کە بە ڕێیان بکەن بەرەو کەرکووک. ئەوان گەڕانەوە و ڕەحمە خان و وەنەوشەش سەرکەوتنە ناو فارگۆنی شەمەنەفەرەکە. بەڵام ئەم جارە ژوورەکەیان (دەرەجە دوو) بوو و تەنها هەر خۆیانی تێدا بوون. دەرگاکەیان داخست و دانیشتن. ئەوەندەی پێ نەچوو شەمەفەر کەوتە ڕێ و فیکە و گرمەی دەستی پێ کرد. وەنەوشە هەستێکی تێکەڵاو لە دڵیدا جۆشی سەند، ترس و خۆشیی ئەو شەوەی بیر کەوتەوە کە لە چ حاڵێکدا بوو کە بە ترس و لەرزەوە خۆی ئاخنییەوە ناو خەڵکەکە و چۆن بە دڵەکوتێوە سواری شەمەندەفەرەکە بوو و تا نیو سەعاتیش باوەڕی بە خۆی نەدەکرد کە ڕزگاری بووە. لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەی خوایە، چەرخی چۆنت لە لایە! وەنەوشە بیری لەم ڕووداوانە دەکردەوە. جار جار پرسیارێکی ڕەحمە خان دەیهێنایەوە سەر خۆی.

دوای ڕاوەستان لە ئێستگەیەک، ڕەحمە خان تێشووەکەی کە هێنابووی، لە سەر مێزە بچکۆلەکەی فارگۆنەکەیان دای نا و گوتی:

دەی وەرە گیانە با پارووپەک بخۆین، ئینجا بۆ خۆمان پشوویەک بدەین. دەستی برد بۆ پشتی و گوتی: ئای باوکە چەند پشتم ژان دەکات، دەزانی ئەم دوو سێ ڕۆژە چەند هیلاک بووین. قاچێکمان لە ماڵی شەرمن بوو، قاچێکمان لای دکتۆر حەسەن، یەکێ لای کوڕەکان. دەی باش بوو شوکر ڕەنجەکەمان بە خەسار نەچوو، پێشینان وتەنیش مایەی سەفەر سەلامەتییە.

وەنەوشە بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە گوتی: پووریێ گیان دەزانیت چیم بیر کەوتەوە؟

ڕەحمە خان بە شەوقێکەوە سەیرێکی کرد و گوتی: چیت بیر کەوتەوە؟

وەنەوشە هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: ئەو شەوەم بیر کەوتەوە کە سەرلێشێواو و تۆقیو و نیوەمردوو سواری ئەم شەمەندەفەرە بووم! ئیتر قسەکەی لە گەروو گیرا و چاوی پڕ بوو لە فرمێسک، دوای تۆزێک گوتی: بەشکم ئەو شەوە خوا تۆی نەهێنایەتە ڕێم، چیم دەکرد!؟ ڕەحمە خان دەستی کردە ملی و ماچی کرد و گوتی: ئەو ڕووداوانە مەهێنەوە بیری خۆت، خوا کەسی بێکەسانە، لە خوا بە زیاد بێت کە ئەوەی بۆ ڕێک خستین، هەر خۆی دەزانێ چی دەکات.

وەنەوشە بە پشتی دەست فرمێسکەکانی سڕی و گوتی:

– وای پووریێ گیان، ئەوەتەی ئێوەم دیوە، چەند دڵم خۆشە، دەڵێی تازە لەدایک بووم. نەختێ بێدەنگ بوو و گوتی: ئەرێ بە ڕاست، ئەوە چۆن بوێرم لە کەرکووک دابەزم؟ لەگەڵ ئەم قسەیە بە ترسەوە سەیرێکی پوورێی کرد و گوتی: دەزانی ترسم لێ نیشتووە، دەڵێم نەوەکا کەسێک بمناسێتەوە.

ڕەحمە خان بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە دەستی ڕاوەشاند و گوتی:

– نە گیانە، قابیلە لە ئێستگەی شەمەندەفەرەکەی کەرکووک دانیشتبن چاوەڕێمان بکەن؟! لە پاشان وا چاوەڕێشیان کردین، بە سەدان کچ و ژن بە عەباوە دێن و دەڕۆن و کێ دەزانێ کێ کێیە؟ ئێمەش هەر

دابەزیــن، یەکســەر ســواری عەرەبانــەیەک دەبــین و دەچیــنە ئەم ئەدرەسە. ڕەحمە خان دەستی برد بۆ گیرفانی و گوتی: ئەیەڕۆ گومم نەکردبێــت. دوای یەک دوو جــار گەڕان کــاغەزێکی دەرهێنــا و دایە دەســت وەنەوشــە و گــوتی بــا لای تــۆ بێــت، بیخــوێنەرەوە بــۆ عەرەبانچییەکە، ئەوە لە خواحافیزیدا فەرەیدوون دایە دەستم و گوتی بڕۆن بۆ ئەم شوێنە. ئەمانەتێکیشی دامێ کە بیاندەمێ.

وەنەوشە سەیرێکی کاغەزەکەی کرد و گوتی:

- پووریێ گیان، ئەمە دوکانی ڕەسمگرتنە، ماڵ نییە.

- هەقمان چییە، ئێمە دەچینە ئەوێ، ئەوان پێمان دەڵێن کە بۆ کوێ بچین و چی بکەین.

بەینێک بێدەنگ بوون. شەمەندەفەرەکەش بەینێ گوڕی دەدایە خۆی و بەینێکـی تـر خـاوی دەکـردەوە و ڕادەوەسـتا، هەرچەنـد ڕاوەسـتایە، وەنەوشە گورج چراکەی دەکوژاندەوە و لەگەڵ ڕەحمە خـان سـەریان دەنا بە پەنجەرەکەوە و سەیری دەرەوەیان دەکرد.

وەختەکەی سەرەتای زستان بوو، دەشتودەر بێدەنگ و خـامۆش بـوو و ئاســمان بە هەور داپۆشــرابوو. جاربەجــار ســووچێکی مانــگ لە کەلەبەرێــکەوە دەردەکەوت و هەر گــورج پەڵەهــەورێکــی ڕەش دای دەپۆشـییەوە، دەتگـوت پـاڵی پێـوە دەنـێ و دەڵـێ لاچـۆ لاچـۆ، وەختـی خۆنواندنی تۆ نییە، جارێ ڕۆژ ڕۆژی ئێمەیە.

لە ئێسـتگەکان هەنـدێ کەس دادەبەزیـن و هەنـدێک سـوار دەبـوون. هەمـوو لەبەر سـەرما خۆیـان گرمـۆڵە کردبـوو، ڕەحـمە خـان تـاقەتی چـوو، چـووە سـەر جێگـەکەی خـۆی لێـی پـاڵ بکەوێت. پاش نەختـێ وەنەوشەش خۆی کرد بە ژێر جێگەکەیدا و چاوی لێک نـا کە بنوێت، بەڵام هەر گورج بە خەیاڵ خـۆی بینی لەگەڵ شـەماڵ دەسـتی یەکیـان گرتووە و شـەماڵ بەوەندەش ڕازی نابێت، دەستەکەی تریشـی دەهێنـێ هەردوو دەستی ئەم دەگرێت، دەشیانبات بۆ دەمی کە ماچیان بکات و سەریشـی دەنـێ بە سـەریەوە و دەڵـێ: نـازانی چەنـدم بیـر دەکـردی،

ئەمیش بە چرپە پێی دەگوتەوە تۆش نازانی چەند منیش دڵم لە لای تۆ بوو، ئەو چەند ڕۆژەی کە دیار نەبوویت، هەر وەخت بوو شێت ببم بۆت، دەتگوت هەست و هۆش و ژیانت بردبوو لەگەڵ خۆت. شەماڵیش دەستی بەردا و باوەشی پێدا کرد، گوشیی بە خۆیەوە و دەمی هێنا بۆ دەمی. وەنەوشە لەبەر دەنگی لێدانی دەرگای ژوورەکەیان ڕاپەڕی و ڕەحمە خانیش گوڕی دایە خۆی و گوتی: کێیە؟ ئەوە کێیە؟ بە چاوی نیوەنوستوو دەستی گێڕا و چراکەی داگیرساند و دەرگاکەی کردەوە، کابرایەک گوتی:

خوشکم سەیری تکت دەکەم. چەند کەسن؟ ڕەحمە خانیش دوو بلیتەکەی لە جزدانە بچکۆلەکە بۆ دەرهێنا و گوتی: هەر دوو کەسین، کابراش کە هەر لە دەرەوە وەستابوو، سەیرێکی کردن و بلیتەکانی قرتاندن و دایەوە دەست پووری و گوتی دەرگاکەتان داخەنەوە. ئیتر کەس لە ئێمە نایەتە سەرتان. قسەکەی لەوە دەچوو کە کابرا تەریق بووبێتەوە کە بەو نیوەشەوە ئەم ژن و کچەی لە خەو ڕاپەڕاندبێ.

وەنەوشە لە سەر جێگەکەی بە حەپەساوی دانیشتبوو و سەفەرەکەی پێشووی بیر دەکەوتەوە کە چۆن وای دەزانی (تیتی) شەمەندەفەرەکە پۆلیسە و هاتووە و بۆ ئەو دەگەڕێ. ئەمیش ئەوەندە ترسابوو، ئەم ڕاپەڕینەی ئێستەی لەگەڵ هەموو ناخۆشییەکیدا لە چاو ئەوانەدا ئاوخواردنەوە بوو. ڕەحمە خان دەرگاکەی داخستەوە و بەدەم بۆڵەبۆڵەوە دەیگوت: ئەیەڕۆ بۆ زووتر نەهاتن؟ چۆن لە خەوا شێتی کردین، حەواڵە بە خوا بن بۆ خۆتان و کارتان، سەیرێکی وەنەوشەی کرد و گوتی:

- وەی پوورت بمرێ ئەوە ترسای؟ وەنەوشە پێکەنیی و گوتی: خوا نەکا پووری گیان، هیچ نەبوو هەر تەقەی دەرگاکە نەختێ دای چڵەکانم! ڕەحمە خان بە پێکەنینەوە گوتی: ئیتر پەنا بە خوا هەر ئەمشەومان بە سەلامەتی لێ بڕوا! ئیتر جارێکی تر سواری شەمەندەفەر نابم. من گوتم شەمەندەفەرەکە ئەمینتر و خۆشترە،

چووزانم وامان لێ دەکەن، خۆزگە بە ئوتومبیل بهاتینایە، بەدەم ئەم قسانەوە چراکەی کوژاندەوە و بێدەنگ لە سەر جێگەکەی پاڵ کەوتەوە...

پێش کەرکووک بە ئێستگەیەک ڕەحمە خان ڕاپەڕی. کە دیی دنیا ڕووناکە، وەنەوشەشی هەستان و کەوتنە خۆکۆکردنەوە. گەیشتنە کەرکووک، دابەزین و لە ئێستگە هاتنە دەرێ. لەگەڵ ئەو هەموو خەڵکەی کە بە جانتا و باوڵ و زەمیلە و کەلوپەلەوە هەر کەسەیان دەچوو بە لای یەکێ لەو عەرەبانە و ئوتومبیل و پاسانەوە کە لەو بەردەمە پانوبەرینەی ئێستگەکەدا ڕاوەستابوون. هیی واش هەبوو خزم و کەسوکار و ئاشنایان هاتبوون بە پیریانەوە... ئەمانیش سواری عەرەبانەیەک بوون و دوای ئەوەی وەنەوشە ئەدرەسەکەی بە عەرەبانەچییەکە گوت، کەوتە لێخوڕین بە ناو شەقامەکانی شارە جوانەکەی کەرکووکدا کە هێشتا هەندێ چۆڵ و کشومات بوو. بارانیش نمەنمە دەباری، کرێکار خۆیان پێچابووەوە و کەوتبوونە ڕێ بۆ سەر ئیشەکانیان. هەندێ بە پێ و هەندێ بە پاسکیل، هەندێ دوکانداریش خەریکی دوکانەکانیان بوون، دەڕابەکانیان هەڵدەدایەوە و بەردەم دوکانیان پاک دەکردەوە. چەند کەسێکیش بە کۆمەڵ لە دەوری نانەواخانەکان بۆ کڕینی کولێرە و سەموونی گەرم ڕاوەستابوون. یەک دوو چایخانەشیان تووش بوو، هەندێ کەس لە پشت جامخانەکانیانەوە دیار بوون چایان دەخواردەوە و جگەرەیان دەکێشا. عەرەبانەکەیان هەر ڕاستەوڕاست ڕۆیشت تا گەیشتە بەر پردەکەی خاسە، بە سەریدا تێ پەڕی و بە دەوری قەڵادا سووڕایەوە تاکو گەشتە بازاڕێکی بچکۆلە و لە بەردەمی دوکانێکدا ڕاوەستا کە لە سەری نووسرابوو (وێنەگری مەریوان).

ڕەحمە خان و وەنەوشە جانتا و کەلوپەلەکانیان داگرت. بە زیادەوە پارەی عەرەبانچییەکەیان دا، چونکە خەریکی منگەمنگ بوو. وەنەوشە بە جوانی خۆی پێچایەوە و خۆی خزاندە پەنا دوو لەوحی چینکۆوە

کە لە نزیک دیواری دوکانەکەوە هەڵپەسێررابوون، گوایە سەرمایەتی، لە ڕاستییشدا لە ترسی ئەوە وای دەکرد کە نەوەکو کەسێک بیناسێتەوە، بە تایبەتی کە ماڵی پوورەکەی نزیکی ئەو شوێنە بوو کە ئەوانی لێ وەستابوون. ڕەحمە خانیش دەستی لە سەر دڵی بوو ئەوەندە شڵەژابوو، ئەگەرچی هێشتا زوو بوو و تازە خەڵک کەوتبوونە هاتوچۆ و هێشتا زۆری دوکان داخرابوو، بەڵام دیمەنەکەیان سەرنجی ڕادەکێشا، دوو ژن بە دوو جانتای بچووک و هەندێ توورەکە و زەمبیلەوە لە بەردەمی دوکانێکی داخراودا ڕاوەستان و تەنانەت دوو سێ ڕێبوار لێشیان هاتنە پێشەوە و لە ڕەحمە خانیان پرسی: کە بۆ ماڵی کێ دەگەڕێن، یا ئەوی دیکەیان دەیگوت: خوشکم بۆ عەرەبانە وەستاوی؟ بە خوا زەحمەتە لێرە دەستت بکەوێ، دەبێ بچیتە سەر جادە گەورەکە.

هەرچۆنێک بوو، سەعاتێکی ناخۆشیان بردە سەر کە کوڕێکی جلی ئەفەندی لەبەر گەیشتە بەر دوکانەکە و سەیرێکی ڕەحمە خان و وەنەوشەی کرد و بە سەرسووڕمانێکەوە دوکانەکەی کردەوە و هەر ئاوڕیشی لەوان دەدایەوە.

ڕەحمە خان بە زەردەخەنەیەکی شەرماوییەوە لە کوڕەکە چووە پێشەوە و لەسەرخۆ گوتی: فەرەیدوون سەلامت لێ دەکات. کوڕەکە ڕاپەڕی و بە حەپەساوی گوتی: یاخوا بە خێر بێن، فەرموونە ژووری، دەترسم لە دەمێکەوە لێرە ڕاوەستابن؟ ئەمەی گوت و دەستی برد بۆ جانتاکانیان. بە هەموویان هێنایانە ناو دوکانەکە، ئینجا ئەوان ئاهێکیان هاتەوە بەر، ئەگەرچی دوکانەکەش زۆر بچکۆلە بوو، بەڵام دوو سێ کورسیی لێ بوو کە خەڵک بتوانێت دانیشێت.

کوڕەکە شتەکانی دەستی دانا و گوتی هەر ئێستە دەتانبەمە ماڵەوە، دەڕابەکەی بە جوانی هەڵبڕی و دەستی دایە پریاسکە و کەلوپەلەکانیان، جامخانەی دوکانەکەی قفڵ دایەوە و کەوتنە ڕێ. ئەوەندەی پێ نەچوو گەیشتنە ماڵی کوڕەکە. میوانەکانی دایە دەست

دایکی و خۆی گەڕایەوە لە دوای ئەوەی ئەمانەتەکەی لە ڕەحمە خان وەرگرت و گوتی ئێوە جارێ لێرە بن و ماڵی خۆتانە، تاکو جوابتان بۆ دەهێنمەوە.
دایکی مەریوان بە گەرمی بەخێرهاتنی کردن و بردنیە ژوورێ و بە گورجی خەڵوزی هێنا و ئاگری بۆ گەش کردنەوە. چا و بەرچایی بۆ دانان و بە ڕوویەکی خۆشەوە بە دەوریاندا هات و چوو، بە جۆرێک کە ڕەحمە خان هەر بەوەدا دەگەیشت کە بڵێت: ئەیەڕۆ خەجاڵەت خۆمان، وەڵا بمانزانیایە وا دەکەیت و ئەوەندە خۆت هیلاک دەکەیت، نەدەهاتین.
(ڕابیعە خان) چوو پەلاماری عەبا و زەمیلەکەشی دا کە بچێت بۆ بازاڕ دوای ئەوەی بە ڕەحمە خانی گوت کە بۆ خۆیان ئیسراحەت بکەن و پاڵ بکەون تاکو دێتەوە. پێشی گوتن کە هەرکەسە لە دەرگای دا، گوێی مەدەنێ و مەیکەنەوە. لێی دا چووە دەرێ.
ئەمانیش هەروا سەیری یەکتریان دەکرد و سەریان سووڕ مابوو کە خەڵکی یەکجار ئەوەندە بەخزمەت و باشیش هەیە؟ ناچار بۆ خۆیان بە دیار مەقەڵی و ئاگرەکەوە دانیشتن و کەوتنە ورتەورت لەگەڵ یەک.
ڕەحمە خان گوتی یاخوا زوو جوابەکەمان بۆ بێتەوە و بڕۆینەوە. بە ڕاستی ئەم ژنە باشە تەریق و شەرمەزاری کردین. وەنەوشە بە گوێدانەوە گوتی: چییە دەڵێی هەر خۆی و کوڕەکەین؟ ماڵەکەیان کەسی دیکەی لێ نییە. سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد لە ژوورەکەدا و قسەکەی تەواو کرد و گوتی ماشەڵا ماڵەکەیان چەند خنجیلە و پاکوتەمیز و ڕێکوپێکە.
ڕەحمە خانیش چاوێکی گێڕا و گوتی ئەرێ وەڵا یا ڕەبی موبارەکیان بێت، شوکر خانووی خۆیانە. خوا لێی نەسێنێ دوو کوڕی تریشی هەیە بێجگە لە مەریوان، ئەوانی تری بەژن و ماڵن، دوو کچیشی بەشوون. ڕەحمە خان بە زەردەخەنەوە دەستی ڕاوەشاند و گوتی:

ئۆهـ تـۆ بـڕۆ گوێت لـێ بـێ کە ئەمـانیش چییـان بەسـەر هـاتووە بە دەســت ماڵپشــکنین و گــرتن و حەپســخانەوە. زاوایەکــی تــازە لە حەپســخانە بەربـووە. دەیگـوت ســاڵێک حـوکم دراوە و ســاڵێکیش لە (نـوقرە سـەلمان) دوور خـراوەتەوە و ئەو هەمـوو وەختە کـچەکەی بە ســێ منـاڵەوە هەر لای خـۆی بـوو. ڕەحـمە خـان بەدەم زەردەخەنەوە گوتی تو خوا چەند دڵی پڕ بوو، هەر بەو تۆزە دانیشـتنە ئەو هەمـوو سکالایەی خۆی بۆ کردم.

وەنەوشــــە زۆر خۆماڵییـــانە ســـــەیرێکی پـــــوورێی کـــــرد و بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی:

کەواتە هاودەردمان زۆرە. وام دەزانی هەر خۆمان واین.

ڕەحـمە خـان هەر لە سـەر ئەو شـوێن و دۆشـەکەی کە دانیشـتبوو، ڕاکشا و کەواکەی بە چاکی لە قاچ و قـولیەوە ئالاند و بە وەنەوشـەی گـوت: تـۆش بـۆ خـۆت هەنـدێ پـاڵ بـکەوە. وەنەوشـە سـەیری کـرد کتێبێـک لە ســەر مێــزە بچکــۆلەکە دانــراوە. هەڵــی گــرت و کەوتە خوێندنەوەی.

ڕەحمە خان بە پاڵکەوتنەوە خەیاڵی پەرشوبڵاو بووەوە.

– تۆ بڵێی بتوانین شەماڵ ببینین؟

– خـوایە لە سـلێمانی چـی بەو کـچ و کـوڕ و خزمـانەم بڵـێم؟ خـۆ ئەوانیش فەرەیدوون و کاوە و دکتۆر حەسەن نین. بڵێم کچی خدری ئامۆزامە؟ چی بکەم دەترسم کەسێک بیناسێتەوە.

ڕەحمە خان هەر بە پاڵکەوتنەوە لە ژێرەوە سەیرێکی وەنەوشەی کرد کەوا چـۆن دانیشـتووە کتێـبەکە دەخـوێنێتەوە و دیـمەنەکەی چەنـد دڵگیرە. لەبەر ئەوە بە خۆشەویستی و دڵسۆزییەکەوە چاوی تێ بڕی و لە ژێرەوە زەردەخەنەیەک گرتـی و لە دڵی خۆیدا گوتی ئەم کـافرە هیـی ئەوەش نیـیە خەڵـک بتـوانێ ببینـێ و سـەرنجی ڕانەکێشـرێ بە لایدا. ئێستە من ئەم بلـوورە نـازدارە لە کوێ بشـارمەوە؟ چۆن بهێڵم کەس نەیبینێ؟ قـابیلە بەسـەزمانە حەپسـی بکەم. ئەی چـی بە شـەوبۆ

دەمبەهاواری کچم بڵێم؟ پێی بڵێم کێیە؟ ئەی خوایە، بە خوا وا بزانم لە سلێمانی تووشی هەرا دەبم. کاشکی هەر لە بەغدا بوومایە. بەغداش ڕۆژێک دوو ڕۆژ، ئەوەش چۆن دەکرا. ڕەحمە خان دیسان سەری دونیای لێ دەهاتەوە یەک. دوای بەینێک (ڕابیعە خان)یش بە کیسە و زەمیلەی پڕ شتەوە لە بازاڕ گەڕایەوە. ماوەیەکیش بە قسەوباس و نانخواردن و چاخواردنەوەوە خەریک بوون. نزیک ئێوارە مەریوان گەڕایەوەماڵێ و بە ڕوویەکی خۆش سەلامی لێ کردن و گوتی: جەماعەت شوکر زۆر باشن و سەلامیان هەیە و حەز دەکەن کە بەیانی سەرێکیان بدەن.

وەنەوشە بەم قسەیە دڵی داخورپا و موچرکێکی پێدا هات لە خۆشیاندا، بەڵام هیچ نەیبردە سەر خۆی.

ڕەحمە خانیش دڵی خۆش بوو و لە دڵی خۆیدا گوتی ئۆخەی خوایە، بەشکەم شەماڵیش بیرێکم بۆ بکاتەوە کە چی بکەم و چی بڵێم.

ئەگەرچی لە بەغدا پێی گوتم کە چی بکەم و چی بڵێم، بەڵام دیسان هەر دەترسم.

بەیانی دوای چاخواردنەوە ڕەحمە خان و وەنەوشە خۆیان کۆ کردەوە و لە دوای ماچوموچێکی زۆر لەگەڵ (ڕابیعە خان) شوێنی مەریوان کەوتن و ڕۆیشتن. مەریوان بردنی بۆ دوکانەکەی و لەوێ دای نان و گوتی جارێ فەرموون دانیشن.

ئەمانیش دانیشتن. ڕەحمە خان لە دڵی خۆیدا گوتی دیارە ئیشی هەیە، دوایی دەمانبات، بەڵام مەریوان هەر خەریکی ئیشەکەی بوو و لەوە نەدەچوو کە نیازی چوونەدەرەوەی هەبێت. ئەمانیش هەر سەیری یەکتریان دەکرد، دوای ماوەیەک خەریک بوو تاقەتیان بچێت، بە تایبەتی دوکانەکە بچووک بوو و خەڵکیش پەیتاپەیتا دەهاتن. ئەو دەیویست ڕەسم بگرێت و ئەوی دیکە داوای ڕەسمە شۆڕاوەکانی دەکرد.

ڕەحمە خانیش سەری ڕاوەشاند و بە چرپە گوتی کاشکی هەر لەوێ بمایناتەوە. ئەیەڕۆ دەڵێی بۆقی گەلابەسەرین لە ناو ئەم پیاوانە

دانیشـــتووین. پـــاش مـــاوەیەک مەعمیلەکـــانی مەریـــوان بەرەبەرە دەڕۆیشتن و دوکانەکە چۆڵ بوو. ئەویش هاتە لایانەوە و سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و گوتی دەبوو برادەرێک بێت بە شوێنتاندا، کەچی وا درەنگی پێ چوو، دەبوو سەعات هەشت لێرە بوایە، کەچی وا نۆ و نیوە.

مەریوان ئاوڕێکی لە ڕەحمە خان دایەوە و گوتی ئەگەر تاکو پێنج دەقیقەی تر نەهات، بچنە ماڵ، لێرە ناڕەحەت دەبن. تازە ڕەنگە نەیەت، ئاخۆ چ ئیشێکیان بۆ بووە. ئەو وای گوت و دەرکی جامخانە کرایەوە و کوڕێکی کەڵەگەتی سوورفل کردی بە ژووردا. دوای چاک و چۆنیی گەرم، مەریوان گوتی بۆ وا دوا کەوتی؟ ئێستە خەریک بووین بڕۆینەوە ماڵێ.

کوڕەکە گوتی ببوورن، وەڵا تا بازاڕ چووم ئیشێکم هەبوو. ڕووی کردە ڕەحمە خان و گوتی دەی فەرموون با بڕۆین. بە زەردەخەنەوە قسەکەی تەواو کرد و گوتی کاک (وریا) لە سەعات شەشەوە پیاسە دەکات و چاوی لە ڕێگەتانە.

ئەوەندەی نەمابوو ڕەحمە خان بڵێت ئەیەڕۆ (وریا) کێیە چاوەڕێمان بکات؟ بەقوربانە هەر ئەوەمان کەمە. بەڵام گورج هاتەوە بە بیریدا کە ڕەنگە ناوە تازەکەی شەماڵ بێت، چونکە دەیزانی کە تاکو ئێستە چەندەها ناوی وای بووە و بۆ هەر شوێنێک دەچێت، ناوێکی تازەی لێ دەنێن.

بەڵام وەنەوشە خۆی پێ ڕانەگیرا و خۆی گەیاندە ڕەحمە خان و بە چرپە گوتی ئەیەڕۆ پووریێ گیان (وریا) کێیە؟ ڕەحمە خانیش بە مەعنا و ئیشارەت تێی گەیاند کە (وریا) دەبێت کێ بێت.

ئیتر شوێنی کوڕەی سوورفل کەوتن و ڕۆیشتن تا سواری عەرەبانەیەک بوون.

عەرەبانەکەیان لە پەردەکەی خاسە پەڕییەوە و ڕووی کردە شاترلوو و بەینێکی باش ڕۆیشت و لە سەری کۆڵانێک ڕاوەستا. ئەمانیش

دابەزین و بەینێک بە پێ ڕۆیشتن، بە سەر جۆگەلەیەکی بچکۆلەدا تێ پەڕین و کوڕەی سوورفل لە بەر دەرگایەک ڕاوەستا و لێی دا. وەنەوشە خەریک دەبوو گوێی لە دەنگی دڵی خۆی دەبوو ئەوەندە دڵی پەلەپەلی دەکرد. هەناسەی خەریک بوو سوار دەبوو و زۆری لە خۆی دەکرد کە بتوانێت خۆی بگرێت کە شەوق و خۆشییەکەی دەکەوێتە ڕوو.

دەرگا کرایەوە و ژنێکی خرپنی گەنمڕەنگی سوورفلی ئێسکسووکی جلی کوردی لە بەر بە گەرمی پەلاماری دان و دەستی کردە ملیان و هێنانی بەرەوژوور، کوڕەکەی لەگەڵیان بوو، ڕووی کردە ڕەحمە خان و وەنەوشە و گوتی قەمەری خوشکمە. بەم قسەیە وەنەوشە مێشکی شێوا. لەم کاتەدا شەماڵ بە پەرۆشەوە لە ژوورێکی سەرپەڕی حەوشەکە دەرپەڕی و بە گەرموگوڕی پەلاماری دایکی دا، دەتگوت ساڵێ بوو نەیدیبوو، دوایش دەستی وەنەوشەی گرت و بە دەمێکی تێکەڵوپێکەڵ بەخێرهاتنی کردن و هەموو پێکەوە چوونە ژوورەکەیەوە کە خۆی و ئەنوەری سوورفلی لێ دەنوستن.

وەنەوشە هەندێ شەوق و پەرۆشییەکەی ساردبووەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی:

چییە ئەوە دەڵێی شەماڵ و ئەم ژنە بە تەنیا لێرەن؟ بزانە ئەو ژنە لەبەر ئەو چۆن هات بە پیرمانەوە؟ خەریک بوو هەر بمانکاتە کوڵ!

بزانە ئەویش چەند دڵی خۆشە و سوورەسووری ڕوومەتیەتی!

ئەم ژنە لە ژنی مێردار ناچێت و ئەگەر واش بێت، دەڵێی منداڵی نییە، ڕەنگە بێوەژن بێت.

شەماڵ وەنەوشەی لە خەیاڵ دا دوای ئەوەی قەمەر و براکەی ژوورەکەیان چۆڵ کردبوو. شەماڵ بە شەوقەوە ڕووی کردە دایکی و گوتی: دەزانی زۆر دڵم لاتان بوو و ئارامم نەبوو، دەمگوت تۆ بڵێی لەو ڕێگە و بانە تووشی هیچ نەبن، یاخوا بە خێر بێن، چەند ڕۆژێک لای من بمێننەوە. دوێنێ قەمەر خان کە زانیی هاتوون، هەر زوو

ژووری بۆ چاک کردن و گوتی هەر نایەڵم جاریّ بڕۆنەوە. شەماڵ بە خۆشییەوە گوتی:ماڵەکە چۆڵوهۆڵە، کەس هاتوچۆیان ناکات، لێرە زۆر دڵنیام، زۆر ئیسراحەتم کردووە.

وەنەوشە لە دڵی خۆیدا گوتی:

بەڵیّ قوربان، بۆچی ئیسراحەت ناکەیت؟ بە تەنیا لەم ماڵە دانیشتووی و ئەم ژنە ئێسکسووکە ڕوومەتی دەڵێی سێوەلاسوورەیە، بە بەردەمتدا دێت و دەڕوات و خزمەتت دەکات، ئیتر بۆچی دڵنیا نابیت و ئیسراحەت ناکەیت! دە بزانە ئەمە کوڕە مەلائیکەت و فەقیرۆکەکە بوو!

شەماڵ دیسانەوە هێنایەوە سەر خۆی و گوتی: دڵتان هیچ نەکات، ژن لە پیاو باشتر، پیاو لە ژن باشترە. هەر سەریان پێوە نییە ئەوەندە ماڵی باشن و کوردپەروەرن، ئەم برایەشی هەر لێرە دەژی ئەمە ژووری من و ئەوە.

وەنەوشە ئاهێکی هاتەوە بەر و هەندیّ کرایەوە و گوتی چییە دەڵێی منداڵیان نییە؟

شەماڵ بە چاوێکی پڕ خۆشەویستییەوە وەک سەرخۆش و مەست سەیرێکی کرد و بە پەرۆشییەکی دڵسۆزانەوە گوتی نا، بە داخەوە منداڵیان نابێت.

لای ئێوارە کاک سمایل هاتەوە ماڵیّ و بە خۆشییەوە بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و هەستی خۆی بۆ دەربڕین، گوتیشی دەبیّ جاریّ لێرە بن. لە کانگای دڵییەوە هاتنی ئەم میوانانەی پیّ خۆش بوو، ئەگەرچی بە دڵ و بە گیان کەوتبووە یارمەتیدانی شەماڵ و هاوڕێکانی و زۆر بە دڵسۆزییەوە چووبووە ناو ئیشەکەوە، بەڵام جاربەجار گومانەکەی دەجووڵایەوە و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئەگەرچی کوڕێکی زۆر باش و بەناموسیشە، بەڵام شەیتان نەمردووە. خۆزگە کەسێک ببوایە بۆ ئەوەی شەماڵ و قەمەر بە تەنیا نەبوونایە.

لەبەر ئەوە، لە خۆشیی ئەم میوانانە هەر خەریک بوو گەشکە بکات و بیانکاتە کۆڵ و چەند جارێک لەسەر یەک گوتی تازە دەبێ ماوەیەک لێرە بن. کاک سمایل بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی: هەندێ جار (وریا) زۆر مات دەبوو، وا بزانم بیری ئێوەی دەکرد.
ڕەحمە خان بە پێکەنینەوە گوتی:
ڕاست ئەفەرمووی، زۆر چاکی بۆچووی.... قەت کوڕی وام نەدیوە، ئێستەش دەڵێی منالە، ئەگەر بەینێک لێم دوور بکەوێتەوە، بیرم دەکات و ناڕەحەتیی پێوە دیار دەبێت. ئەوەتا خوا نەیبڕێ دوو کوڕی ترم هەیە، کچم هەیە، کەسیان وەک ئەم نین. ڕەحمە خان ویستی هەندێ قسە بکات و دانیشتنەکەیان گەرم بکات، بە تایبەت کە کاک سمایل هاتبوو دانیشتبوو لە لایان، ئەمیش دەیویست هەندێ خۆماڵییانە قسە بکات. دوای ئەوەی شەماڵ باسی بۆ کردبوون کە چەند ئەم پیاو و ژنە باش و دڵسۆزیانن، بۆیە بە پێکەنینەوە بە لکی سەرپۆشەکەی دەمودانی خۆی داپۆشی و گوتی:
بە برای خۆم بڵێم، جارێ منالەکانم هێشتا ورد بوون، ڕەحمە خان گەڕایەوە و گوتی وەڵا وردی وا نەبوون. ئەم کوڕەم تازە لە شەشی ئیبتیدائی دەرچووبوو، کچەکان لەو منالتر بوون و دوو کوڕەکەم گەورەتر بوون. باوکیان تووشی نەخۆشی بوو و دەبوو لەگەڵ بچم بۆ بەغدا کە عەمەلیاتی بکەن. دوای عەمەلیات و بەزم گەڕاینەوە سلێمانی، خوشک و برا و خزم و ئاشنام هەموویان پێیان گوتم: ڕەحمە ئەم سەفەرەت بە کەسەوە دیار نەبوو بە (وریا)وە نەبێت. بە ڕاستی دایم مەلوول و ملکەچ بوو، هەرچییەکمان بۆ بکردایە دڵی نەدەکرایەوە.
هەمویان دەستیان کرد بە پێکەنین و درێژەیان دا بە قسە و دانیشتنەکەیان.
ڕەحمە خان و وەنەوشە دوو ڕۆژ بوو لە ماڵەوە بوون، شەماڵ بە تەواوی و بە جارێ شەیدای ئەو چاوە کاڵە گەشانەی وەنەوشە

بووبـــوو. زۆر جـــار کە بە تەنیـــا دەبـــوو لە ژوورەکەی خۆیـــدا، بە دەنگێکی نزمـی لەسـەرخۆ و بەو دەنـگە بە سـۆزە خۆشـەی گۆرانیی: "چـــاونێرگزی بەخومـــار، وەنەوشـــەی نـــاو پەرژیـــن و شـــادیی دڵـــی خەمگین"ی بۆ خۆی دەگوت.

شەماڵ لەگەڵ دایکی و وەنەوشـە و هەنـدێ جار بەبێ ئەویش باسـی چوونە سلێمانیان دەکرد کە چی بکەن و دایکی چی بڵێ بەو خزم و خەڵکە و کەس و کارەی کە وەنەوشە دەبینن و چۆنیان پێ بناسێنێ. زۆر جار دایک تەگبیرێکی دەکرد، کوڕ هەڵی دەوەشاندەوە، یا کوڕ ڕێوشـوێنێکی دادەنـا، دایـک پەسـەندی نەدەکـرد. ئـاخری گەیشـتنە ئەو پـلانەی کە وا جـارێ ڕەحـمە خـان بە تەنیـا بـڕواتەوە بـۆ سـلێمانی و خانووەکەی بدات بە کرێ و لە گەڕەکێکی دوور لە خزم و ناسیاو و ئەمـین خـانوویەک بگرێ بە کرێ، دوایـی بێتەوە و وەنەوشـە بباتەوە لەگەڵ خـۆی و بەو خـزم و کەسـانەی هاتوچۆیـان دەکەن، بڵێت کەوا کچـــی برادەرێکـــی شـــەماڵە و بـــاوکی لەســـەر کـــوردایەتی گیـــراوە. کـــابرایەکی ســـەر بە حکـــومەت چەنـــد جـــارێ داوای ئەم کـــچەی لـــێ کردووە و ئەویش هەر بە دەرکردن دەری کردووە.

لەبەر ئەوە کـــابرا خەبەری لە بـــاوکی کـــچە داوە و داویـــەتی بە حەپسـکردن. کـچەش دەترسـێ لەوەی کە بە تەنیـا لە ماڵێکـدا بـژی، نەوەکو ئەو کابرا بێشـەرەفە کەتنێکی پێ بکات. بۆیە بـرادەران وایـان بە بـاش زانیـوە کە ئەم لەگەڵ خـۆی بیهێنێت بـۆ سـلێمانی بـۆ ئەوەی بەینێک لە کەرکووک دوور بکەوێتەوە تا بزانن باوکەکەی چیی بەسـەر دێت، پێشـیان بڵێت کە ئەوانیش باسـی نەکەن. هەروەهـا وەنەوشـەش لای خزم و ناسیاوی زۆر نزیک و جێی بڕوا نەبێ، خـۆی دەرنەخـات. هــەر یەکێکیــان ئەم پیلانەیــان بە دڵ دەبێــت و بە تەگبیرێکــی بەجێــی دەزانن.

دوای چەنـد ڕۆژێـک ڕەحـمە خـان گەڕایەوە سـلێمانی و دوای ئەوەی چەند جارێک شـەماڵی ڕاسپارد و سـوێندی دا کە ئاگای لە وەنەوشـە

بێت، شەماڵیش گاڵتەی بە قسەکەی دایکی دەهات و لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئاخر ئەمە قسەیە تۆ دەیکەیت دایە گیان، ئەگەر ئاگات لێ دەبێت وەنەوشە بووە بە چی لای من، قەت وام پێ ناڵێیت، بۆچی من لە تاو ئاگا لە فریشتە بوون ئاگام لە خۆم ماوە؟

دوای ڕۆیشتنی ڕەحمە خان، وەنەوشە مات بوو و دڵی گوشرا، چەند جارێ بە دزییەوە چووە ژوورێ و بۆی گریا. زۆر جار لە ژوورەکەی خۆی دەمایەوە و ڕووی نەدەهات لە خۆیەوە بچێت بۆ لای شەماڵ و ئەوان.

ڕەحمە خان لە قەمەر و ماڵەکەی گەیاندبوو کەوا وەنەوشە خزمێکی زۆر نزیکیانە و دەستگیران و مارەبڕی شەماڵیشە، بۆ ئەوەی بیانوویەکیان هەبوایە کە لەوێ بەجێی بمایە و هەروەها دەبوو ئەمانیش وا بجووڵێنەوە. لەبەر ئەوە زۆر جار (قەمەر) دەچووە سەر وەنەوشە و دەیویست گاڵتەی تێ گرێت و دەیگوت ئەوە چییە بۆ ناچیتە کن کاک (وریا)؟ دە بڕۆ بۆ لای زووکە، فەقیرە بیرت دەکات و هەر خەریکی سەرەتاتکێیە لە ناو پەنجەرەکەوە، دە هەستە دەی، ئیتر ئەوەندە ناز مەکە بەسەریەوە. بەسەزمانە بەرگەی ئەم هەموو نازە ناگرێت.

وەنەوشەش دەبوو شتێک هەر بڵێت لە بابەت ئەم گاڵتانەوە. هەرچەند زۆری لە خۆی دەکرد و ڕووی نەدەهات، بەڵام هەر بە منگەمنگ شتێکی دەگوت، وەک ئەوەی بڵێت کە ئەو نووسین و شتی هەیە، یا دەیگوت هەندێ سەرم ئێشێت، خۆی گوتی بڕۆ پاڵ بکەوە. ئیتر لەم جۆرە قسانە.

هەروەها قەمەر لەگەڵ شەماڵیش گاڵتە و قسەی وای دەکرد و هەندێ جار لە بەر چاوی برا و مێردەکەشی و کە هەموو پێکەوە دادەنیشتن، قسە و گاڵتەی وای دەکرد کە شەماڵ و وەنەوشەش تەریق دەبوونەوە و سوور هەڵدەگەڕان. ئیتر تا بەینێک ڕوویان نەدەهات سەیری یەکتر بکەن.

پاشـنیوەڕۆیەک قەمەر چووبـووە حەمامەکەیـان کە خـۆی بشـوات، وەنەوشـەش لە ژوورەکەی دانیشـتبوو و خـۆی بە خوێنـدنەوەی کتێبێکەوە خەریک کردبوو.

شـەماڵ یەک دوو جـار بە بیـانووی دەستشـتن و چوونەسـەرئاو هـاتوچۆی حەوشـەکەی کرد چاویشـی بڕیبووە ژوورەکەی وەنەوشـە کە ئاخۆ چی بکات، بۆچی نایەتە دەرەوە. ئاخری شـەماڵ پەتی پچڕی و لە دڵـی خۆیـدا گـوتی ئەوە وا نابێـت، ئەم شـەرم و شـکۆیەی پـێ ناوێت. قەمەر خان تازە ڕای هێناین خێری بنووسێت. با بچم سەرێک بکێشـم بـزانم خەریکـی چیـیە، بە تەریقییـەکەوە چـووە بەر دەرکـی ژوورەکەی و سەرێکی کێشـا و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی ئەوە چی دەکەیت، خەریکی چیت؟

وەنەوشە ڕاپەڕی و داچڵەکی، چونکە ئەمە یەکەم جار بوو شـەماڵ بێتە ژوورەکەی. شەماڵ بە شەوق و پەرۆشەوە و بە دەنگێکی نزم گوتی:

وەیـش ترسـایت؟ ببـوورە حەزم کـرد بـزانم چـی دەکەیـت، بـۆچی بە تەنیای؟ بۆ نایەیتە دەرەوە؟

لەو ڕۆژەوە کە شـەماڵ ئەو قسـانەی لەگەڵ وەنەوشـە کـرد، ئیتـر هەنـدێ ڕووی کـرایەوە. هەر کە دیـار نەبـوایە، دەچـووە ژوورەکەی دەستی دەگرت و دەیهێنایە دەرێ، یاخود بانگی دەکرد کە بێت کاغەز و ماغەزی لەگەڵ ڕێک بخات، یا هەندێ جار دەینارد چای بۆ بێنێت و دەیگوت با قەمەر خـان ئەزیەت نەدەین، ئیتر وردەوردە هەردووکیـان کـرانەوە لەگەڵ یەک. بەڵام کردنەوەیەکـی زۆر پـاک و لە قسـە و لە نیازی بێگەرد تێپەڕی نەدەکرد.

کاک سـمایل لە هەموویـان دڵـی خۆشـتر بـوو. هەر کە دەهـاتە مـاڵەوە، هەژدەهەژدە دەکەوتە قسـە و وەک ڕادیـۆ دەکـرایەوە، بە تـایبەتی کە چـاوی بە وەنەوشـەی نـازەنین دەکەوت و لە دڵـی خۆیـدا دەیگـوت ئۆخەیش خوایە، یا ڕەبی کچەکە ڕووسووری لای خوا و عەبد بیت وەکو منت لەو خەیاڵ و مەراقە کوشندەیە نەجات دا. ئەوەتا ئێستە

چەند دڵنیا و دڵخۆشم، چۆن خەڵک شیرینێکی وای دەستگیران بێت سەیری کەسی دیکە دەکات؟ هەروەها دڵیشی بەوە خۆش بوو کەوا ئێستە غیرەتی جووڵاوە و خزمەتی میللەت دەکات و خۆی بە پیاوێکی خەباتکەر و خاکپەروەر دەزانێ.
زۆر جار لە دەرگاوە باسی مودیری پۆلیسی بۆ شەماڵ دەگێڕایەوە کە ئەمڕۆ کێ هاتبوو، ئەمڕۆ کامیان چیی گوتووە و کامیان چیی کردووە. چەند کەسیان پارەی دۆڕاندووە و خزمەتکاری فلان چیی گوتووە و معاونی پۆلیس ئەمڕۆ چەند سەر مەڕی بە بەرتیل وەرگرتووە، چەندی بۆ خۆی بردووە و چەندی بۆ ماڵی مودیری پۆلیس هێناوە. ئیتر باسی دەکردن و جنێوی پێ دەدان و باسی خراپە و بێناموسیی دەستەودایەرەی حکومەتی دەگێڕایەوە، دڵخۆشیی خۆی بۆ میوانەکانی دەردەبڕی و سەری خۆی قاڵ کردبوو، قەمەریش زۆر جار بۆی دەچوو و دەیگوت ئاگات لە دەمت بێت بۆ خاتری خوا، لەوێش بیرت نەچێ قسەی وات لە دەم دەرچێت و دوایی لێت بکەونە شکەوە. ئەویش قاقای لێ دەدا و دەیگوت خەمت نەبێ، بە سەری تۆ وام لێ کردوون نەبێتەوە. ئەو ڕۆژە مودیرەکە پێی دەگوتم ئا بزانە سمایل دەڵێن لە بازاڕی سەوزەفرۆشەکان دوکاندارێکی بێناموس هەیە، هەتیو و مەتیو و عەمەلە لە خۆی کۆ دەکاتەوە و قسە بە حکومت دەڵێت. بزانە نایدوێنێ و بچی لای شت بکڕی، بەشکم شتێکت لێ مەعلوم بێت یا یەکێ لەو هەتیو و مەتیوانە بناسی. کاک سمایل دەستی دا بەیەکدا و پێکەنیی و گوتی ئەی چۆن، ئێستە ئەوان وا دەزانن هەروا چکێ لە خوار ئەمنەکانەوەم. شەماڵ گوتی هەر بژیت، بە ڕاستی ماشەڵا ئازایت.
کاک سمایل بە ماتییەکەوە دەستی دا بەیەکدا و گوتی:
داخم ناچێت تاکو ئێستە عومرم بە خەسار چووە. دەمەوێت لەم چەند ساڵەی ماومە، هەقی ئەو ساڵانە بکەمەوە. هەموویان بە جارێک گوتیان ئینشائەڵا هەر خۆش دەبیت، هەر دەمێنیت.

قەمەر بە زەردەخەنەوە هەڵی دایە و گوتی قەیناکا دەردی دەڵێن (لە هەر خەساریێ ئەقڵێ) دوای بەینێک ئەنوەر هاتە دەرێ لە ژوورەکەی و زەمیلەی قاپە بەتاڵەکانی ماڵی مودیری پۆلیسی بە دەستەوە بوو. ڕووی کردە کاک سمایل و گوتی ئەوەتا قاپەکانم بۆ حازر کردی، کاک سمایل پێکەنیی و گوتی چاکت پێچابێتەوە، وەکو ئەو ڕۆژەم لێ نەکەیت کە ڕەشەباکە هەڵی کرد و سەرقاپی مەنجەڵی برد و خەریک بوو لە ناوەڕاستی بازاڕەکەدا کاغەزەکان پەرشوبڵاو ببنەوە، خوا ڕەحمی کرد کە جامانە پیسەکەمم خستبووە کیسەیەکەوە و بە دەستمەوە بوو، ئیتر بە مەنجەڵەکەوە خستمە ناوی و وەکو مەنجەڵەماست بەستم و کوڕێکیش دوای سەرقاپەکە کەوت، کاری ڕاست بێت بۆی هێنامەوە. ئەنوەر پێکەنیی و گوتی خەمت نەبێ، ئەم جارە باشم پێچاون.

لە دوای بیست ڕۆژێک ڕەحمە خان گەڕایەوە کەرکووک. لە دوای ئەوەی هەموو ئیشوکاری بە باشی جێبەجێ کردبوو، ئەگەرچی وەنەوشە بە هاتنەوەی ڕەحمە خان گەشایەوە و زۆری پێ خۆش بوو، بەڵام کە بیری لێ کردەوە، دڵی داخورپا: دەبێ لێرە بڕوا، بچێتەوە بۆ سلێمانی، خوا خۆی دەزانێ کەی جارێکی کە ڕێی دەکەوێتەوە ئێرە و چاوی بە شەماڵ دەکەوێتەوە.

هەروەها شەماڵیش لە سەرێکەوە هاتنەوەی دایکی پێ خۆش بوو لە سەرێکیشەوە کە وەنەوشە دەباتەوە، ئەویش مێشکی هەندێک شێوا.

شەماڵ بە گەرمی چوو بە پیر دایکیەوە و گوتی:

لەشت ساغ بێت، دەبێت چەند هیلاک بووبی بە دەست ماڵگواستنەوەوە. دایکیشی لە دوای پشوودانێک دانیشت و باسی بەکرێگرتنی خانوو و گواستنەوەی بۆ کرد و گوتی هەر زوو مشتەری و کرێچی بۆ ماڵەکەیان پەیدا بوون و وەکو حەڵوا گواستیانەوە. ڕەحمە خان بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی هەر ئەوەندە گوتم خانووەکەم دەدەم بە کرێ، نازانم ڕۆڵە دەتگوت جارِم

دابوو، هەر بۆ بەیانی خەڵک دارژان بەسەرمدا، ئەو دەیگوت دەیکڕین، ئەو دەیگوت بە کرێ دەچینە ناوی.
شەماڵ بە خۆشییەوە گوێی لە دایکی دەگرت و گوتی:
ئینجا خانوو و شوێنی وا دەست کێ دەکەوێت؟ نزیک لە بازاڕ و لە هەموو شوێنێک، خۆشی خانوویەکی فەرەح و خۆش.
ڕەحمە خان دەمولێوی خۆی هێنایە یەک و گوتی حاجی گوروونە شەل چەند جار هاتە سەرم و گوتی چەند دەڵێی دەتدەمێ پێم بفرۆشە.
ڕەحمە خان دەستی دا بە سنگیدا و سەری ڕاوەشاند و گوتی:
پێم گوت ئەیەڕۆ چۆنی دەفرۆشم، بە خوا هەموو سەروەتەکەتم بدەیتێ نایفرۆشم.
شەماڵ پێکەنیی و گوتی دەستت خۆش بێ کە وات پێ گوت. چۆن دڵمان دێت، هەر ئەو خانووە کۆنەمان هەیە و هەموو لەوێ لەدایک بووین، هەزار یادگاریی خۆش و ناخۆشمان لەگەڵی هەیە.
دایکی گوتی:
ئەرێ بە خوا، ئێستەش ناچار نەبوومایە، هەر چۆڵم نەدەکرد. ئەو چەند ڕۆژەی لە خانووە تازەکە بووم، ئۆقرەم نەدەگرت. هەر ئەوەندەدەت دەزانی عەباکەم بە دەستەوەیە و چوومەتە بازاڕ و دەوروبەری خانووەکەمان، ئەگەرچی هەمیشە شەوبۆ و مناڵەکان لە لام بوون و ئاتولی پوورت و مناڵەکانی بەجێیان نەدەهێشتم، کاریان ڕاست بێت هەموو ماڵەکەشیان بۆ دامەزراندم.
دایکی بە چاوێکی پڕ خۆشەویستییەوە سەیرێکی وەنەوشەی کرد و گوتی لەبەر (گوڵە خان) شوێنێکی خۆشم پەیدا کرد، دراوسێی وامان نییە، ماڵەکان هەموو دوورن لەیەک، بەر دەگاکەمان زۆر دڵگیر و کراوەیە، دەڕوانێتە شاخی گۆیژە، خانووەکەشی باڵەخانەیە، دوو ژوور و هەیوانێکی هەیە لە سەرەوە و دوو ژێرخانیش لە خوارەوە، سەرتەنوورێکی خۆش، بەڵام ژێرخانەکان خۆش نین، مەگەر هەر بە کەڵکی دار و خەڵوز و زەخیرە و شتی وەها بێن.

هەرچۆنێک بێ زۆرم پێ خۆشە کە دەورمان چۆڵە.
شەماڵ بە پەرۆشەوە گوتی:
ماڵت ئاوا بێت، یەکجار وا چۆڵیش بۆ؟ دنیا هەزار موقەدەری هەیە، دوو کەس بە تەنیا لەم چۆڵییەدا چۆن هەڵدەکەن!
ڕەحمە خان دایە پێکەنین و گوتی: ئەیەڕۆ بۆچی وا دەزانیت لە دەشت و چۆڵیدایە؟ دەڵێم گوایە دراوسێی وامان نییە کە زۆر هەقیان هەبێت بەسەرمانەوە، هەندێ دوورن، ئەگینا گەڕەکێکی ئاوەدان و خۆشە، هەمووی خانووی تازە و خۆش خۆشی لێ کراوە، هەر ئەولامان مەکتەبی کچانە و ئەولا ترمان ڕیزێ دوکانن.
شەماڵ پێکەنیی و گوتی دە باشە چووزانم وام زانی چویتەتە قەراغ شار. وەنەوشە کە تاکو ئەوسا هەر بێدەنگ بوو و بە خۆشییەوە گوێی لێ دەگرت، هاتە قسە و ڕووی کردە شەماڵ و گوتی حەیف نییە پوورم ئیشی نابەجێ بکات؟ وەنەوشە باوەشی کرد بە ڕەحمە خاندا و گوتی ئیشوکاری جوان و ڕێکوپێک هەر لە خۆی دێت.
شەماڵ لەبەر دڵنیایی خۆی کە نەکا دایکی بە پەلە وەنەوشە بەرێت و بڕواتەوە، وەکو شتێک ویستی بزانێت کە کەی نیازی هەیە بگەڕێتەوە، بۆیە ڕووی کردە دایکی و بە بزەیەکەوە کە هەندێ ماتیی پێوە دیار بوو، گوتی: باشە کەی نیازت هەیە بگەڕێیتەوە؟
دایکی دەستێکی بە سنگ و بەرۆکی و دەسماڵیدا هێنا و گوتی: وەڵا زوو بڕۆمەوە باشترە، چونکە خانووەکە چۆڵە و دنیا هەزار بەزمی هەیە، ئەگەرچی بە مناڵەکانم گوتووە کە هەر سەری لێ نەبڕن. دەڵێن لەو بەینەدا دز چوونەتە سەر ماڵێک و هیچیان بۆ نەهێشتبوون. ماڵەکە چووبوونە بەغدا بۆ سەر دکتۆر، شەماڵ دەستێکی برد بۆ سەر و لاملی خۆی و گوتی:
تۆ دەڵێیت ماڵەکە هەر شتی سووکەڵەی تێدایە و فەرش و شتە باشەکانت لە ماڵی خاڵم داناوە، ئیتر ترسی چیتە کە پەلە بکەی بۆ گەڕانەوە؟

دایکی بە لکی سەرپۆشەکەی دەموودانی داپۆشی و بە دڵ پێکەنیی و گوتی:
ئەیەڕۆ خۆ شەرت هەر فەرش نییە، ئەی ئەو هەموو نوێنە جوان و ئەو مەنجەڵ و تەشت و سینییە قەیمییە بەنرخانە، ئەمە بێجگە لە شتی تر؟ لەپڕ ڕەحمە خان دڵی گوشرا، زانیی کە ئەوە شەماڵ حەز ناکا بڕۆنەوە، ڕەنگە زۆریشی لەبەر وەنەوشە بێت، هەروا بە چاوتروکانێ ئەم بیرانەی بە خەیاڵدا هات، ئینجا ڕووی کردە کوڕەکەی و بە چرپە گوتی:
ئینشائەڵا کەی هاتی بۆ سلێمانی، بە هەفتە وەرە بۆ لامان، کەس بە کەس نییە و کەسیش پێ نازانێت.. چییە نیازت هەیە زۆر لێرە بمێنیتەوە؟
شەماڵ گوتی:
جارێ نازنم! بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، ئێرە زۆر ئەمینە، قەت شوێنی وا بێترسمان دەست ناکەوێت بۆ ئیشوکارەکەمان. لەگەڵ ئەوەشدا نازانم برادەران بڕیاری چی دەدەن.
وەنەوشە بەم قسانەی دایک و کوڕ ماتەمینی دای گرت و خەریک بوو چاوە جوانەکانی فرمێسکیان تێ بزێت، بۆیە بە پەلە هەستا و دەستی دایە پیاڵە بەتاڵەکان بە بیانووی ئەوەوە کە بیانبات بۆ چێشتخانەکە.
ڕەحمە خان سەیرێکی وەنەوشەی کرد بەر لەوەی لە ژوورەکە بچێتە دەرێ، ڕووی قسەی کردە شەماڵ و گورج گوتی:
ئینجا کە شوێنەکەت ئەوەندە باش بێت، بۆ دەڕۆن، ماڵیان ئاوا بێت، سلێمانی ئەوەتە هەنگاوێکە ئێمە زوو زوو سەرت لێ دەدەین، وەنەوشە بێدەنگ پیاڵەکانی هەڵگرت و لە ژوورەکە چووە دەرێ، لەبەر گریان قوڕگی گیرابوو.
ئەو شەوە ڕەحمە خان و وەنەوشە تا درەنگ نەنوستن و کەوتنە قسەوباس. وەنەوشە دەستی کردە ملی و گوتی:

وای پووریَ گیان چەندم بیر دەکردیت، هەر ڕۆژ و سەعاتم دەژمارد، بە تایبەتی کە دەهاتم بنووم، ئەوەندە جێت خاڵی بوو.. وەنەوشە بە ئەسپایی پێکەنیی و دەمی خۆی گرت و گوتی دەزانی پووریَ گیان هەندێ شەو دەترسام و سامم لێ دەنیشت، نازانم بۆچی، بە مناڵییش هەندێ شەو ترسم لێ دەنیشت و خەوم دەزڕا، ناچار دەبووم بچمە ناو جێگەی دایە خورشیدەوە، وەنەوشە بێدەنگ بوو، قوڕگی پڕ بوو لە گریان و گوتی:

بە ڕاست ئێستە دەبێ ئەو بەسەزمانە حاڵی چی بێت، ئێستە هەر شێت بووە، زۆری خۆش دەویستم، ئەگەر دەزانێت ئێستە لە کەرکووکم، هەر باڵی دەگرت و دەهات بۆ لام، دایم شکڵیم لە بەر چاوە کە ئێستە چۆن بەدەم ئیشەکانیەوە گۆرانی دەڵێت و دەلاوێنێتەوە و دەگری.

ڕەحمە خان باوەشی پێدا کرد و گوتی ئەوە چییە، دیسان دڵی خۆتت نارەحەت کرد؟ بەقوربان خوا گەورەیە، ئینشائەڵا ئێستە وەزع دەگۆڕێت، خۆ تا دنیا دنیایە هەروا نامێنێت، لەپڕ دەبینی ئێستە ئەو زاڵم و بێویژدانانە خوا وا سەرونگومیان دەکات، قوڕبەسەریان بۆ کوێ دەچن، ئینشائەڵا دەشیبینیتەوە و دەنێرین بە شوێنیاندا بێن بۆ لامان، هیچ دڵی خۆت نارەحەت مەکە.

وەنەوشە بەدەم هەنسکەوە گوتی خۆ پوورەکەم ئەوە هەر ناوێرم بیری لێ بکەمەوە کە ئێستە حاڵی چییە، لەوانەیە تا ئێستە هەر دیقی کردبێت.

ڕەحمە خان گوتی خوا گەورەیە بەقوربان، هەمووی جێبەجێ دەبێت و بە خۆشی پوورەکەشت دەبینیتەوە، ئینجا ویستی قسەکە بگۆڕێت تاکو وەنەوشە بێتەوە سەر خۆی، لەبەر ئەوە بە خۆشییەوە سەیری کرد و وتی ئێستە دەچینە سلێمانی و بۆ خۆمان ڕادەبوێرین، وا دەکەم کە تەنیا کەسە نزیکەکانم بتبینن تاکو خوا دەروویەکمان لێ دەکاتەوە، ئینجا بۆ خۆت لەوێ لەگەڵ شەوبۆ ڕادەبوێری، شەوبۆ ئەوەندە قسەخۆش و گاڵتەچییە.

ڕەحمە خان دەستی دا بە سنگیدا و سەری ڕاوەشاند و گوتی بەڵام وای کە دەمبەهاوار و بۆڵەبۆڵکەرە.
بۆیەش وای گوت تاوەکو وەنەوشە بێنێتە پێکەنین و کەوتە باسی دەمبەهاوارییەکەی شەوبۆی کچی و باسی منداڵەکانی و قسەی تر تاکو خەو بردییەوە بە لادا.
بەیانی وەختی بەرچاییکردن هەموو لە دەوری سەماوەرەکەی قەمەر خان دانیشتن کە بەرچایی بکەن.
کاک سمایل دەمێک بوو ڕۆیشتبوو، چونکە ئەو لە سەعات حەوتەوە دەڕۆیشت بۆ ماڵی مودیری پۆلیسەکە. لای نیوەڕۆ کاک سمایل گەڕایەوە ماڵێ و خواردەمەنی و کەلوپەلێکی زۆری بۆ هێنان و بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی:
فەرموون وەرن بخۆن، یا ڕەبی عافیەتتان بێت.. بە خوا هەمووی هیی بەرتیل و ڕاوڕووتە کە لە خەڵکی وەری دەگرن. کاک سمایل سەیرێکی ڕەحمە خانی کرد و گوتی ئەگەر دەزانی لەم چێشتە خۆشانە چۆن بەشی فەقیرەکان دەدەم، ئەوەندەم مەعمیل هەیە. کاک سمایل پێکەنیی و گوتی مەعمیلی نیوەڕۆ جیایە و هیی ئێواران جیایە.
ڕەحمە خان گوتی ماڵت ئاوا بێت، یاخوا عومرت درێژ بێت، بە ڕاستی ئیشی چاک دەکەیت. قسەکەی تەواو کرد و گوتی: مودیرەکە خێزانی هەیە؟ خەڵکی کوێن؟ کاک سمایل بە زەردەخەنە و شەوقەوە دەستی هەڵبڕی و گوتی: ئەرێ وەڵا ئەوەندە زۆرە، هەر لە ژمارە نایەن. دوو ژنی هەیە و لە هەر ژنەش پێنج شەش منالی هەیە، بێجگە لە دایکی و خوشکی کە بێوەژنە بە دوو منداڵەوە. هەروەها میوانیشیان زۆرە. ڕۆژی دوو جار چێشت لێ دەنێم بۆیان، ئینسان قسەیەک بۆ دزیش بکات، کابرای مودیر زۆر حەزی لە ماڵ و میوانە، دایم لا و دیوەخانی گەرمە، خەڵکی (حیللە)یە. قەمەری ژنی لەولاوە هەڵی دایە و گوتی: دیوەخانی بۆ گەرم نەبێت بەرتیل و دزی خۆش بێت.

مێردەکەی سەیرێکی کرد و گوتی خۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام هیی وا هەیە هەر دەیخاتە سەر یەک، دڵی نایەت نانێکی لێ بدات بە کەس، نەوەڵا ئەم کابرایە هەرچییەکی دەست دەکەوێت، بۆ ماڵ و منداڵ و میوانی سەرف دەکات، خواردن هەر بەلێشاوە لەو ماڵە.
ڕەحمە خان گوتی کەواتە کابرا بەشی خۆی خێرکەرە. قەمەر دیسان هەڵی دایە و گوتی بەڵێ خێرکەری چاکە و پیاوەتی بەسەر ئاوی حەمامەوە دەکات.
دوای نانخواردن قەمەر سەیرێکی مێردەکەی کرد و گوتی دەڵێی چی تاکو پوورە ڕەحمە خان لێرەیە، با منیش بۆ دوو ڕۆژ بچم سەرێکی ماڵی براکەم بدەم لە هەولێر. ئەمە چەند جار ناردی بەدوامدا، منیش بیریان دەکەم.
شەماڵ وەکو لە خوای ویستبێ، گورج گوتی ئەشهەدوبیللا قسەیەکی بەجێیە. هیچ خەمت نەبێت، دایکم لێرەیە، (پەری) لێرەیە. بڕۆ حەز دەکەی هەفتەیەک، چەند حەز دەکەی لەوێ بە.
مێردەکەشی گوتی کاک وریا ڕاست دەکات. ئەگەر نیازی ڕۆیشتنت هەیە، تاکو خوشکە ڕەحمە خان لێرەیە بڕۆ، چونکە ئەو لێرە نەبێت، نابێ ماڵەکە چۆڵ بێ.
ڕەحمە خان چاری نەما کە بڵێت باشە من لێرەم، خەمت نەبێت و بڕۆ بۆ سەفەرەکەت. لەگەڵ ئەوەشدا کە لە دڵەوە پێی ناخۆش بوو، چونکە بێتاقەت ببوو لەم سەرگەردانی و سەفەرانە، بەڵام بەغیرەت بوو و نەیدەبردە سەر خۆی. هەندێ جار کە هیلاک دەبوو بە دەست ئەم هاتوچۆ و سەفەر و ئەمبەر و ئەوبەرەوە کە دەیکرد، لە دڵی خۆیدا تووڕە دەبوو و دەیگوت تو خوا ئێستە کەی وەختی ئەوەیە. خوا نەیبڕێ منالم گەورە کرد بە هەزار کوێرەوەری، شوکر پێگەیشتن و شوویان کرد و ژنیان هێنا و دامەزران، ئێستە ئیتر دەبێ منیش تۆزێ پشوویەک بدەم و ئیسراحەتێک بکەم و بۆ خۆم دانیشم، چیمە لەم هەموو هاتوچۆ و سەرگەردانییە، منداڵ کەیفی خۆیانە، وەڵا ئیتر لە

جێی خۆم ناجووڵێمەوە، هەرچییەک دەبێت ببێت، هیلاک بووم، ڕۆحم دەرچوو. دوو سێ سەعاتی بەسەردا دەچوو تووڕەبوونەکەی خاو دەبووەوە، لەپڕ دەیگوت وەی دایکت بمرێ ئاخۆ شەماڵ ئێستە لە کوێ بێت، ئێستە چی بخوات، وەی کوێرایم دابێت ئەوە چۆن دڵم دێت قسەی وا بکەم و تووڕە بم، با پەڕۆیەک لە حاڵی ئەو کورە نازدارەم دادرم. قاچاغ و سەرگەردان و هەموو ڕۆژێک لە کونێک خۆی دەشارێتەوە، جاری وا هەیە بە مانگ هەواڵی نازانم کە گەیشتووەتە کوێ و لە کوێیە. گەنج و جوان، بێبەش لە سەربەستی و خۆشی. ڕەحمە خان کە وەزعی کورەکەی دەهاتە بەر چاو، هیلاکی و ماندوویی لە بیر دەچووەوە و گوڕی دەدایەوە خۆی و دەکەوتەوە چالاکی و هاتوچۆ و نامەبردن و نامەهێنان و شتشاردنەوە و سەرقاڵ دەبووەوە.

قەمەر خۆی کۆ کردەوە، چوو هەندێ دیاری و شتی کڕی بۆ ماڵی براکەی و خزمەکانی هەولێری، کاک سمایلی مێردی پێشی قەمەرەیەکی بۆ گرت و لەگەڵ چەند ڕێبواری تردا کەوتە ڕێ بەرەو هەولێر.

پاشنیوەڕۆ گەیشتە ماڵی براکەی و بە خۆشی هاتن بە پیریەوە، دوای پشوودانێک قەمەر چاوێکی بە ماڵی کاکیدا گێڕا و ڕووی کردە براکەی و گوتی:

خانووەکەتان خنجیلە و خۆشە، یاخوا پیرۆزتان بێت. محێدینی برای مەئمورێکی بچووک بوو لە یەکێ لە دائیرەکانی حکومەتدا لە هەولێر و تازە گواستبوویانەوە ئەم خانووە کە حکومەت بۆ مەئمورە بچووکەکانی دروست کردبوو و بە کرێیەکی کەم دایبوونێ.

محێدین سەیری قەمەری کرد و بە زەردەخەنەوە گوتی:

ئەرێ وەڵا خانووەکان خراپ نین، ئەگەرچی دەڵێی فارگۆنی شەمەنەفەرن، هەموو پێکەوە نووساون، جگە لەوەش دیواری بەینی خانووەکانیش ئەوەندە نزم و تەنکن، هەر دەڵێی یەک حەوشەین.

قەمەر پێکەنیی و گوتی: شوکری خوا بکەن کە ئەمەشیان لە دەست دەرچـــــووە لەبەر دزیـــــی موهەندیســـــەکان و دەســــــتبڕیی (قۆنتەرانتچییەکان)، هەر باشیشە کە ئەمانەیان پێ دروست کراوە.

براکەی سەری ڕاوەشاند و گوتی:

دەردی تـــۆ دەڵێیـــت، ئەرێ بە خـــوا هەر باشیشـــە! قەمەر دوای پشـوودانێکی باش هەستا و بەدەم قسـەوە لەگەڵ براژنەکەی چوونە حەوشە و سەرێکی لە حەمامەکەیان دا، براژنەکەی گوتی:

وەرە سـەیرێکی بەردەرگاکەشمان بکە، زۆر دڵگیر و خۆشـە، ئێستە دنیا ساردە، ئەگینا کە دنیا خۆش بوو، بەر دەرگاکانمان دەتگوت سەیرانە، هەموو دراوسێکان دەچووینە حەوشەی یەکتری، پیرەکان و زۆریان لە بەر دەرگا بۆی دادەنیشتن و منالانیش بە کەیفی خۆیان لەو دەشتەدا یارییان دەکرد.

قەمەریش هەر ئۆف ئۆف و گیان گیانی بوو، باسی خۆشی و دڵگیریی ئەم گەڕەک و ماڵەی دەکرد، لە پاشان کە گەڕایەوە بچێتەوە بەرەوژوور هەیوانەکە، لە ماڵی دراوسێکەی دەستەڕاستیان چاوی بە پیاوێکی هەندێ پیری بەعومرداچوو کەوت لە ناو پەنجەرەکەدا بە باشی دیار بوو، کە ئەمی دی کەوتە دەستڕاوەشاندن، هەر وەکو بیەوێ سەلامی لێ بکا، قەمەریش لای وابوو کە ئەمە دراوسێیانە و زانیویەتی کەوا ئەمڕۆ ئەم هاتووە بۆ ئێرە بۆیە وا سەلام و بەخێرهاتنی دەکات، ئەمیش خەریک بوو جوابی بداتەوە، لەپڕ قەمەر چاوی زەق بوو و حەپەسا، چونکە کابرا بە دەست وازی نەدەهێنا، کەوتە چاوبڕکێ و چاوهەڵتەکاندن لەگەڵی و قەمەر ســـڕ بـــوو، ڕووی وەرگێـــڕا و خـــوێن وروژمـــی هێنـــابووە سەروچاوی و لە دڵی خۆیدا گوتی:

دە تو خوا ئێستە من چی بەم کەوڵە کۆنە بڵێم؟ جنێوی پێ بدەم، تفی لێ بکەم؟ هەرچۆنێک بێ، خۆی گرت و گوتی:

هەمـووی دوو سـێ سـەعاتێکە هـاتووم. ئێسـتە هەسـتم فەرتەنەیەک بنێمەوە بۆ براکەم و تووشی شەڕ و دەعوای بکەم و دوژمنایەتی لە

ناویاندا پەیدا بکەم دەرگا بە دەرگاوە؟ نە ئەوە ناهێنێ، نەوەڵا چاوم دەقووچێنم و هەر قسەش ناکەم، هەمووی دوو سێ ڕۆژ لێرە دەبم.. چاوی دەردەهات، با هەر وا بکات. بزانم چیی دەست دەکەوێت لە تەریقی و ڕیسوایی زیاتر، کە قەمەر بەو چەشنە قسانە هاتەوە سەر خۆی و بە قووڵی بیری لە مەترسیی دراوسێکەی کردەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی:
دەبێ لە دواییدا پێش ڕۆیشتنەوەم لەسەرخۆ بە براژنەکەم بڵێم کە زۆر ئاگای لە کچەکان بێت، بە تایبەتی کە مناڵی دە دوانزەساڵەن، نەهێڵێت بەملاولادا بڕۆن یا بچنە ماڵی ئەو دراوسێیەیان.
قەمەر چوو دانیشت و کەوتنە قسەوباسی ئەملا و ئەولا. ماڵی براکەشی کەوتنە سفرەدانان، لەو کاتەدا لە دەرگا درا و مناڵێک چوو کردیەوە و کوڕێکی دوانزە سیانزە ساڵە کردی بە ژووردا و لەگەڵ مناڵەکە هاتە بەرەوژوور، ئەمانیش هەر لە دوورەوە بەخێرهاتنیان کرد. وا دیار بوو ناسیاویانە. کوڕە ڕووی کردە براژنی قەمەر و گوتی:
پیرۆزە خانی دایکم سەلامت لێ دەکات و دەڵێ هەر ئێستە لەپڕ میوانمان هاتووە و هیچمان لێ نەناوە، ئەوانیش لە دوورەوە هاتوون ماندوو و برسین، بۆیە دەیگوت ئەگەر هەتانە و زەحمەت نابێ، هەر چێشتێکتان هەبێ قاپێکمان بۆ بنێرن، زۆر سوپاستان دەکەین.
پیرۆز و مێردەکەی سەیرێکی یەکتریان کرد، ئینجا پیرۆز بە بێزارییەکەوە بە کوڕەکەی گوت:
باشە گیان، وا دەچم نان بۆ خۆمان و بۆ ئێوەش تێ دەکەم. لچێکی هەڵقورچان و چوو بەرەو ژووری چێشتلێنان. ئەوەندەی پێ نەچوو کوڕەی بانگ کرد و قاپێ چێشتی دایە دەستی. ئەویش لێی وەرگرت و گەڕایەوە ماڵی خۆیان.
براکەی قەمەر ڕووی کردە خوشکی و بە چرپە گوتی:
ئەوە زانیت بۆچی من و پیرۆز سەیری یەکترمان کرد؟

نەوەڵا، بەڵام زانیم شتێک هەیە.. براکەی گوتی:
من باست بۆ ناکەم، با پیرۆز بێت، ئەو باشتری لێ دەزانێ و داخی زۆرتری لە دڵدایە. لەو کاتەدا پیرۆز بە سینییە یاپراخەوە گەیشتە لایان، هەڵموهالاوی لێ بەرز دەبووەوە بەو ناوەدا، سینییەکەی دانا و مێردەکەی بە پێکەنینەوە گوتی:
ها بۆت ناردن؟
پیرۆز گوتی:
ئەرێ وەڵا ناردم، پێیان حەرام بێت، خۆ من لەبەر قاپە چێشتەکەم نییە، ئەوەندە هەر لە بەر مناڵەکان دەمێنێتەوە و فڕێ دەدرێ، بەڵام لەبەر پیسکەیی و قەرەچیی ئەو ژنەمە، بەو خوایە لەبەر ئەو کوڕە بەسەزمانە نەبوایە، بۆم نەدەنارد، بەڵام دڵم نەهات کوڕەکە تەریق بکەمەوە.
قەمەر پێکەنیی و پرسی: ئەمە چییە مەسەلە؟
پیرۆز بە جوانی دانیشت و هەموو ئەوانی دیکەش لە دەوری سینییە یاپراخ کۆ بوونەوە. ئینجا گوتی:
دایکم ئەمە ئەم ژنە هەر دوو سێ ڕۆژ جارێک ئەمەمان پێ دەکات، لەگەڵ شیوکردندا دەنێرێتە سەر دراوسێکان و دەڵێ لەپڕ میوانمان هاتووە و هەر ماڵە قاپێ چێشتی بۆ دەنێرن. یەکەم جار و دووەم جار و تا چەند جاریش وامان دەزانی ڕاست دەکات و دەمانگوت قەی چی دەکات، دراوسێین، دوایی بۆمان دەرکەوت کە جارێ ڕەنگە هەر میوانیشیان نەبێ یا دوور نییە میوانیشیان هەبێت و خۆشیان دەعوەتیان کردبن. لە هەموو حاڵێکدا بە قاپێکی من و قاپێکی ئەو و قاپێکی ئەوی تر سفرەی چۆڵی خۆی دەڕازێنێتەوە و خەڵکیش مەتحی دەکەن، دەڵێن سفرەڕازاندنەوە و دەعوەتکردن هەر لایقی فاتمە خانە، لەچاو خۆیدا میوانداری حەرامە! ئینجا دەوەرە خۆت مەکوژە.
قەمەر بە سەرسووڕمانێکەوە گوتی: ئەیەڕۆ! شتی واش هەیە؟
پیرۆز گوتی:

ئەریٚ وەڵا ڕۆڵە شتی وا و لەوەش خراپتر هەیە، ئەوە هەر باشە! ئا تو خوا دۆشاوی تەماتەمان لیٚ بڕاوە، یا وەڵا شفتە دەکەم ئاردەکەمان تەواو بووە، یا ئەیەڕۆ نەمزانی پیازمان نەماوە، بێزەحمەت دە نانمان بەنیٚ سبەینیٚ نان دەکەین و دەتاندەینەوە و گەلیٚ شتی دیکەی وا.

قەمەر دەستێکی دا بە دەستدا و گوتی: ئەیەڕۆ ئینجا ئێوە بۆ وا لە خۆتان دەکەن؟ ئەو چیی گوت بە قسەی دەکەن؟ کە سووریش دەزانن فێڵتان لیٚ دەکات و بە بێئەقڵتان دەزانێت و ئیشی خۆی بە ئێوە جێبەجیٚ دەکات؟

پیرۆز پاروویەکی برد بۆ دەمی، سەری دانەواند و گوتی:

بڵێم چی، زۆر جاریش تووڕە دەبم و دەڵێم ئەم جارە ناردی هەر بە دەرکردن دەریان دەکەم و پێیان دەڵێم دایکم ئێمە ماڵی مەئمورێکی بچووکین، لە مەعاشەکەمان زیاتر هیچ دەرامەتێکی ترمان نییە. ئەویش بە هەزار حاڵ بەشی ژیانی کولەمەرگیمان دەکات، پێمان ناکرێت ئێوەش بەخێو بکەین.. کەچی کە دەنێرێتەوە بۆ شتێکی تر، بێدەنگ بۆی دەنێرم و هەرچەند دەکەم، ڕووم نایە دەست بنێم بە ڕوویانەوە.

قەمەر گوتی:

کەواتە دەستی خۆش بێت با هەر واتان لیٚ بکات. دەستی هەڵبڕی و بە گەرمی گوتی: وەڵا من ئەوێک ئەوەندە بێشەرم بێت و بە گەوجم بزانیٚ، منیش هیچ شەرمی لیٚ ناکەم و بەردێکیشی نادەمیٚ سەری خۆشی پیٚ بشکێنیٚ! ئەمە چ قسەیەکە!!

ئیتر هەریەکەیان قسەیەکی کرد بەدەم یاپراخخواردن و پارووگلاندنەوە.. لە خواردن بووبوونەوە، هەندیٚ خزم و ناسیاو هاتن بۆ لای قەمەر، مەجلیسەکەیان گەرم کرد و تا درەنگ دانیشتن، ئەوجا ڕۆیشتن. دوای ڕۆیشتنی ئەوان ئەمانیش شەوباشیان لە یەکتر کرد و هەرکەسەیان چووە سەر جێگەی خۆی.

قەمەر لە ژووری دوو کـچە بـرازاکەی جێـی بـۆ ڕاخرابـوو، کە چـووە لایان، ماوەیەک یاریی لەگەڵ کردن و قسەی خۆشیان کرد، دوایی بە شەوباشەوە سەر و ماچی کردن و خۆی کرد بە ژێر جێگەکەیدا.

قەمەر کە جـگە لەوەی بە درێژایـی ڕۆژ و تـا نزیـک نیوەشـەویش پشووی نەدابوو، ئەوەندە کفت بوو، هەر سەری کردە سەر سەرین خەوی لێ کەوت.

لە خەویدا لە مـاڵی خۆیـان دانیشـتبوو، یەکێ زۆر بە قـاییمی و بـەبێ وەسـتان و بە پەلە لە دەرگـاکەی دەدان، ئەویـش لەبەر ئەوەی کە شـەماڵ لە ژوورەوە بـوو، دڵـی داخورپـا و زۆر شـپرزە بـوو، هەر دەیگوت: کێیە ئەوە هاتم، لە لایەکی تریشەوە پەلی شـەماڵی ڕادەکێشـا بـۆ لای کـولانەی مریشـکەکان کە لەوێـوە سـەرکەوێتە سـەربانی ماڵەکەیان تا لەوێوە باز بداتە بـاخی سلّق و سەوزاییەکی پشـتیانەوە. ئەو لەمەدا دەبێ کە پۆلیسەکان پاڵێ دەنێن بە دەرگاکەوە، دەیشکێنن و بە باوەشـێک زنجیـر و کەلەپـچەوە پەلامـاری ئەو و شـەماڵ دەدەن، یەکێـک لە پۆلیسـەکان دەسـتی دەگـرێ کەلەپـچەی بکـات و سـواری مـاتۆڕێکی بکـات و بیبـات، ئەویـش دەزریکێنـێ و خەبەری دەبێتەوە و بە شپرزەیی هەڵدەستێ، ترسێکی تەواوی لێ دەنیشـێ و گوڕ دەداتە خـۆی تـا مـاوەیەک بیـری نـاکەوێتەوە کە ئەو لە کەرکـووک نیـیە لە هەولێـر لە مـاڵی براکەیەتـی. دوای ئەوەی هۆشـی هـاتەوە بەر، شـایەتومانێکی هێنـا و دەسـتێکی بە دەموچـاوی خۆیـدا هێنـا و بە زمانێکی قورسی خەواڵوو چەند جارێک لەسـەر یەک شـوکری خـوای کـرد کە ئەوەی دیبـووی خەون بـووە، لەگەڵ ئەوەشـدا دڵـی هەر پەلەپەلی دەکرد و ئارەقێکی ساردی دەردابوو، هەندێ بە دانیشـتنەوە مـایەوە، ئینجـا قـومێ ئـاوی خـواردەوە و دەسـتی بـرد برازاکـانی داپۆشییەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی خوا ڕەحمی کرد کە ئەم منداڵانەش لە زیکەکەم خەبەریان نەبووەوە. ئیتر بۆی پاڵ کەوتەوە. شەو درەنگ بـوو، سـەعات سـێ دەبـوو، قەمەریـش دوای نەختـێ ئەمـدیو و

ئەودیوکردن سەری خۆی داپۆشی و خەریکی نوستن بوو کە دەنگێک هاتە بەر گوێی، وەک یەکێ دیواری ژوورەکەیان، یان شوێنێکی خانووەکەیان هەڵکەنێ یاخود وەک وڵاخێک خەریکی سمکۆڵکردن بێت. قەمەر گوێی هەڵخست و هەندێ مات بوو، خوایە گیان ئەمە چییە؟ تۆ بڵێیت وڵاخی ماڵە دراوسێکەیان بێت؟ باوەڕ ناکەم لەو حەوشە چیمەنتۆ بچکۆلانەیەدا کەس وڵاخ ڕابگرێت، دیسانەوە سامی لێ نیشت، هەستا و دانیشتەوە.
ئەی ئەم دەنگەی تر چییە؟ بیسمیلاهی ڕەحمانی ڕەحیم! ئەمیان دەڵێیت دەنگی زیکری دەروێشە! ئینجا زیکر بەم نیوەشەوە! وەی دایە ئەمە چی بوو، ئەم دەنگانە لە کوێوە پەیدا بوون، ئەمە چ خەوێک و شەوێکی پڕ ترس بوو، خۆ من هێشتا ترسی جەوەکە بەری نەداوم.. یا ڕەبی تۆبە.. ئۆهـ خوایە ئەو کاکە (وریا)یە بپارێزیت.. تۆ بڵێی تووشی شتێک نەبووبێ؟ خوا نەکات، گوێی شەیتان کەڕ بێت.
جارێ با بزانم ئەم خرتەخرت و زیکر و حاڵگرتنی ئەم نیوەشەوە چییە؟ دەڵێی چی با بچم بە ئەسپایی بانگێکی کاکم بکەم؟ ئەیەڕۆ عەیب و شوورەیی بڵێم هەستە بزانە ئەو دەنگە چییە؟ وا هەستا و چووە دەرەوە و تووشی بەڵایەک بوو خوانەکردە؟ وەڵا هەر ئەوەم کەمە. قەمەر وا ترسی لێ نیشت هەر بە تەواوی خەوەکەی زڕا، بە تایبەتی کە بیری کەوتەوە ئەو خانوانە لە قەراغ شار دروست کراون و پشتەکانیان هەمووی دەشتە و چۆڵە.
باشتر ئەوەیە (چرا)ی برازام خەبەر بکەمەوە، هەرچەندە منالیشە، بەڵام هیچ نەبێ هاودەنگێک دەبێ کە قسەی لەگەڵ بکەم، بە ئەسپایی دەستی هێنا بە سەر و پرچی برازاکەیدا و لەسەرخۆ گوتی چرا! چرا گیان! چەند جارێک لەسەر یەک بانگی کرد، بەڵام چرا جووڵەی بۆ نەکرد و هەر ئاگاشی لەو دەستبەسەرداهێنان و بانگکردنە نەبوو، قەمەر کە دیی برازاکەی خەوەکەی ئەوەندە قورس و خۆشە، ئەویش دەستی کێشایەوە و چیتر دڵی نەهات بانگی بکات و وازی لێ هێنا.

هەنـدێ غیرەتـی خسـتەوە بەر خـۆی و گـوتی: ئەیەڕۆ ژن عەمـرت نەمێنـێ ترسـی چـی.. ئینشـائەڵا لەمە گەورەتـر دەبیـت، ئەگەر منـداڵت ببوایە ئێستا وەختی شووکردن و ژنهێنانیـان دەبوو، داوەشـێی یـاخوا، خەریکـی ئەم دوو منـاڵە زەرد و سـوورە لە خەوەکەدا شـێت بکەیـت، ئەمە چییـە گوێـت لە دەنگەدەنـگە.. نەختێکـی تـر گـوڕی دایە خـۆی و کەوتە گوێی خۆ کەڕکردن، لە پاش خرتەخرت و ئەو دەنگەدەنگانەی لە زیکر و تەهلیلەی دەروێش دەچوون، پاڵ کەوتەوە و خەیـاڵی خۆی بە لایەکی دیکەدا برد و وەکو شتێ ویستی خۆی بیر بچێتەوە.
ئێسـتە ئـاخۆ ڕەحمە خـان چی بکـات و وەنەوشـە خەریکی چی بێت، دەبـێ سـمایل ئەمشـەو چیی کردبێت؟ ئێسـتە لە بەر چـاومە کە چەند نـاڕەحەتە، لای وایە سـاڵێکە ڕۆیشـتووم بۆ سـەفەری قەندەهار، ناڵێت چـــووە بـــۆ هەولێـــر، هەمـــووی هەنگاوێـــک لە کەرکـــووکەوە دوورە. بێگومـان سـەری دنیـای لـێ هـاتووەتەوە یەک، دیسـان قسـە بە خـۆی دەڵـێ کە بـۆچی هێشـتی بـڕۆم و بەیەکەوە نەهـاتین، وەکـو هەمـوو جارێک کە دەڵـێ باشـە بڕۆ، دواییش پەشـیمان دەبێتەوە. بە ڕاسـتی کابرایەکی سەیرە، باوەڕ ناکەم کەسی دیکە هەبێت وەکو ئەو کەسـی دیـکەی خـۆش بوێت، قەمەر هەڵـگەڕایەوە سـەر تەنیشـتەکەی تـری و لەبەر خـۆیەوە گـوتی: ئـای سـمایل لە کـوێی؟ ئەگەر ئێسـتە دەزانـی خەوم لێ زڕاوە و چ ترسێکم لـێ نیشـتووە لەبەر ئەم دەنگـانە.. خەڵـک هەر لە خۆیدا کە جێ دەگۆڕێ، یەکەم شـەو نـاڕەحەت دەنوێت ئینجـا وەرە ئەم بەزمەشـت ببـێ بە تووشـەوە! دیسـانەوە خەیـاڵی گەڕایەوە لای خرتەخرت و دەنگی زیکرەکە، بە ڕاست ئەوە بۆچی ئەمشـەو هەر نـابڕێتەوە؟ ئەمە چەنـد جـار سـەیری سـەعاتەکەم کـرد هەر وەکـو خـۆیەتی، لە کەیەکەوە مـن بە خەبەرم، کەچـی تـازە بـووە بە سـێ و نیـو.. بـۆ بەدبەختـی، کەسـیش خەبەری نـابێتەوە، زۆر سـەیرە هەر لائیلاهە ئیلەڵاکەی تێ دەگەم و قسـەکەی تـر تـێ نـاگەم، دەنـگەکەی دەڵێیـت لە نـاو بیرێکـی نـزیکەوە دێـتە دەرێ، وا کردیشـی بـە

هەورەتریشـقە، هەر گرمەگرمـی هەورمـان کەم بـوو، ئـای خـۆ ئەوە بـارانیش دای کـرد! بە زەردەخەنەیەکـی تەوسـاوییەوە گـوتی: ماشـەڵا لەم شەوە خۆشە! ئیتر خوا ڕەحم بکات، ئـاخۆ تـا ڕۆژ دەبێتەوە چیی تر ڕوو بدات؟ کەس سەفەر نەکات قەمەر خـان نەبێت! لە بەختی منە هەموو سەفەرێک تووشی شتێک دەبم و هەر عـاریش نـانێم، قەمەر لە تاو دەنگی خرتکەخرتک و گرمەی ناوبەناوی هەورەتریشقە و خوڕەی بـارانەکە، گـوێی لە دەنگـی کەڵەشـێر بـوو، هەروەهـا دوای کەمێکـیش دەنگـی بـانگی مزگەوتەکـانی هـاتە گوێ و ئـارامی کەوتە دڵـیەوە. لای وابـوو ئیتـر هەمـوو شـتێ تەواو، وا بـوو بەیـانی، نەختـێ مـات بـوو، خۆشی نازانێ چۆن خەوی لێ کەوتبـوو تـا لەسـەر دەنگی پێکەنـین و شـەڕەچەپۆکی برازاکانی خەبەری بووە و لە خۆشـیاندا گورج چـاوی کــردەوە کە بینیــی دنیــا ڕوونــاک بــووەتەوە و بەیــانییە، قرەقــڕ لە دراوســێوە دەســتی پــێ کــردووە و قڕەقــڕی ئۆتۆمبێــل دێــت لە دەوروپشتیان، وا دەنگی براکەشی دێت کە لەگەڵ یەکێ قسە دەکات و پێدەکەنێ، ئەویش لە خۆشیاندا ڕاست بووەوە.
هەموو لە دەوری سەماوەر کۆ بوونەوە، بە تایبەتی کە ڕۆژی جومعە بوو و مەکتەب و دائیرە نەبوو.
پیرۆزی خاوەن ماڵ چایەکی خستە بەردەمی قەمەری دشـی و گـوتی خـۆ منداڵەکـان ئەزیەتیـان نەدای، هەر خەمــی ئەوەم بــوو، ئەمگــوت دەترسـم هەر خەریکی شەڕەشـەق بـن و نەهـێڵن ئیسـراحەت بکەیـت، دایـم ئەم دوو کـچە دەڵێی کتک و مشـکن، بەبێ یەک ئیدارە نـاکەن و هەمیشەش کە بەیەکەوە بن، بە چەپۆک بەردەبنە یەکتری.
قەمەر چـایەکەی تێـک هەڵـدا و پێکەنیـی و گـوتی باسـی ئەو فەقیـرانە دەکەیـت؟ وەڵا گیـانێکم بەوان بـوو ئەمشــەو، ئەگەرچـی نوسـتبوون، بەڵام هەر سـەبووریی دڵـم پێیـان دەهـات، دیسـان پێکەنییەوە و گـوتی یاخوا ئەوەی ئەمشەو بەسەر من هاتووە، بەسەر دوژمنتدا بێت.

بـرا و بـراژنەکەی بە جارێـک ڕاپەڕیـن و گوتیـان بـۆ؟ خـوا نەکـات نەخۆش بووی یا چی؟ ئەی بۆ خەبەرت نەکردینەوە؟ قەمەر سـەری ڕاوەشـاند و دەسـتی بەرز کـردەوە و گـوتی هـەر لێـی گەڕێ، کاشـکی نەخۆش بوومایە، وەڵا پێم خۆشتر بوو.
ئیتـر کەوتە باسـی ڕووداوەکـانی ئـەمشـەوی و دەنگـی خرتەخـرت و زیکری دەروێش و هەورەتریشقە و خەوی نـاخۆش، بەڵام هەر باسـی خۆی کـرد کە پۆلیس هـاتبوون بیگـرن باسـی شـەماڵ و کەسـی تـری نەکرد، هەروەها باسی لوورە و وەڕینی سەگەکان و ئیتر هەمـووی بە زیادەوە بۆی گێڕانەوە.
براکەی دەستی دا بەیەکدا و بە پەرۆشـەوە سـەیرێکی ژنەکەی کرد و گوتی ماڵت ئاوا بێ، چۆن لە بیرمـان چـوو پێـی بڵێین کە ئەگەر گوێی لە دەنگێکی وابوو، دڵی هیچ نەکات.
پیرۆزی ژنی کێشای بە خۆیدا و گوتی:
وای بمـرم، دەبێت چەنـد سـامی لـێ نیشـتبێ. کەوتە باسـی خۆیـان کە تـازە هـاتبوونە ئەم خـانووە کە لەبەر ئەم دەنگەدەنـگ و بەزمە چییـان بەسـەر هـات تـاوەکو چەنـد شـەو هەر خەومـان لـێ نەدەکەوت. چەنـد جـار دراوسـێکان شـکاتیان کـرد، بەڵام دوایـی چاریـان نەمـا و هەمـوو ڕاهاتن و فێر بوون، ئێستە گوێشیان لێ نییە.
قەمەر دەستی دا لە سنگی خۆی و گوتی:
وەی پەنا بە خوا چەند دەنگێکی بەسـام و ناخۆشـە، باشـە ئەوە چۆن خەوتان لێ دەکەوێت؟ بە ڕاستی ئەمە چییە؟
بـراکەی پیـاڵە بەتـاڵەکەی دایە دەسـت ژنەکەی و پـاکەتە جـگەرەکەی گرت بە دەستەوە، ڕووی کردە خوشکی و گوتی:
- ئەمە ئەگەر باست بۆ دەکەم سـەرت سـوورِ دەمێنـێ لەم ڕێکەوتە و خەڵـک هەر دەبـێ شـوکری خـوا بکـات کە ئینسـان تووشـی بەڵای وا نەبێت. ئینسان تاوەکو تووش نەبێت، نازانێ کە بەڵای چۆن هەیە لەم دونیایەدا. ئەمە لەم دەوروپشتەمان دوو پیاو و ژنێکی شێت هەیە.

قەمەر چاوی زەق بوو و گوتی:
- ئێ!!
براکەی قسەکەی تەواو کرد و گوتی:
- ئەم دەنگەی کە لە خرتەخرت و ئەرزهەڵکەندن دەچوو، ئەمە ئەو پیاوە قوڕبەسەرەیە، ئەقڵی تێک چووە، چەند پیاوێکی باش و نەجیبە. بەین بەین دەیداتە سەری و وای لێ دێت. کەسوکاریشی ناچار لە ژوورەوە حەپسی دەکەن، چونکە دەست دەوەشێنێ و دەداتە دەشت و کێو، هەرچەندە مانگی جارێک ژنەکەی و برا بەسەزمانەکەی دەیبەنە بەغدا و سەر دکتۆر، بەینێک چاک دەبێتەوە و لەپڕ وای لێ دێتەوە. نەگبەتانە پارەوپوولیان بە دەستەوە نەماوە ئەوەندەی دەهێنن و دەیبەن، ئیتر چاریان نییە، هەندێ جار لە ژوورەوە حەپسی دەکەن، ئەویش هەتا بەیانی دەکەوێتە تەپەتەپ و ئەرزهەڵکەندن گوایە تاکو ڕابکاتە دەرێ.
قەمەر سەری سووڕ مابوو و ناڕەحەتیش ببوو بۆ پیاوەکە، گوتی ئینجا ئەمە بە چی ئەرز هەڵدەکەنێت؟
براکەی گوتی: بە هیچ، خۆ ئەوان هیچ شتێکی وای لە بەردەستدا بەجێ ناهێڵن. جاری وا هەیە کە نانی بۆ دەبەن، کەوچک دەشارێتەوە و شەو دەکەوێتە خرتەخرت گوایە ئەرز هەڵدەکەنێت.
قەمەر مات بوو و گوتی یا ڕەبی تۆبە، هاوار ڕەحممان پێ بکەیت و ڕەحم بەو فەقیرە و خێزانەکەشی بکەیت، باشە ئەی ئەو دەنگی زیکرە چییە؟
پیرۆز دەمی خۆی شاردەوە بە سەرپۆشەکەی و گوتی خوایە لێم نەگری، بەنی ئادەم پێکەنینیشی دێت. ئەوە ئەو دەنگەی کە دەیکات، دەڵێت لا ئیلاهە ئیلەڵڵا دەچمە دوکان ئینشائەڵڵا. ئەوە دوکانێکی بچکۆلەی هەبوو، میوە و نوقڵ و ماست و شتی وای دەفرۆشت، ئینجا ئەوەتەی وای لێ هاتووە، براکەی دەچێتە دوکانەکە، ئەویش

دوکــانەکەی زۆر خــۆش دەویّ و زۆر دڵــی پێــوەیە، لەبەر ئەوە بە درێژایی شەو ئەو لائیلاهە ئیلەڵڵایەی بۆ دەکات.
قەمەر گوتی: باشـە ئەوان بـۆچی لە خـانووی حکومەتـدان کە دەڵێیـت دوکاندار بوو. بۆ خەڵکی واش دەتوانن بێنە ئەم خانوانەوە؟
براکەی هەڵی دایە و گوتی:
ئەوە کــچە بەســەزمانەکەی مــوعەلیمەیە و ئەم خــانووە دراوە بەو، یاخوا کافر بە حاڵی بێت بە دەست ئەو باوکەوە.
چرای برازای دەمی خۆی گرت و بە پێکەنینەوە گوتی:
پوورە قەمەر ئەمدیویشمان پیاوێکی شێتی لێیە!
پیرۆز لە کچەکەی توورە بوو، دەنگی نزم کردەوە و گوتی کچی وس بە لە ڕێـی خـوادا، نەوەکـا گوێیـان لێـی بێـت، ئەوەتـا بـووکەکەی لە حەوشەیە.
پیـرۆز دەنگـی نـزم کـردەوە و بە زەردەخەنەیەکـی تـێکەڵ بە بەزەیـی گوتی ئەم نەگبەتەش هەر ژنێک بێرەدا تیّ بپەڕێت و ببینێت، دەڵێت ئەوە لە کویّ بوویت خەجیّ گیان؟ لە بەیانییەوە چاوەڕێت دەکەم.
ئەمیش دەڵێن ژنێکی هەبووە و زۆری خۆش ویستووە، دەمـیّ ساڵە مـردووە، ئیتـر ئەویش دوای ئەو ژنەی وردەوردە ئەقڵی تێک چووە. ئەمـیش هەر لە مـاڵەوەیە، بەڵام بێـدەنگە و هەر ئەم قسـانە دەکـات. کەسـیش لێـی ناگرێـت، ئەویـش لای کـوڕەکەیەتی، کـوڕەکەی ژن و ماڵیشی هەیە و لە پۆستەخانە ئیش دەکات.
قەمەر لێـوی خـۆی گەسـت و گـوتی ئەیەڕۆ بەس نەبـوو، خـۆ ئیـوارە خەریـک بـووم بـۆی بچـم. کە منــی دی چەنـد جارێـک چـاوی لــیّ هەڵتەکاندم و بە دەست بانگی دەکردم.
هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین.
پیــرۆز گــوتی جــاری وا هەیە ڕۆژی چەنــد جارێــک چــاوم لــیّ هەڵـدەتەکێنیّ و ئەگەر نزیـک لە حەوشـە بێـت، قسـەم لەگەڵ دەکـات، دەڵێـت ئەوە کەی دێیـتەوە؟ چـی دەکەیـت لە مـاڵی دراوسـیّ؟ تێـرت

نەخوارد؟ منیش پێی دەڵێم تۆ بڕۆرەوە ژووری، تۆزێکی تر دێمەوە. ئیتر ملی ڕێگە دەگرێت و دەچێتە ژوورەوە و بیری دەچێتەوە کە چیی گوتووە.
قەمەر گوتی ئەیەڕۆ پەنا بە خوا، خوا فرسەتتان بدات، بە سەری پێغەمبەر من بوومایە، ئەگەر هەموو خانووەکانیشیان لەسەر تاپۆ بکردمایە، ڕۆژێک لێرە نەدەمام. وەی دایە سێ شێت بە جارێک لەم چەند خانووە بچکۆلانانەدا ئاقڵیش تێک دەدەن، باشە بۆ نایانبەنە خەستەخانەیەک شوێنێک؟ ئاخر لە ناو ئەو هەموو خەڵک و ماڵ و منداڵەدا چۆن دەبێ؟ هەر بۆ خۆیان باش نییە و گوناحن.
براکەی گوتی ئاخر ئەمەی ئەمدیومان هەر ئەم قسانەی هەیە، بەڵام ئەزیەتی کەس نادات و لە ناو ماڵ و منداڵی کوڕەزاکانی زۆر دڵسۆز و باشە، جاری وا هەیە دوو سەعات سێ سەعات بە دیار بێشکەی کوڕەزاکەیەوە دادەنیشێت، هەندێ جاریش خەریکی باخ دەبێت.
قەمەر گوتی واش بە بووکەکەی دەڵێت وەکو بە ژنەکانی تر دەڵێت؟
پیرۆز گوتی نە، دەزانێ کە ئەمە ژنی کوڕەکەیەتی و زۆریشی خۆش دەوێ، هەر بۆ خەڵکی بێگانە وایە.
قەمەر شێتی سێهەمی بیر کەوتەوە و گوتی ئەی سێهەمەکە چییە؟ ئەو چییەتی؟
پیرۆز گوتی ئەویش ژنێکە، بەڵام شێتی وا نییە، هەر شێتی سەفەرە کچێکی لە موسڵ شووی کردووە، ئیتر ئەم ژنە هەر ڕۆژی لێ دەبێتەوە، بە مێردەکەی دەڵێت ئا بڕۆ پێشی قەمەرەیەکم بۆ بگرە بە کری، یا دەڵێت جێی نەفەرێکم بۆ بگرە بە کرێ لە پاسێک با بڕۆم بۆ موسڵ سەرێکی ئەو کچەم بدەم.
مێردیشی پێی دەڵێت هەمووی دوو ڕۆژە گەشتوویە جێ، سەفەری چی، ئیتر دەیکا بە هەرا و لە خۆی دەدات و دار و بەرد دەشکێنێ، ناچار مێردی داماو حازری دەکات و ڕەوانەی دەکات بەرەو موسڵ، ئینجا دەگاتە ئەوێ، هەر دوو ڕۆژی لێ دەبێت، ڕۆژی سێهەم بە

کچەکەی دەڵێ گێلاس بە حەسەن بڵێ بمبات بۆ گەراج، دەڕۆمەوە، کچەکەی دەکێشێت بە خۆیدا و دەڵێت لەڕێ خوا دایە، چ زوو هاتی و چ زوو دەڕۆیتەوە، کە تەنها بۆ شەوێک ئابڕووت بردم لای ماڵە خەزوورانم. فایدەی نییە، کچە فەقیرەکەی لە ترسی ئەوەی نەیکات بە هەرا و زیاتر ئابڕووی بەرێت، هەموو جارێک هەزار فێڵ و درۆ و بیانوو دەدۆزێتەوە کە لەپڕ براکەی نەخۆش کەوتووە یان باوکی قاچی شکاوە. ئیتر ئەمە حاڵی ئەم ژنەیە بە دەست ئەم سەفەرانەوە. زۆر جار کچەکەی خۆی دێت و بە گریان و باوکەڕۆ دەپاڕێتەوە کە چارێکی دایکی بکات، چونکە بووە بە گاڵتەچیی خزم و دەرودراوسێ، ئەمەش شێتی سێهەم.

قەمەر پێکەنیی و گوتی تا زووە با منیش بگەڕێمەوە تاکو نەبووم بە شێتی چوارەم، هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین و خۆشی لە هەموویان خراپتر.

قەمەر دوو ڕۆژی تریش لە ماڵی براکەی مایەوە، بۆ ڕۆژی دوایی گەڕایەوە کەرکووک.

دوای گەڕانەوەی قەمەر بۆ کەرکووک، بە چەند ڕۆژێکیش باس هەر باسی هەولێر و باسی شێتەکان و خرتەخرت و زیکر و تەهلیلەی نیوەشەو و خەوزڕان و سامڵێنیشتنەکەی قەمەر بوو کە بۆی دەگێڕانەوە.

ئیتر لەوەوە دەهاتە سەر ئەوانی تر، هەریەکەیان دەیویست ڕووداوێکی خۆی بگێڕێتەوە کە شتێکی وا بەسەر ئەویش هاتووە.

ڕەحمە خان دەستی بۆ سەر و سەروبەستی برد و گوتی: زۆرجار ڕووداوی وا دەقەومێت کە بەنی ئادەم سەفەرەکەی لێ دەبێت بە زەهرەمار. ئەوە ساڵێک من چووم بۆ چەمچەماڵ سەری ژنێکی خزممان بدەم کە نەخۆش کەوتبوو، خزمێکی زۆر خۆشەویست و ژنی چاک بوو، دونیا هاوین بوو، خەڵک لە سەربان دەنوستن، بەڵام ماڵی خزمەکەم حەوشێکی خۆشیان هەبوو، سەکۆیەکی گەورە و

خۆشـی تێـدا بـوو. ئەهلـی مـاڵەکە لەوێ دەنوسـتن، منـیش بە خێـرێ چونکە خۆشیان دەویستم و ویستیان خۆشترین جێگەم بۆ هەڵبژێـرن، چـوون قەرەوێڵەیەکـی ئاسـنی باشـیان هێنـایە دەرێ و جێگـەیەکـی جوانیان بۆ لە سەر داخستم و بردیانە لایەکی خۆشی حەوشـەکە کە درەنـگ هەتـاوی بەیانیـانی بەردەکەوت، حەوشــەکە چەنـد درەخـت و گوڵ و میوەی جوانیشی تێدا بوو.

هەموو چووین نوستین، نیوەشـەو لە قریشـکەی دوو پشـیلە بە خەبەر هـاتم کە لەسـەر گوێسـەوانەکەی نـزیکمەوە شـەڕیان دەکـرد و لەیەک ئاڵا بوون و قریشکەیان سەر گەڕەک کەوتبوو. منیش لە خەو ڕاپەڕیم و چـاوم کـردەوە کە هەسـتم ڕاکەم یـاخود هاواریـان لـێ بـکەم کە بترسـن و بـڕۆن، چـونکە لەوانە بـوو بەو حـاڵەی کە تێیـدا بــوون، هەردووکیان پێکەوە بکەوتنایەتە سەر جێگەکەم.

ڕەحمە خان چاوتروکانێک بێدەنگ بوو و سـەیری جەمـاعەتی کـرد کە بە پەرۆشەوە گوێیان لێ دەگرت، ئینجا قسـەکەی تەواو کـرد و گـوتی ڕۆڵە هەر هێشـتا بە پـاڵکەوتوویی و هێشـتا هەڵنەسـابووم کە چـاوم کردەوە، ئۆهـ دوژمنتان وای بەسەر بێت.

لەپڕ هەستم کرد خۆڵی گوێسـەوانەکە داڕژا بە سـەرمدا، شـتێکی نەرم و تەڕ پریشـکی بەر دەموچـاوم کەوت و کەوتە نـاو هەردوو چـاوم، ئیتر وەکو شێت ڕاپەڕیم و ماڵەکەش زۆریـان خەبەریـان بووەوە و بە پەرۆشــەوە هــاتن، چــونکە گوێســەوانەکە لە نــزیکم بــوو، چرایــان داگیرساند و پشیلەیان دەرکرد و هاتن بە لامەوە کە بۆچی دەسـتم بە چاومەوە گرتووە، کە سەیریان کرد چی ببینن؟ ئەو پریشـکە ڕەشـەی کە بەو ناوەدا هەڵپژاوە و بەر چاوم کەوت، پیسایی پشیلە بووە کە لە تاو ئەو پەلاماردانە دڕندانەیان کە پەلاماری یەکیان داوە، پیساییان لێ بەربـووەتەوە و لەگەڵ خـۆڵ و زیخـی گوێسـەوانەکە لە ژێـر چنـگ و قاچیــان هەڵکەنــراوە و هەر بەو چاوتروکانــدنە هــاوارم پــێ کەوت. چوومە حەمام، بەو شەوە سەر و جلیان شتم، چاومیان بە یۆریک و

ئـاو و خـوێ شـت، بەڵام فایـدەی نەبـوو، ئـارامم لـێ بـڕا، شـەو زۆر درەنگ بوو، نزیک سەعات چواری بەیانی بوو، ئیتر بەو حاڵە مـامەوە و لەبەر ماڵەکە و ژنە نەخۆشـەکە دەمگوت هـیچ نییە چاک بوومەوە. بەڵام لە ڕاستییشدا دەتگوت شیشی ئاگر دەکەن بە چاو و سەرمدا.

هەرچۆنێک بێ، بۆ بەیانی کە سـەیر دەکەن سـەروچاوم وەکو سـەری شـێری لـێ هـاتووە ئەوەنـدە ئاوسـاوە، مـاڵەکەی خـزمم بە هەڵەداوان چـوون دکتۆریـان بـۆ هێنـام. دکتـۆر سـەیری کـرد و گـوتی دەبـێ هەر ئێستە دوو سێ شرینقەی لێ بدەم، شتی زۆر پیس چووەتە چاویەوە و میکرۆبی پیس تێکەڵی خوێنی بووە. سەعات بە سەعات سەرم و دەموچاوم زیاتر دەئاوسا و ئاوسانەکەش شین هەڵدەگەڕا. ئیتر مـاڵە بەسەزمانەکە نەخۆشی خۆیان بیر چوو لە تاو من. یەک هەفتە چاوم هەڵنەهات، دوای هەفتەیەک ئیتـر وردەوردە کە ئاوسـاوییەکە نیشتەوە و تۆزێ چاوم کرایەوە، گەڕامەوە سلێمانی. باوکی حەمە و منداڵەکان و خزمەکانم کە منیان لەو حاڵەدا دی، هەر ئەوە مابوو کە شیوەنم بۆ بکەن.

ڕەحـمە خـان بە زەردەخەنەوە سـەری ڕاوەشـاند و گـوتی ئەی چـۆن، ئەوە لە ناو جێگە نوستبووم، کە قەزاوقەدەر هـات، هەر دێت دە بزانە چیم بەسەر هات، نە بە ڕێگەوە بووم، نە بە سەحرا و شاخ و کێوەوە بووم، لە ناو جێگە نوستبووم، هەموو دنیا کپ و بێدەنگ و نوستوو.

هەموو جەماعەت بە جارێ گوتیـان وەی خـوا فرسـەتت بـدات، بە خـوا شتێکی خراپی بەسەر هاتووە، هەموویان ناڕەحەتیی خۆیـان دەربـڕی، ئەگەرچـی ڕووداوەکە کـۆنیش بـووە، وەنەوشـە پەلامـاری دا و بە دڵسۆزییەوە دەستی کردە ملی و نوساندی بە سنگیەوە و هەر وەک ئەوەی ڕووداوەکە ئێستە بووبێت و بیەوێت بیپارێزێ لێی، ئەوەنـدە بە پەرۆش بوو بۆی.

کـاک سـمایل دەسـتی دا بەیەکـدا و گـوتی ئـاخر ئەوەیە کە دەڵـێن قەزاوبەلا، ئەگینـا خەڵـک کە چـووە سـەر جێگـە و نوسـت، لە کـوێ بە

خەیاڵیدا دێت کە شتی وای لێ بقەومێت. کاک سمایل نەرمەکۆکەیەکی بۆ کرد و گوتی:
منیش کاتی خۆی کە تازە کرابووم بە عەسکەر و برابووم بۆ خوار بەغدا، ئێوارەیەک لۆریی عەسکەریی بەتاڵ ڕاوەستابوون کە بڕۆنەوە بۆ بەغدا ئازووقە و کەلوپەل بێنن بۆ بنکە عەسکەرییەکەمان، هەموو جارێک بە نۆرە چەند عەسکەرێک لەگەڵ لۆرییە بەتاڵەکان دەڕۆیشتن. ئەو ڕۆژە ناوی منیش لەگەڵ ناوی ئەو چەند عەسکەرە هاتبوو. خۆمان ئامادە کرد کە لۆرییەکان حەرەکەت بکەن و لەگەڵیان بڕۆین. سەیرمان کرد چەند کەسێکی عەشایری نزیک شوێنەکەمان بە هەڵەداوان هاتن و پاڕانەوە و گوتیان بریندارێکی زۆر پەرێشانمان هەیە، لە ڕێی خوا فریامان کەون، لە سەر ڕێگەتان بمانگەیەننە بەغدا، ئۆتومبێل و شتمان دەست ناکەوێت: یەکێ تفەنگی لە دەست دەرچووە و بەر ئەو کەوتووە و حاڵی زۆر خراپە.
گەورەکەمان گوتی قەیناکا، یەکێک لە لۆرییەکان بچێت هەڵی بگرێت. کاک سمایل بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی بۆ نەگبەتی لۆرییەکانی تر کەوتنە ڕێ بەرەو بەغدا و ئەو لۆرییەی دواوە کە منیش لەوەدا بووم، دەبوو بچێت بریندارەکە هەڵبگرێت، منیش منداڵکار بووم، بریندار و خوێن و شتی وەهام نەدیبوو و نەشمدەزانی چۆنە. کەوتینە ڕێ، ئاخری گەیشتینە دێیەکە کە زۆر دوور نەبوو لێمان. خەڵکەکە چوون بریندارەکەیان هێنا، لە ناو پەتوویەکدا پێچابوویان و سەر لۆریەکەیان خست و بە هەزار ئەمەلاولا هێشتیان تاوەکو یەکێک لە خزمەکانی لەگەڵی بێت. گوتیان لۆریی عەسکەرییە، نابێ کەسی دیکە سوار بێت، بریندارییان لە پشتی لۆرییەکە پاڵ خست لەگەڵ خزمەکەی و ئێمەش سێ عەسکەر بووین لەگەڵ لێخوڕەکە، لێخوڕەکە و دوو عەسکەر لە پێشەوە سوار بوون، بۆ نەگبەتی منیان لەگەڵ بریندارەکە و خزمەکەی لە ناو لۆرییەکە دانا. دونیاش تاریک داهاتبوو و لۆری کەوتە ڕێ. کاک سمایل وەک گاڵتەی بە ئەوسای خۆی بێت، پێکەنیی

و گـوتی جـارێ هەر چـاوم بە برینـدارەکە کەوت وەک مـردوو لـوول درابوو و خوێن بە نوێن و شتەکانیەوە بوو، هەر ئەوسا تۆقیم، ئینجا وەرە لەگەڵی دانیشە.

لـۆری کەوتە ڕێ و برینـدار کەوتە هـاوار هـاوار. خزمەکەشـی کەوتە شیوەن و گریان، دەیکێشا بە خۆیدا و هاواری منی دەکرد کە بچم بە لایانەوە. منیش جارێ خۆمم لێ کەڕ دەکردن و جارێکیش بەزەییم پیایاندا دەهات و دەمویست بچم، بەڵام سامم لێ نیشتبوو، بە تایبەت کە شـەو بـوو و تاریک بـوو و چـاوم لە هـیچ نەبـوو لە تارمـاییەکەی زیـاتر و ئەو دەنـگە دڵتەزێـنەی کـابرای برینـدار و گریـان و شـیوەنی خزمەکەی، ناچار جارێک کە کابرای خزمەکەی زۆری بانگ کردم و گوتی فریـام بکەوە وا خەریکە دەمرێت، منیش بە ترس و لەرز و بە ئەسپایی و بە پەلەکوتێ چووم، چونکە تاریک بوو نەوەکا پێم لێ بنایە کە لەپڕ دەستم کەوتە سـەر دەموچاو و دەمـوددان و سـەر و ڕیشـی، ئیتر لە جێی خۆم سڕ بووم، ورتەم لێوە نەهات و لە ترسـاندا بێهۆش بووبووم. لەم حاڵەدا لەپڕ بە توندی دەستێک درا بە دەموچاومـدا، لە دڵـی خۆمـدا گـوتم بە خـوا هەر لەمەم کەم بـوو، وام زانـی خزمـی بریندارەکەیە و بۆیە پیای کێشاوم، چونکە زوو نەچووم بە دەنگیەوە، بیـرم لەمە دەکـردەوە کە لەپـڕ شـاڵاوێکی تـرم بـۆ هـات تـومەز ئەمە برینـدارە قوڕبەسـەرەکە بـوو لە تـاو ئـازاری خـۆی دەسـت و قـاچی ڕادەوەشاند و پەلەقاژەی دەکرد. هەرچەند لە پەنـجەرەی لێخـوڕەکەم دەدا و بـانگی دوو عەسـکەرەکەی تـرم دەکـرد، هەر هـیچ کەس گـوێی لێمـان نەبوو، یەکێ لە عەسکەرەکان بە دەنگی بەرز یـابویە یـابویەی دەگـوت. ئیتـر تـا گەیشـتینە بەغـدا، وا بـزانم منـیش یەک دوو جـار لە هۆش خۆم چووبووم لە ترساندا.

هەموویـان بە جارێـک دەسـتیان کـرد بە پێکەنـین بە عەسـکەری و ترسنۆکیی ئەوسای کاک سمایل.

قەمەر هەڵیدایە و گوتی باشە ئەی بریندارە قوڕبەسەرکە چیی لێ هات؟
کاک سمایل گوتی:
ئەی ناڵێم وا بزانم خۆشم لە هۆش خۆم چووبووم، هیچ نایەتە بیرم کە چییان لێ کرد و بۆ کوێیان برد. دیسان دانیشتووەکان دەستیان کردەوە بە پێکەنین!
کاک سمایل هەستایەوە سەر پێ و خۆی گورج کردەوە کە بڕوات بۆ سەر ئیشەکەی، ڕووی کردە دانیشتوان و بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی:
ئەوەشتان پێ بڵێم کە دوای ئەو ڕووداوە تاکو دوو سێ مانگ بە شەو خەوم لێ نەدەکەوت لە ترساندا و دەنگی کابرای بریندار هەر لە گوێچکەمدا دەزرنگایەوە. قەمەر یەک
قاقای لێ دا و گوتی یا ڕەبی لەشت ساغ بێت، بە ڕاستی عەسکەرێکی قارەمان بوویت.
دوای گەڕانەوەی قەمەر لە سەفەری هەولێری بە دە ڕۆژێک، ڕەحمە خان فرسەتی بینی کە کەس لە ژووری شەماڵی کوڕی نەبوو، چووە لای و لەسەرخۆ دەنگی نزم کردەوە و گوتی:
شەماڵ گیان لە دەورت گەڕێم، وا بزانم ئیتر خەریکین دەبین بە ئەرک بەسەر ئەم ماڵەوە، ئاخر سێ نەفەرین، نە قەمەر خان و نە کاک سمایل نایەڵن منیش ڕۆژێک هەر کیلۆیەک تەماتە بکڕم، بە ڕاستی خەڵکی وا باشم نەدیوە و هەر دەیکەن بە گاڵتە و دەڵێن پارووەنانێکە، ئەویش پارەی پێ نادەین، هەمووی هیی ماڵی کابرای مودیرە، بەڵام وەڵا ڕاست ناکەن، زۆربەی شت لە بازاڕ دەکڕن، ئەشهەدوبیلا خواردنی نیوەڕوان نەبێت. ئینجا دەڵێی چی، با من و وەنەوشە بڕۆینەوە، ئیتر بەینێکی تر سەرتان دەدەینەوە.
شەماڵ بە ماتییەکەوە گوتی:

ڕاستییش دەکەی، ئەگەرچی خۆیان زۆریان پێ خۆشە، بەڵام ئینسان خۆی دڵی لە خۆی ناڕەحەت دەبێت، بە تایبەتی دەردی تۆ دەڵێیت، نایەڵن هەر ڕۆژێک چوار پرتەقاڵ بکڕیت، ئەو ڕۆژە هەروا چەند دینارێکم دەرهێنا و بە ئەنوەرم گوت نیازم هەیە ئەمڕۆ دەعوەتیان بۆ بکەم، دەمەوێت بچیت کەبابمان بۆ بکڕیت، چی تیایە با منیش ڕۆژێک دەعوەتێکتان بۆ بکەم. شەماڵ سەیرێکی دایکی کرد و گوتی:
ئای ئەو کوڕە چی کرد، هەر خەریک بوو بگری و گوتی جارێکی تر قسەی وا بکەیت، سەری خۆم هەڵدەگرم و دەڕۆم و ئیتر نایەمەوە ئەم ماڵە. شتێکی وای کرد هەر خواخوام بوو وەکو خۆی لێ بێتەوە و گوتی ئێوە میوانی ئێمەن، جگە لە ماڵی خوشکەکەم، خۆشم مانگانەی باشم هەیە، بەشی زۆری خواردنمان هەمووی بەلاشە. ئیتر تۆ چۆن قسەی وا دەکەیت؟ ئەوە بوو کە ئەو ڕۆژە چووبوو ماڵکاولە بەشی بیست کەس کەبابی کڕیبوو، وای زانیبوو حەزم لێ کردووە.
ڕەحمە خان بە کەساسییەکەوە سەیرێکی کوڕەکەی کرد و گوتی ئینجا من دەڵێم با بۆ ماوەیەک ئێمە بڕۆینەوە. شەماڵ بە زەردەخەنەیەکی شەرماوییەوە سەری داخست و گوتی بەڵام زۆر ئاگات لە وەنەوشە بێت. دایکی ڕاپەڕی و دەستی کردە ملی، تێر سەروگوێلاکی ماچ کرد و گوتی چۆن ئاگام لێی نابێت؟ ڕەحمە خان بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە سەیرێکی کوڕەکەی کرد و بە مەعناوە گوتی:
وەختێ من ئاگام لێی بووە و بەرەڵام نەکردووە، زۆر کەس شەڕیان لەگەڵ دەکردم کە بۆچی ئاگام لێیەتی؟ ئینجا نەخوازەڵا ئێستە، چونکە ئەم ڕۆژانە دوو جار خۆشم دەوێت لە دەورت گەڕێم، جارێ لەبەر خۆی و جارێکیش لەبەر تۆ. ڕەحمە خان مستەکۆڵەیەکی گاڵتەی بە کوڕەکەیدا کێشا و گوتی ها، ڕەحمەتی دایک و باوکم دەکەیت یا نە، شەماڵ بە خۆشییەوە پێکەنیی و گوتی ڕۆژی هەزار ڕەحمەتیان بۆ دەنێرم.
دایکی جارێکی تر دەستی کردەوە ملی و گوتی:

خەیاڵت لای نەبێت، دەیخەمە دڵمەوە تاکو ڕۆژی خۆی، خوا یار بێت بە ساغ و سەلامەتی و بە خۆشی و سەرکەوتوویی لێتی مارە دەکەم و دەیخەمە باخەڵتەوە.

شەماڵ نەختێ تەریق بووەوە و سوور هەڵگەڕا و گوتی:

زۆر سوپاست دەکەم دایە گیان، دەزانم و دەتناسم چەند ژنێکی ئازا و بەغیرەتی، بەڵام خۆت دەزانی مێردەکەی پوورێ و هەتیوەکەی زۆر دڕ و جەربەزە و بێناموسن و هەموو ئەمن و پیاوخراپەکانیش لەگەڵیانن، بۆیە دەبێ یەکجار زۆر ئاگات لێی بێت.

دایکی گوتی:

خەمت نەبێت، پیاوم دەوێت بلێ لە کوێوە هاتوون.. کەواتە ئینشائەڵا سبەینێ ئێمە دەڕۆین، کەی ویستیشت، خەبەرم بۆ بنێرە، هەر زوو بەبێ وەستان دێینەوە بۆ لات.

بۆ سبەینێ دوای چاخواردنەوە، ڕەحمە خان و وەنەوشە هەستانە سەر پێ و لەگەڵ قەمەر دەستیان کردە ملی یەک. ئەویش زۆر بە دڵسۆزی پەلاماری دان و بە گەرووی گریاوی پڕ گریان خواحافیزیی لێ کردن و گوتی دەبێ زوو زوو بگەڕێنەوە. وەڵا وا ڕاهاتووم لەگەڵتان، دەڵێی دایک و خوشکم زیندوو بوونەتەوە.

کاک سمایل هەر زوو خواحافیزیی لێ کردبوون و زۆر ناڕەحەتی و پەرۆشیی خۆی بۆ دەربڕیبوون کە بۆچی دەڕۆن و با لەبەر دڵی کاک وریا بەینێکی تریش لێرە بوونایە، تاکو ڕەحمە خان بەڵێنی پێ نەدابوو کە زوو دەگەڕێنەوە و جارێ دەڕۆن سەرێکی ماڵەکەیان دەدەن، ڕازی نەبوو کە بڕۆن.

شەماڵیش هەستایە سەر پێ و دەستی کردە ملی دایکی، دوایی ئاوڕی لە وەنەوشە دایەوە و دەستی گرت و بە دەنگێکی نزمی مەلوول گوتی خوات لەگەڵ، ئاگات لە خۆت بێت.

وەنەوشە سوور هەڵگەڕابوو، لەبەر گریان قوڕگی گیرابوو، چاوە گەشە جوانەکانی وەک گۆمی فرمێسکیان لێ هاتبوو، ئەویش لەژێر

لێوەوە دوو سێ ورتەورتی کرد، شەماڵ تەنها لە هەندێکیان گەیشت، کە ئەویش ئەوە بوو (تو خوا تۆش زۆر ئاگات لە خۆت بێت). بە دڵێکی گوشراو دەستی یەکتریان بەردا. وەنەوشە بە کزی خۆی پێچایەوە و لەگەڵ پووره ڕەحمەی شوێن ئەنوەر کەوت بەرەو گەراجی ئوتومبێل و لەگەڵ کوڕێکی ئوتومبێلچی و هاوڕێ و هاوخەباتی سواری کردن بەرەو سلێمانی، لە سلێمانی شەوبۆ بە پەرۆش و زەوقەوە دەستی کردە ملی دایکی و زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کرد. بە چرپە هەواڵێکی شەماڵی برای پرسی و بە دایکی گوت کەوا نازانی چەند مەراقی کردبوو، چونکە وا دوا کەوت و نەشیدەزانی لە کوێیە تاوەکو هەواڵێکی بپرسێت.

ڕەحمە خان دەستی شەوبۆی کچی گرت و گوتی ئا وەرە با شتێکت بۆ بگێڕمەوە، بزانم تۆ چ تەگبیرێکم بۆ دەکەیت؟ پێشی گوت بۆیە دوا کەوتووە چونکە یەکێ لە هاوڕێکانی شەماڵی برای ڕووداوێکی لێ قەومابوو، باسی وەنەوشەی بۆ کرد هەر وەک لەگەڵ شەماڵی کوڕی تەگبیریان کردبوو کە بڵێ وەنەوشە کچی یەکێ لە هاوڕێکانیانە کە حەپس کراوە و کابرایەکی سەر بە حکومەت تەماعی کردبووە کچەکە و خەریک بوو بیفڕێنێت. ئیتر شەماڵ و برادەران وایان تەگبیر کرد لەگەڵی بێت بۆ سلێمانی و بەینێک لەوێ بیشارنەوە تاکو باوکەکەی بەردەبێت.

شەوبۆ بە پەرۆشەوە گوتی: وای بمرم ئەمە کەی قەوماوە؟ ڕەبی ماڵیان کاول بێت ئینجا نۆرەی کچڕفاندنە! خوا هەقیان لێ بکاتەوە، ئینجا بە دڵسۆزی و دڵپێوەبوونەوە گوتی:

ئەی کوا لە کوێیە؟

دایکی بە چرپە گوتی:

ئەوەتا لە ژووری پشتەیوان.

شەوبۆی کچی بە پەلە عەباکەی هەڵدایە سەر کورسییەک و بە شەوق و گەرمییەوە گوتی: تو خوا؟ کوا با بیبینم، یاخوا بە خێر بێت. لەگەڵ

دایکی بە جووتە چوونە ژووری پشتەیوان. وەنەوشــە کـە لە تەقەی دەرگاکەوە هاتبووە ژووریَ و لەسەر قسەی ڕەحمە خـان بە بێدەنگی خۆی مات دابوو تاکو بزانن لێدەری دەرگاکە کێیە، ئەگەرچی ڕەحمە خـان زانیـی شـەوبۆی کچیـەتـی، چـونکە هەر لە ڕێگـەوە بە کـوڕێکی خزمی وتبوو کە بە شـەوبۆ بڵێت دایکی هـاتەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا هەر وەنەوشەی شاردبووەوە.

ڕەحمە خـان بە زەردەخەنەوە ڕووی کـردە وەنەوشـە و گوتی ئەمەتـا شەوبۆ کە حەزت دەکرد ببینی.

وەنەوشـە و شـەوبۆ دەسـتیان کـردە ملـی یەک و یەکتریـان مـاچ کـرد. شەوبۆ بە گەرمی بەخێرهاتنی کرد و خۆشـحاڵیی خۆی بۆ دەربڕی. بە شەوق و خۆشییەوە ڕووی کردە دایکی و گوتی:

یاخوا بە خێر بێیتەوە لەگەڵ ئەم میوانە شیرینەی بۆت هێنـاوین. وەی ماشەڵا کە جوانە، یا ڕەبی بێچاوێنی بێت.

وەنەوشە سوور هەڵگەڕا و سـەری داخسـت و لە مەدحەکانی شـەوبۆ تەریق بووەوە.

ڕەحمە خان ڕووی کردە شەوبۆی کچی و گوتی:

من دەڵێم بـا کەم کەس ببینێت، تەنهـا ئـاتولی خوشکم و مـاڵی قـالەی برام و پوورە حەلاوت.

شەوبۆ بیرێکی کردەوە و گوتی ئەی ماڵی خەزوورم.

ڕەحـمە خـان پێکەنیـی و دەسـتی دا بەیەکدا و گـوتی ئەیەڕۆ ئەوە بـۆ ئەوانم لە بیر چوو، خۆ ئەوان لە هەموو ئەوانـی تـر باشـترن لە ڕووی ترسنۆکییەوە.

شـەوبۆ پێکەنیی و گـوتی خـۆزگە دەمزانـی ئەو پیـرانە بـۆچی ئەوەنـدە دەترسـن لە حکـومەت. هەر کە نـاوی خەباتکەرێـک یـا کـوردایەتییەک هـات، ڕۆحیـان دەچێـت و ڕەنگیـان زەرد دەبێـت، وەکـو عەبـدوولی مێردی پوورە ئـاتول، هەر کە چـاوی بە پۆلیسـێک دەکەوێت، لە پـێش لەشی لوتی دەلەرزێت.

ڕەحمە خان سەیرێکی وەنەوشەی کرد و بە زەردەخەنەوە ئیشارەتی شەوبۆی کچی کرد، گوتی ها نەمگوت گاڵتەچی و دەمبەهاوارە؟ وەنەوشە بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی هەر ئاواتەخواز بووم بیبینم.

شەوبۆ پێکەنیی و بە نازەوە دەستی لە قۆڵی دایکی دا نوقورچی لێ بگرێت، گوتی ئەوە چیت باس کردووم ها؟ ڕەحمە خان کەوت بە گازی پشتدا و پێکەنیی و گوتی چیم باس کردووی؟ گوتوومە هارە و دەمبەهاوارە. هەرسێکیان دەستیان کرد بە پێکەنین.

شەوبۆ گوتی ئەی هەقم نییە وای پێ بڵێم و بڵێم بە دەست ئەو بێت، دەمی هەموو کەس بە سریش دادەخات تاکو کەس پرتەوبۆڵەیەک نەکات و کەس ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە حکومەت دەرنەبڕێت، نەوەکا شتێک بقەومێت و دینارەکانی زیاد نەکەن.

ڕەحمە خان گوتی ئینجا کێ گوێی داوەتە ئەو، کوڕەکانی خوا حافیزیان بێت بە کەیفی خۆیان خەبات دەکەن و چالاکی دەکەن، هەر گوێشیان لێ نییە.

شەوبۆ گوتی ئینجا ئەگەر دەزانێت، بە خوا هەر دەستبەجێ ڕۆحی دەردەچێت لە ترساندا.

دووریی شەماڵی لێ دەرچێت کە دڵ و مێشکی وەنەوشەی شێواندبوو، ئەگینا ژیانی تازەی زۆر پێ خۆش بوو و هەندێ حەسابووەوە و سەربەستیی تەواوی خۆی وەرگرتبوو. بە ئارەزووی خۆی دەنوست و هەڵدەستا و سەری دەشت و هەرچییەکی بویستایە دەیکرد، بە تایبەتییش ڕەحمە خان وەکو تاقانە و کولەکەی ڕۆحی لەگەڵی دەجووڵایەوە و نازی دەکێشا، هەروەها شەوبۆش زۆری خۆش دەویست و بە دڵ هەوڵی دەدا کە دڵخۆشی بکات و تا بتوانێ یارمەتیی بدات کە دڵی تەنگ نەبێت و بە پێچەوانەی شەرمنی خوشکی لە بەغدا کە سەری دنیای لێ هاتە یەک کە چاوی بە وەنەوشە کەوت و لای وابوو کە بەڵای بەسەردا دابارییبوو.

هەروەهــا ئەو چەنــد مــاڵە خــزمە کەمەش کە چاویــان بە وەنەوشــە کەوت، زۆر چووە دڵیانەوە و شەیدای ڕەوشت و خوو و جوانییەکەی بوون و هەریەکەیان لای خۆیەوە هەوڵی دەدا کە جاربەجار دەعوەتی بکەن و بێنە لای و دڵسۆزیی خۆیانی بۆ دەرببڕن.

ڕۆژێک ڕەحمە خـان و شـەوبۆی کچـی کە لە بەیـانییەوە هـاتبوو بـۆ لایـان و دووبەدوو دانیشـتبوون برنجیـان دەبـژارد، چـونکە قەول بـوو ماڵی خەزووری شەوبۆ ئێواریٚ بێن بۆ لایان، وەنەوشـە لە ژوورێکی تر خەریکی ئیش بوو، شەوبۆ ڕووی کردە دایکی و بە چرپە گوتی:

دایە گیان کاکە شەماڵم وەنەوشە خانی دیوە؟

ڕەحمە خـان دەسـتی لە برنجبـژاردن هەڵگـرت و سـەیرێکی شـەوبۆی کچی کرد و گوتی:

هەر یەک جـار، ئەویـش ئەو ڕۆژەی کە هـاتین بـۆ ئێـرە، پـوورەکەی هێنای بۆ لامان تا لەگەڵ خۆم بیهێنم، شەوبۆ سەرێکی ڕاوەشاند و بە زەردەخەنەوە سەیرێکی دایکی کـرد و گـوتی: هـەر ئەو ڕۆژە و بەس؟ هەروا بە سەرپێوە؟

دایکە پێکەنینەکەی شاردەوە و گوتی ئەی چی؟ ئەی خۆ ئەو لای ئێمە نەبوو.

شەوبۆ بە زەردەخەنەیەکی خۆشـەوە گوتی: ڕاسـتی ڕاسـتی هەر ئەو ڕۆژە و بە سـەرپێوە چاوی بە وەنەوشە کەوت؟

دایکـی دیسـان پێکەنییەوە و سـەیرێکی شـەوبۆی کـرد و گـوتی چییە بڕوا ناکەیت؟ هەر وایە وەکو بۆم باس کردی.

شــەوبۆ گــوتی چــۆن بــڕوات پــیٚ نــاکەم حەدم چیـیە! بە پێکەنینێکـی بێدەنگەوە سەیری دایکی کرد و گوتی:

نازانم، دڵم شتێکی تر دەڵێت، شتێک لەم مەسەلەیەدا هەیە. تو خـوا تـو ســەری شــەماڵ ئەگەر بـۆم نەگێـڕیتەوە؟ بە خـوا گـڵ لـێم نابیسـتیٚ، دەزانـی بـۆ حەز دەکەم بـزانم؟ ئەم کـچەم زۆر خـۆش ویسـت و زۆر جوانە، حەز دەکەم خوا بیکات بە نسیبی شەماڵ گیان، بۆیە وا دەڵێم.

دایکی منگەمنگێکی کرد و هەندێ دەمولێوی خۆی هێنایەوە یەک، سەیرێکی کرد و گوتی هەی شەیتانی زۆرزان، دەزانم بڕوا بە قسەکانم ناکەیت، کێچیش کەوتووەتە کەوڵت کە بزانی چییە. ڕەحمە خان بە پەرۆشەوە سەیرێکی کچەکەی کرد و پەنجەی هەڵبڕی و گوتی دەردی خۆت گوتەنی گلەیت نەبێ ها، دوایی ژیانی کچەکە دەکەوێتە مەترسییەوە و خۆشمان وەزعمان لەو خراپترە.

شەوبۆ جارێکی تر سوێندی بۆ خواردەوە، چونکە زۆری بڕوا پێ دەکرد، بۆیە لەسەرخۆ باسی بۆ کرد کە چۆن شەماڵ دیی و چەند دڵی پێوەیە، کچەکەش هەروەها، بەڵام باسی ئەوەی بۆ نەکرد کە چۆنی بە ڕێکەوت وەنەوشەی دیوە و پێی گوت کە حکومەت باوکی کوشتووە و ئەم هێشتا وا دەزانێ هەر حەپسە و دایکیشی لە زووەوە نەماوە و لە ماڵی پوورێکی ژیاوە، لە پاشان ئەویش لە ترسی ئەو پیاوە سەر بە حکومەتەی کە تەماعی تێ کردبوو، بە هاوڕێیەکی باوکی کچەکەی گوتووە کە ڕزگاری بکات، بۆیە حیزبیش کچەی هێناوە و ماوەیەک وەک قاچاغ و بە دزییەوە لەو ماڵە بوو کە شەماڵی لێ بووە لە ترسی ڕفاندن و لەو ماوەیەدا شەماڵ زۆر دڵی چووەتە سەری.

ڕەحمە خان بە سۆز و ناڕەحەتییەوە دەستی دا لە سنگی خۆی و گوتی ئۆهـ دایکی بمرێ، هەر بیانووی دەدۆزییەوە تاکو لەوێ بمێنین و زوو نەگەڕێینەوە. شەوبۆ باوەشی کرد بە دایکیدا و گوتی ئۆخەی، بە خوا پێم خۆش بوو کە کاکە شەماڵم دیویەتی و خۆشی ویستووە، ئۆهـ لە دەوری گەڕێم، بە خوا هەر قابیل بەوە، بەقوربانی خوا بم، ڕێکەوتی چۆنی لایە. ڕەحمە خان لێوی خۆی گەست و لە دڵی خۆیدا گوتی ئەی ئەگەر دەزانی ڕێکەوتە ڕاستەکە چۆن بوو و چۆن لە شەمەنەفەر و ڕێگە یەکترمان دۆزیوەتەوە، ئەوسا چی دەڵێیت.

شەوبۆ دایکی لە خەیاڵ دا و بە شەوقەوە گوتی:

خوا گەورەیە، خۆ تا دنیا دنیایە وەزع هەروا نامێنێ و کاکە شەماڵ گیان هەروا قاچاغ نابێت، بە چی مەعلووم ئەمانیش خوا پاڵێکیان پێوە

نانێت و سەرنگومیان ناکات. ئەوەتا سەیری میسر بکە، کێ بڕوای دەکرد بە چەند سەعاتێک مەلیک دەربکەن و دوو سەعاتێکی بۆ دادەنێن تاکو خۆی و ماڵ و منداڵی کۆ بکاتەوە و لە وڵات بڕواتە دەرێ.
ڕەحمە خان هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە مەلوولییەکەوە گوتی ئینجا کوا ئەو ڕۆژەی لای ئێمەش وای لێ دێت، دەی بە تەمای خواین.
شەوبۆ دەمی بردە نزیک دایکی کە هێشتا قسە بکات کە وەنەوشە کردی بە ژووردا و گوتی: پووری گیان ژوورەکەم ڕێک خست، دە ئیتر تۆ هەستە با من دانیشم لەگەڵ شەوبۆ خان برنجەکە تەواو بکەین.
ڕەحمە خان بە چاوێکی پڕ خۆشەویستی سەیرێکی کرد و گوتی دە جارێ بڕۆ پشوویەک بدە، هەیلاک بووی، وەنەوشە بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە دانەوییەوە و هەردوو باڵی ڕەحمە خانی گرت و گوتی بە خوا هەڵدەسیت، ئەویش ناچار هەستا. ئیتر ئەو لە جێی ڕەحمە خان دانیشت و پەنجە سپییە ناسکە جوانەکانی خستە ناو برنجەکەوە و کەوتە بژاردنی لەگەڵ شەوبۆ.
شەوبۆش کەوتە قسەی خۆش و پێکەنین، وا هەستی کرد کە وەنەوشە خۆشەویستتر و جوانتر لە ڕۆژانی تر هاتە بەر چاوی، لەبەر ئەوەی زانیی کە شەماڵی برای خۆشی دەوێت.
خەزوور و خەسووی شەوبۆ کردیان بە ماڵی ڕەحمە خاندا لەگەڵ دوو کوڕەکەی شەوبۆ کە ئەو شەوە لە ماڵی بابە گەورەیان نوستبوون، بە تایبەتی چونکە ڕۆژی جومعە بوو، هەموو ڕۆژانی پێنجشەممە هەردوو منداڵەکە دەبوو هەر لە مەکتەبەوە بچنە ماڵی نەنک و باپیریان و شەوی جومعە لەوێ بن. کوڕەکان دوانزە ساڵ و دە ساڵ بوون.
ئەهلی ماڵەکە بە گەرمی چوون بە پیر میوانەکانیانەوە و بەخێرهاتنیان کردن و گلەیی ئەوەیان لێ کردن کە بۆچی وا درەنگیان پێ چوو. ڕەحمە خان بە زەردەخەنەوە دەستی ڕاوەشاند و ڕووی کردە حاجی

عەبدوڵای خەزووری کچی و گوتی تازە قبووڵییەکەت کۆن بووە، بە تەمای قبووڵیی فەریک مەبە. حاجی دەستی دا بەیەکدا و گوتی بڵێم چی، دیسانەوە (نوورە بەگ) تووشی بەزمی کردین بۆیە دوا کەوتین، بەڵام ئەوە قسەیە تۆ دەیکەی؟ ڕەحمە خان قبووڵیی تۆ ڕۆژێکیشی بەسەردا تێ بپەڕێت، هەر بەلەزەت و خۆشە.
کوڕە گەورەکەی شەوبۆ بە پەرۆشەوە ڕووی کردە نەنکی و گوتی: دایە ڕەحمە کاکە (نوورە) دیسان بوورایەوە و بە بووراوەیی هێنایانە ماڵێ. کوڕەکە هێشتا شپرزەیی و ناڕەحەتی بە دەموچاویەوە دیار بوو، لەوە دەچوو کە ترسابووبێت.
نوورەش ڕەنگزەرد و سیس، چاوە شینە وردەکانی نیوەداخراو و ژاکاو بوون و جامانەیەکی پاک پاکی بەستبوو بە سەریەوە لەگەڵ کڵاوێکی تازەی چنراوی گوڵگوڵی، دەستێ شەرواڵ و مراخانیی تازەی ڕێکوپێکی لە بەردا بوو و هەر یەکسەر هەموویان بانگیان کرد کە بچێتە بەر مقەڵییەکە دانیشێت و خۆی گەرم بکاتەوە.
سەماوەرەکەش لە لایەکی ژوورەکەوە گیزەی دەهات. ڕەحمە خا ڕووی کردە وەنەوشە و گوتی: دە ئیتر چێشتەکەشت دەم بکە بەقوربان، شەوبۆ زەردەخەنەکەی شاردەوە و گوتی: دایکم ڕاست دەکات، بەشکم زوو چایەک بدەین بە (نوورە) تاکو سەری بەربدات و هۆشی بێتەوە سەر خۆی، شەوبۆ قسەکەی تەواو کرد و گوتی ئەرێ وەڵا دەڵێی بچم چایەکی لیمۆی ترشی بۆ بکەم باشترە بۆی.
ئافتاو خانی خەسووی هەڵی دایە و گوتی: پێی ناوێت، لە ماڵەوە شەربەتمان بۆ کرد و دامانێ.
ڕەحمە خان و شەوبۆ و وەنەوشە کەوتنە خۆیان و چوون بەرەو چێشتخانەکە ئیتر خەریکی نانتێکردن بن، لەوێ ڕەحمە خان بە پێکەنینێکی بێدەنگەوە سەیرێکی کچەکەی کرد و وەک پاڕانەوە گوتی: تو خوا شەوبۆ واز لە (نوورە) بێنە، دیسان سەر مەکەرە سەری و ئەوەندەی تر ناڕەحەتی مەکە، خۆی لە خۆیدا نییە داماوە.

شەوبۆ دایە پرمەی پێکەنین و گوتی: چیم لێ کردووە؟ خراپم گوتووە دەڵێم بچم چایەکی لیمۆی ترشی بۆ بێنم؟

نان خرایە سەر سفرە. مێردەکەی شەوبۆش گەیشت و هەموو دانیشتن نان بخۆن. (نوورە) نەبێت کەوا گوتی جارێ دڵم نایبات، بەشەکەم بۆ هەڵگرن.

حەمەجەزای مێردی شەوبۆ لە دەستشتنی هاتەوە و قۆڵی هەڵماڵی و لە سەر سفرەکە دانیشت. ئاگای لە بەزم و بوورانەوەی نوورە نەبوو، بۆیە ڕووی تێ کرد و گوتی دەی کاکە نوورە، فەرموو ئەوە بۆ هەڵناسی؟

حاجیی باوکی گوتی جارێ بێتاقەتە، دوای دەخوات. حەمەجەزا زەردەخەنە گرتی و گوتی چییە دیسان؟ چوونەحەمام و بوورانەوەیە. حەمەجەزا قسەکەی تەواو کرد و هەندێ دەنگی بەرز کردەوە، بە توندی گوتی ماڵت کاول بێت کە ئەمە حاڵتە، کەم کەم بچۆ، جاری وا هەیە حەفتەی دوو جار دەچیت بەم بەفر و سەرمایە، چۆن تاقەتێکت هەیە سەرەڕای دەردان، بە حەمامی ماڵیشەوە ڕازی نابێت، دەڵێت گەرم نییە، حەزم لە هیی بازاڕە زۆر گەرم و خۆشە و هەموو جارێکیش بە نیوەمردوویی دەتهێننەوە ماڵێ؟ دایکی چاوێکی لێ داگرت کە چیی دیکە قسە نەکات و واز لە نوورە بێنێ، گوناحە.

نوورەش بە دانیشتنەوە وەک خەوی لێ کەوتبێ وا بوو، پشتی دابووە دیواری ژوورەکە و قاپووتەکەی دابوو بە شانیدا و دەستی خستبووە ژێر چەناگەی و لە بەر مەقەڵی و ئاگرەکە مات بووبوو. زۆریش لەوە دەچوو کە تەریق بووەتەوە، چونکە مانگی یەک دوو جار وای لە ماڵی حاجی عەبدوڵا دەکرد و دڵی دادەخورپاندن، بە هەڵەداوان دەچوون بە دەنگیەوە و هەموو جارێک ناسیاوێک کەسێک سواری عەرەبانەیەکی دەکرد و بەو حاڵە دەیهێنایەوە ماڵێ. ئەمانیش شپرزە دەبوون و دەکەوتنە بۆن لەبەر لووت هەڵسوون و شەربەت بە دەمدا کردن. جاری وا هەبوو بە سەعات نەدەهاتەوە هۆش خۆی. ماڵی حاجییش

دەکەوتنە هەڵپەهەڵپ و هانابردن بۆ دەرودراوسێ کە دکتۆری بۆ بێنن و جواب بەرن بۆ حاجی و حەمەجەزا یا خزم و کەسیان تاکو وردەوردە نووری دەهاتەوە هۆش خۆی.
بەڵام ئەمان ئەگەرچی دەیانزانی کە لەبەر گەرمیی حەمامەکە وای لێ دێت و قەیناکا ئێستە دێتەوە سەر خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەترسان و شپرزە دەبوون. کە چاک دەبووەوە، دەچوون بە گژیدا و پێیان دەگوت مەچۆ بۆ حەمامی گەرم، ماڵکاول خۆ تۆ ڕۆحت بردین، ئەویش قەولی لەگەڵ دەکردن کە ئیتر نەچێت و وەختێک دەچێت کە حەمامەکە خەریکە چۆڵ و سارد دەبێتەوە و کەوا لەگەڵ فەرەجی ناتریشدا قەولیان کردووە کە ئەگەر وا نەبێت، نەهێڵێت بچێتە ژووری، بەڵام دیسان هەر دەچووەوە و زۆر جار وای لێ دەهاتەوە. (نوورە) خزمێکی حاجی عەبدوڵا بوو، هەندێ ساویلکە و شێتۆکە بوو و لە منداڵییەوە گرێدار بوو، باوەپیارەی بەخێوی کردبوو لەگەڵ دوو خوشکی، نوورە سەری یەک تاڵ مووی پێوە نەبوو، چونکە بە منداڵی کەچەڵ بووبوو و کەس گوێی نەدابوویە، ئێستاش کە بووبوو بە پیاوێکی نزیک چل ساڵ، هەر ئەو داخەی لە دڵدا بوو و شێت شێت دەبوو ئەگەر دەستی یەکێ بەر سەر و جامانەی بکەوتایە، لەبەر ئەوە بەردەوام سەرلێشێواو و دوودڵ و ڕاڕا بوو، هەرزەکاری ناسیاو و خزم و کەسیان بۆ ڕابواردنی خۆیان تووڕەیان دەکرد، وردەگاڵتەیان پێ دەکرد و ئەگەر بۆیان بکرایە، کڵاو و جامانەکەیان دەفڕاند و سەریان ڕووت دەکردەوە. ئیتر ئەویش شێت دەبوو و ئەوانیش پێی پێدەکەنین و دڵیان خۆش دەبوو بەبێ ئەوەی گوێیان بدایەتە دڵ و شعور و هەستی ئەو بەسەزمانە. لەبەر ئەوە سەردەمێک چووبوو بۆ بەغدا و لەوێ خۆی کردبوو بە پۆلیس. بۆ نەگبەتی، شەوێک پاسەوان دەبێت لە جادەکەی حەیدەر خانە، پشت دەنێت بە کۆڵەکەیەکەوە و ڕادەوەستێت، دنیاش زستان و سەرما دەبێت، ئیتر بۆ خۆی خەوی لێ دەکەوێت و یەکێ بە بەردەمیدا تێ دەپەڕێت، لەسەرخۆ تفەنگەکەی

لە شـــان دەکـــاتەوە و دەیبـــات و دەڕوات، لەبەر ئەوە بـــۆ مـــاوەیەک حەپســـــی دەکەن و دوایـــــیش دەری دەکەن لە پۆلیســـــی. ئەویـــــش دەگەڕێـتەوە سـلێمانی و لە مـاڵی ئـەو خـزمەی دەمێنێتـەوە، چـونکە خۆشیان دەویست و بەزەییان پێیدا دەهاتەوە، وەکو پیاوێکی تەواو ڕەفتاریان لەگەڵی دەکرد، ئەویش هەندێ بازاڕ و ئیشوکاری قورسی بۆ ڕادەپەڕاندن و پیاو و کلیلبەدەستی ماڵەکە بوو. بەڵام هەندێ جار لەگەڵ ئافتاو خانی خەسووی شەوبۆ تێک دەچوون، وەک ئافتاو خان پێی دەیگوت تو خوا (نوورە گیان) بڕۆ سەرێکی ماڵی فلان کەس بدە، دەڵێن ئەمڕۆ ژانی کردبوو، بردبوویان بۆ خەستەخانە، دڵم زۆر لە لایانە، قاچم دێشێ ناتوانم بەم پەلەپەلە بڕۆم، جارێ تۆ بڕۆ بزانە چییە. نوورە ئەگەر ماڵەکەی بە دڵ نەبوایە، ڕووی دەکردە ئافتاو خان و دەیگوت وەڵا و بیلا هیچیان نییە، ئەمە کێ وای پێ گوتی.

کە ئەویش دەیگوت کورە ڕۆڵە ئێستە دراوسێکەمان گوتی. دە بڕۆ بە فڕکانێـک، ئەم مەحـــکەمەیەی بـــۆ چیـــیە؟ نـــوورە تـــووڕە دەبـــوو و هەڵدەچوو، دەیگوت کورە باوکم ئێوە بۆ بڕوام پێ ناکەن، هەردوو خوشکم بە ڕۆژێک بمرن و بە دەستی خۆت بیانخەیتە قەبرەوە، پێرێ لەبەر دوکانی میوەفرۆشێ دیومە میوەی کڕیوە.

ئافتاو خانیش پێی دەگوت کورە باوکم پێرێ لە کوێ و ئەمڕۆ لە کوێ، ئەو قوڕبەسەرە ئەمشەو وای لێ هاتووە، ئیتر نوورە لەم جۆرە قسە و کردەوانەشـی هەبـوو سـەرباقیی دەردان و کە تـووڕەش دەبـوو، دەمـی وەک ڕەشاش و دەستڕێژی لێ دەهات و کەس بە باشی تێ نەدەگەیشت کە چـی دەڵێت، دوو ددانـی پێشەوەشـی شـاش و لەیەک دوور بـوون و چـاوی بچـووک و شـین بـوون، مـووی زەرد بـوو و بە سـمێڵەکەیدا دیـار بـوو، چـونکە مـووی سـەری نەبـوو تـاکو خەڵـک بیزانیـایە ڕەنگـی چۆنە، ڕەنگی خۆشی بەسەر سپیدا دەچوو و هەندێ کەڵەگەت بوو.

خوشـــکەکانی هەردووکیـــان لە کەرکـــووک شـــوویان کردبـــوو و لە ماڵوحاڵیان دانیشتبوون، منداڵیان هەبوو و ڕێکوپێکیش بوون، ئاگاشیان

لە نوورە نەبوو کە ڕۆژی چەند جار دەیمراندن و دەیخستنە قەبرەوە کە وەختێ توورە دەبوو.
باشترین ئیش کە لێی دەزانی، ئەوە بوو کە دەچووە بازاڕ گۆشت و سەوزە و شتی زۆر چاکی دەکڕی و هەموو جارێک بە قەسابەکەی دەگوت ئا لەم پارچە گۆشتەم بدەرێ و ئەگەر بە قسەی نەکردایە، دەیکرد بە هەرایەک هەموو خەڵکی گوزەر و ئەو ناوەی لێ کۆ دەکردەوە، ناچار دەبوو، چونکە هەموو دەمی ڕەشاشیان دەناسی.
باشترین شتیان دەدایە تاکو لە کۆڵی خۆیانی بکەنەوە. نوورە ئەقڵی بە سیاسەت و کوردایەتی و ئەم جۆرە شتانە نەدەشکا و پیاوخراپ و ئەمن و ئەوانەی سەر بە حکومەتی لە خەباتکەر جیا نەدەکردنەوە، وەکو جارێک کە لەسەر ئیشێکی دڕندانەی حکومەت بەرامبەر ناوچەیەکی کوردستانی کردبوو و خەڵکی زۆری لێ گرتبوون و نەفیی خوارووی عێراق و نوقرەسەلمانی کردبوون، خەڵکیش بەوە زۆر نارەحەت بووبوون، پارتی خۆپیشاندانێکی زۆر گەورەی ڕێک خست کە بە ناوەڕاستی شار و بە بەردەمی سەرادا تێ دەپەڕین و بڕوخێ بڕوخێیان دەکرد. ئەو ڕۆژە شاری سلێمانی زۆر شڵەژابوو، نوورەش بەینێک لەو ناوە دەبێت و دوای دەگەڕێتەوە ماڵێ پاش ئەوەی کە بیری دەکەوێتەوە کە ئافتاو خان نەخۆشە و بە تەنیا لە ماڵە و هەموو کوڕ و کچەکانی حاجی لە دەرەوەن، نوورە دەگەڕێتەوە ماڵی ئافتاو خان بە هەڵەداوان دەچێت بە پیریەوە و دەڵێت وەی نوورە گیان یاخوا بە خێر بێیتەوە، وەخت بوو دڵم شەق بەرێت.
وەرە لەم ڕێکەوتە نالەبارە لە هەموو ڕۆژێکدا بە ناخێرم ئەمڕۆ نەخۆش کەوتم، تو خوا دڵم زۆر لە مەراقایە، خۆپیشاندانەکە زۆر قەڵەباڵغە؟ خۆ شوکر هیچ نەقەوما؟ چاوت بە کوڕەکان کەوت؟
نوورەش لە کن خۆی دەیەوێت دڵی بداتەوە و دڵی خۆش بکات کە نەخۆشە و مەراقی کوڕەکانی دەکات.

ڕووو دەکاتە ئافتاو خان و دەڵێت نەنە دڵت هیچ نەکات، هیچ نەقەوماوە هەر ئەوەیە ئەو (شەگ) (بابانە) هەر بڕوخێ و بڕوخێیانە و دونیایان تێک داوە، پۆلیسەکان خەریکن تەقەیان لێ دەکەن و بڵاوەیان پێ دەکەن. چاوم لێ بوو ڕەشاشەکانیان دادەمەزراند لە سەربانی سەراکە. ئافتاو خانی بەسەزمان هەر خەریک دەبێت زیرە دەکات کە نوورە وا دەڵێت، ئیتر ئەویش تێی بەردەبێت و پێی دەڵێت دەک خوا نەتهێنێتەوە بۆ خۆت و دەنگوباست. ئەیەڕۆ حەواڵە بە خوا بی ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟ ئەوە لەسەر حکومەت و ئەو پۆلیسە سەگبابانە دەکەیتەوە.

نوورەش دەڵێت ئەوە بۆ وا تووڕە دەبیت من چیم گوتووە، ئەویش دەڵێت ئەیەڕۆ چۆن چیت گوتووە؟ چۆن جنێو بەو خەڵکە دەدەیت کە بڕوخێ بە حکومەت دەڵێن؟ ئەوانە هەموویان خەڵکی باشن و کوڕەکانیش لەگەڵیانن، ئەوانە تووڕەیی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەر بە کردەوەی خراپ و بێناموسیی حکومەت، تۆ چۆن وا دەڵێیت، نوورە سەری دادەخات و دەڵێت من چووزانم ئەوانە کێن کە وایان دەکرد، هەر ئەوەندەم دەزانی کە شارەکەیان شێواندبوو و ئەو هەموو ژنەش بە عەباوە شوێنیان کەوتبوون، دەتگوت قەلەڕەشکەن.

نووره شێت و عاشقی شاری سلێمانی بوو و هەموو شار و شوێنێکی دنیای بە هیچ نەدەزانی، هەندێ جار کە دڵی خۆش بوایە و حەزی لە نوکتە و پێکەنین بکردایە کە زۆر کەم ڕووی دەدا، چونکە هەمیشە تووڕە و سەرلێشێواو بوو، لەبەر ئەوە ناسیاوەکانی ئەو دڵخۆشییەیان بە هەل دەزانی و بە دڵ چاوەڕێی ئەو وەختەیان دەکرد. لەو وەختانەدا نوورە دەکرایەوە و دەکەوتە قسەی خۆش و لەپڕ دەیگوت ئاخ سەرچنار، ئارەقخواردنەوە و بستەخواردن، ئینجا پێدەکەنیی و دەستی دەدا بەیەکدا و قسەی خۆشی دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا کە نوورە خۆی قەت دەمی بۆ ئارەق نەدەبرد و نەیدەزانی چییە، هەر لە خۆشیی ئەو خەڵکەی بۆ سەرچنار دەچوون بۆ سەیران

وای دەگوت. ڕۆژێک نووره دێته ماڵەوه، زۆر عاجز و مات و ناڕەحەته، هەرچەند ئافتاو خان بانگی دەکات ڕۆڵە چییه، وەره نان بخۆ، نووره جواب ناداتەوه و قسه ناکات، هەر ماته و سەر دادەخات. ئافتاو خان دەکەوێته مەراقەوه و دەڵێت ئەیەڕۆ لە ڕێی خوادا چی قەوماوه؟ کێ چیی لێ هاتووه و سەر دەکاته سەری، نووره ناچار دەست دەدا بەیەکدا و دەڵێ تازه سلێمانی حەیای چوو.
ئافتاو خانیش خەریک دەبێت کراسی خۆی دادڕێت، ئەوەنده تووڕه دەبێت لەم پێچوپەنایەی نووره، ئیتر به تووڕەییەوه دەڵێت:
کوره ڕۆڵە دڵم شەقی برد، ده دەم بکەرەوه، ئەوه بۆ له بەختی من دەمه (ڕەشاشەکەت) داخرا؟ نووره سەری هەڵبڕی و به ناڕەحەتییەکی زۆرەوه دەست ڕادەوەشێنێت و دەڵێت:
- ئەی چۆن سلێمانی حەیای ناچێت که هەورامی لێمان بدات؟
ئافتاو خان هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و دەڵێت:
- باوکەکەم بەقوربانت بم، لەسەرخۆ تێم بگەیەنه بزانم مەسەله چییه؟
نوورەش دەڵێ:
- وەڵا ئەمڕۆ لەگەڵ عەبه هەورامیی سێوجگەرفرۆش وەک هەموو جارێ دەمویست گاڵته بکەم، کەچی لەپڕ لەختوخۆڕایی کردی به شەڕ، مشتەکۆڵەیەکی دا له سەرم و له هۆش خۆم چووم. که هۆشیشم هاتەوه بەر خۆم، ئەوەنده دۆست و ناسیاوم لێ کۆ بووەوه نەیانهێشت هەقی بکەمەوه.. ئەی ئەمه حەیاچوون نەبێ چی حەیاچوونه؟
- ئینجا تۆ کەی له شەڕدا تێهەڵدانت نەخواردووه.. ڕۆڵە تۆ خۆت شەڕ به خەڵک دەفرۆشی کەچی که دەشبێ به شەڕ، خەمی هیچت نابێ هیی سەرت نەبێ که دەرنەکەوێت. بۆیه توند هەردوو دەستت دەگریت به جامانەکەوه.. دیاره که تۆ دەستت نەبێ خەڵکی هەر لێت دەدەن.. وا تۆ هەر جنێوت پێ دان یان له هەلێکدا یەک دوو شەقت

گەیاندنێ، ئەوە چ دادێکت نادا لە کاتێکدا ئەوان بە دەست و پێ دات دەگرن.
دیارە هەر ئەوان سەردەکەون و خەتای خۆشتە کە حاڵت وایە. شەڕ بە خەڵک مەفرۆشە یا ئەوەندە بە تەنگ دەرکەوتنی سەرتەوە مەبە.. هەموو کەس دەزانێ کە سەرت چییەتی و چۆنە، ئیتر ئەم شاردنەوەیەت لە چییە.

***

هەوا بەرەو خۆشی دەڕۆیشت، سەرما وەکو دەڵێن خەریک بوو پشتی دەشکا، لە کێوە شیرینە دڵڕفێنەکانی کوردستان گوڵ و نێرگز و گژوگیای تری ئەو فەسڵە خەریک بوون سەریان دەهێنایە دەرێ.. هەر کە بەفرەکان دەتوانەوە، ئەوان لە ژێرەوە سەریان بەرز دەکردەوە، هەر وەکو زۆر پەرێشان و عەوداڵی هەناسەدانی ئازاد و سەربەستانە بن و گوڵ و چرۆ و گەڵا و عەتریان بەو ناوەدا بڵاو دەکەنەوە و ئەوانیش خۆیان بنوێنن و مژدە بدەنە ئەو خەڵکە کە ئەوانیش خۆیان ئامادە بکەن و هەوڵ و تەقەلا بدەن بۆ جەژنی گوڵ و گوڵزار (نەورۆز).
لەو کاتەدا شەماڵیش کەوتبووە خۆی کاغەز و ماغەز و جانتا بچکۆلەکەی پێچابووەوە کە دیسانەوە بە هۆی هەمان برادەرە زابتەکەی بچێت بۆ ناوچەی سلێمانی. برادەرانی وایان قەرار دابوو بە تایبەتی کە چەند شوێنێکی باشیان پەیدا کردبوو لە هەندێ دێ و چەند ماڵ و خانوویەکی دەوروپشتی شار.
قەمەری خانەخوێی شەماڵ هەر دەهات و دەچوو، فرمێسکی دەسڕی و دەیگوت ئینجا چی بکەین (کاکە وریا) گیان، جێت زۆر خاڵی دەبێت و زۆرت بیر دەکەین. وەختە بڵێم خۆزگە تۆمان هەر نەدیایە، هەرچەند بیر دەکەمەوە، چۆن دەتوانین سەیری ئەم ژوورە بکەین و تۆی لێ نەبێت.
شەماڵ کە ئەویش وا ڕاهاتبوو لەگەڵ قەمەر و سمایلی مێردی و ئەنوەری برای هەر دەتگوت لە دەمێ ساڵەوە دەیانناسێت و لەگەڵ

دایــک و خوشــک و براکــانی دەژی ئەوەنــدە خۆشــی دەویســتن و حورمەتی دەگرتن و بە تەنگ دڵیانەوە بوو و خزمەت و فیداکارییانی لەبەرچاو بوو، بۆیە شـەماڵ بە ماتییەکەوە سـەیرێکی قەمەری کرد و گـوتی وەڵا منـیش هەر لە ئێســتەوە بیرتــان دەکەم، بە ڕاســتی قەت دڵســـۆزی و چاکەتـــانم لە بیـــر نـــاچێتەوە، تـــۆ خوشـــکی هەرە خۆشەویستی منی و دڵی خۆت ناڕەحەت مەکە، ئینشائەڵا کە گەیشتم و لە شـوێنێک دامەزرام، دەنێرم بەدواتدا، وەرە بەینێک لای دایکم و وەنەوشە و خوشکم بە.

قەمەر بەدەم هەنسکەوە گوتی خۆ پوورە ڕەحمە خانیش لەوساوە کە ڕۆیشتووە، ئیتر سەریشی لێ نەداینەوە لەگەڵ شەوبۆ خان، خۆ ئەو گوتی زوو زوو سەتان دەدەم، چەند مانگە، کە ڕۆیشتن تازە زستان دەستی پێ کردبوو وا بەهار هات.

شەماڵ دڵی گوشرابوو لەبەر گریانی بەکوڵ و دڵی قەمەر، لەبەر ئەوە هەر دەیویست دڵی بداتەوە.

شەماڵ دەستی هەڵگلۆفت و گوتی وەڵا زۆری خەتای من بوو دایکم و وەنەوشە لەوساوە نەهاتوون. فەقیرانە چەند جار خەریک بوو بێن و من جوابم بۆ دەناردن کە نەیەن، چونکە من دێم بۆ ئەو ناوە. خۆت دەزانی ئەمە لە کەیەوە من بە تەمام ئەمڕۆ بڕۆم و سبەینێ بڕۆم و ڕێک نەدەکەوت، شـەماڵ بە زەردەخەنەیەکی مەلـوولەوە گـوتی بڵـێم چی؟ سەفەر و هاتوچۆمان بە دەست خۆمان نییە، هەموو جارێک یا تەگەرەیەکی تێ دەکەوت یا شتێک دەقەوما، ئەگینا وا نەبوایە تاکو ئێستا چەند جار دەهاتن.

قەمەر بە پشـتی دەسـتی چـاوی خـۆی سـڕییەوە و هەناسـەیەکی هەڵکێشا و گوتی لە بەختی ئێمەش دنیا بە قوڕ گیرا، چاوت لێیە کەرکووک چیی لێ هات؟ هەر چەند ڕۆژ جارێک ماڵەکانیان دەپشکنی و خەڵکیان دەگرت، ئاگریان تێبەربێت، حکومەت بووە بە سەگی هار بەربووەتە گیانی ئەم خەڵکە هەژارە. شەماڵ گوتی چەند زیاتر خراپە

لەگەڵ خەڵک بکەن، ئەوەندی تر میللەت خوێنی گەرم دەبێت و دەیەوێت زووتر تۆڵەیان لێ بسەنێت. قوڕ بە سەریان، نە ئەوان و نە ئاغاکانیان ناتوانن هەناسەی میللەت کپ بکەن و دەنگی نەهێڵن.

شەماڵ سەری بادا و گوتی خەیاڵیان خاوە، ئەوەندەی پێ نەچوو کاک سمایلیش لەبەر ڕۆیشتنی شەماڵ بە بیانوویەک گەڕایەوە ماڵێ. ئەویش لە قەمەری ژنی دڵگیرتر بوو بۆ شەماڵ کە دەڕوات.

کاک سمایل زەمیلەیەک و کیسەکانی پێی بوو، لە بەر دەرکی ژووری شەماڵ دای نا و گوتی:

ئەوە هەندێ میوە و تێشووە بۆم هێناویت، نەوەکا لە ڕێگە برسیتان ببێت.

شەماڵ دەستی خستە سەر شانی و گوتی:

بۆچی زەحمەتت کێشا، ئەو هەموو شتەمان بۆ چییە؟ زۆرە، هیچ نەبێ هەندێکیمان بۆ دانێ. سمایل بە ماتی و پەرۆشییەوە گوتی:

نابێ.. بەو خوایە دەبێ هەمووی ببەن.

شەماڵ زانیی کاک سمایل نارەحەتە، نەیویست لەگەڵی بلێ، بۆیە گوتی:

باشە.. بە سەر چاو هەمووی دەبەین، ئەگەرچی بەشی مانگێکیشمان دەکات. ئیتر کەوتە قسەی گاڵتەی تر لەگەڵی، لێرەدا دایان لە دەرگا، برادەرێک بوو بە چرپە بە سمایلی گوت کە با کاک وریا بێت سوار بێت.

***

ئێوارەیەک شەوبۆ خۆی کرد بە ماڵی دایکیدا و بە دڵێکی خۆشەوە هەر لە دەرگاوە پەلاماری دایکی دا و چرپاندی بە گوێیدا کە شەماڵی برای بە سەلامەتی لە دوێنێوە گەیشتووەتە سار.

دایکی لە خۆشیاندا چاوی پڕ بوو لە فرمێسک و بە ئەسپایی گوتی تو خوا بە ڕاستە؟ شەوبۆ گوتی ئەرێ وەڵا، ئێستە حەمەجەزا هاتەوە ماڵێ و بە ئەسپایی پێی گوتم. گوتی کاغەزی بۆ ناردووم کەوا شوکر

زۆر بە باشی و خۆشی و بەبێ ترس گەیشتوون و شوێنەکەشی باشە، بەڵام جارێ نەگەیشتووەتە شوێنەکەی کە لێی دەبێت. بۆیە دەڵێت دوو سێ ڕۆژی تر دەنێرم دایکم و شەوبۆ و وەنەوشە بێن بۆ لام.

ڕەحمە خان چاوی خۆی سڕییەوە لە فرمێسک و بە شەوقەوە ڕووی کردە شەوبۆی کچی و گوتی شەرت بێ مژدانەت بدەمێ، نازانی دڵم چەند دەکوڵا و چەند جۆشی سەندبوو و چەند لە مەراقدا بووم. ئەمە مانگێ زیاترە هیچ هەواڵێکم نەدەزانی، بە تایبەتی کە گوتیان لە کەرکووکیش وەزع شێوابوو و خەڵکیان گرتبوو و دوو برادەری ناسیاویشیان گیرابوون کە لە شەریکەی نەوت ئیشیان دەکرد.

شەوبۆ گەڕایەوە ماڵی خۆیان و گوتی میوانم هەیە، هەر بۆیە هاتم تاوەکو ئەم مژدەیەت بدەمێ.

ڕەحمە خان گەڕایەوە بەرەوژوور و چووە نزیک وەنەوشە، دەستی کردە ملی و گوتی مژدەت بدەمێ، شەماڵ شوکر بە سەلامەتی گەیشتووەتە جێ.

وەنەوشە لە خۆشیاندا دڵی داخورپا و موچرکێکی پێدا هات و بە پەرۆشییەکی بێدەنگەوە گوتی تو خوا؟ یا ڕەبی هەزار جار شوکر، بە ڕاستی مژدەیەکی خۆشە. ڕەحمە خان باسی شەوبۆی بۆ گێڕایەوە کە هاتووە وای گوتووە، باسی ئەوەشی کرد کە شەماڵ داوای کردووە دوو سێ ڕۆژی تر بچن بۆ لای. وەنەوشە دڵی خۆش بوو و کەوتە گۆمی خەیاڵی خۆشەوە و ئیتر کەوتە سەعات و دەقیقە ژماردن کە کەی شەماڵ دەنێرێت بە شوێنیدا. شەوانیش تا نیوەشەو خەیاڵی دەکردەوە و خەونی بە شەماڵەوە دەبینی و بیری لەو چەند مانگی ڕابوردووەی دەکردەوە کە چۆن ڕووی نەهات باسی بکات، چەندی بیر دەکرد و چەند لە مەراقدا بوو بۆی، چەند جار بە دڵێکی پڕ هیواوە خۆی کۆ کردەوە کە لەگەڵ ڕەحمە خان قەول دەبوو بچن، لەپڕ جوابی بۆ دەناردن ئێوە مەیەن، خۆم لەم نزیکانەدا دێم بۆ دەوروبەرتان و کەچی نەشدەهات. ئەمیش دەکەوتە خەیاڵی

ناخۆشەوە و بە خۆی دەگوت تۆ بڵێی شەماڵ لە بیانوو نەگەڕێ بۆ ئەوەی ئەمان نەچن؟
چەند خەفەتی دەخوارد و دەکەوتە گێژاوەوە و چەندەها شەو خەوی دەزڕا و بیری لەوە دەکردەوە تۆ بڵێی شەماڵ بیرێکی نەکردبێتەوە کە ڕەنگە ئەو بۆی ببێ بە گێچەڵ و تەگەرە، دەڵێیت یەکێکی تر لە دڵیدا جێگر بووە.
وای خوایە چەند خەیاڵی قۆڕم دەکردەوە. ئەوە بۆ ئینسان هەندێ جار وای لێ دێت و ئەوەندە بێویژدان و دڵڕەق دەبێت. دە وەرە تو خوا شەماڵی بەسەزمان کون نییە خۆی تێدا بشارێتەوە، ئەو هەموو مەترسییەی لەسەرە، ئەوەندە کوڕێکی بەناموس و بەحورمەتە هیچ ناکا لە کۆبوونەوە و چوونە ماڵی هاوڕێ کە بە هەزار ترس و لەرز دەچوو، چاوبڕکێ لەگەڵ کچ و ژنی ئەوانە دەکات؟ بە ڕاستی هەندێ جار ئینسان بۆ وای لێ دێت و مێشکی بە جارێ دادەخرێت، دەڵێی شەیتان وا لە خەڵک دەکات، شەیتانی چی؟ ئینسان هەندێ جار خۆی لە شەیتان خراپترە، خۆی کردەوەی نابەجێ دەکات و دەیخاتە ئەستۆی شەیتان، بیری ئەوەندە خراپ دێت بە مێشکیدا، هەر خۆی دەبێتە شەیتانی تەواو.
دوای هەفتەیەک شەماڵ جوابی نارد بۆ دایکی و ئەوان کە بچن بۆ لای، ئەمانیش خۆیان کۆ کردەوە. ڕەحمە خان هەندێ خواردەمەنی و ئەو شتانەی کوڕەکەی حەزی لێ دەکردن، خستە زەمیلەوە و لەگەڵ وەنەوشە چوون بۆ ماڵی شەوبۆ و لەوێوە پێکەوە چوونە بازاڕ و لە بازاڕەوە بۆ ماڵی ئاشنایەکیان تاکو نزیک نیوەڕۆ لەوێ مانەوە، ئینجا لەوێوە سواری عەرەبانەیەک بوون و کەوتنە ڕێ بەرەو گەڕەکی جولەکان. بۆیەش بچن، هەموو پێچەبەدەورەیەکیان کرد لە ترسی ئەوەی نەوەکو ئەمنێک پیاوخراپێک شوێنیان کەوتبن و لەوێش لە دوورەوە ڕاوەستان و دابەزین، شەوبۆ چاوساغ بوو و هەندێ بە پێش ڕۆیشتن.

شـەوبۆ ڕیـس و بەنـی خسـتبووە تـوورەکەیەکەوە و بە دەسـتیەوەی گرتبوو. لە پیرەژنێک چووە پێشەوە و گوتی ئەرێ پووریێ بێزەحمەت ماڵی سەعەی جۆلا کامەیە؟
شەوبۆ ڕیسەکانی پیشان دا و گوتی دەڵێن پۆپەشمین و بەرماڵی زۆر جـوان و چـاک دروسـت دەکـات. پیـرەژن گـوتی ئەرێ وەڵا وایە و ئیشـارەتی خـانوویەکی دەرگـا ئاسـنی کـرد و گـوتی ئـا ئەوەتـا ئەو خانووەیە، ئەویش سوپاسی کرد و لەگەڵ دایکی و وەنەوشە شوێنی یەک کەوتن و چوونە بەر دەرکی ماڵەکە کە دەرگایەکی ئاسنی شینی یەک دەروازە بوو کە دەیڕوانییە سەر شیوێکی هەندێ قووڵ کە وەک سـەرەنوێلک وابـوو. شـەوبۆ لە دەرگـای دا و هەر گـورج پیـاوێکی کەڵەگەتی سەر ماشوبرنجی دەرکی لێ کردنەوە و گوتی فەرموون بە خێر بێن.
ئەوانیش بە دڵەکوتێ و بە پەرۆشـەوە کردیان بە ماڵدا و لەگەڵ کاکە سـەعە چـوون بەرەوژوور، حەوشـەکە بەرد و خۆڵ بـوو، زۆر گەورە نەبـوو، لە سـووچێکی لای دەرکـی حەوشـەکە وڵاخێک بە پەنـجەرەی ژوورێکـی بچـووکەوە بەسـترابووەوە، دیـار بـوو کە ژووری وڵاخەکە بـوو و لە سـووچی تـری دەرگـاکەوە ژوورێکـی هەنـدێ گەورە بـوو و کەلـوپەلی جـۆلایی تێـدا بـوو. لە تەنیشتیشـی کـولانەیەکی بچـووکی مریشکەکان بوو و ژوورێکی تری بچووک و نزم کە لە ژووری دار و خەڵوز دەچوو، جەماعەت حەوشەکەیان بڕی و سەرپلیکەیەکەی نزمـی بچـووک کەوتـن، چـوونە هەیـوانێکی خۆشـی گەچکاریکراوەوە کە دوو کەندووی گەورەی گەنم لە سەر هەیوانەکە کە تەنیشت یەکەوە بـوون، هەروەهــا بە کــۆڵەکەی هەیوانەکەشــیەوە گوریســێک بەســترابوو و باوەشێک ڕیس و خوریی ڕەنگاوڕەنگی لە سەر هەڵخرابوو.
هەر زوو شـەماڵ دەرپەڕی و هـاتە دەرێ بە پیریـانەوە، بە گەرمـی و پەرۆشییەوە پەلاماری یەکیان دا لەگەڵ دایکی و خوشکی و هەردوو دەستی وەنەوشەشی گرت و پەلاماری دا و لە خۆشیاندا نەیدەزانی

چی بڵێت. چوونە ژوورەوە، لە ژوورەکەدا لاکێش و بەڕە داخرابوو لەگەڵ یەک دوو دۆشەک و چەند سەرینێکی لوولەییش پاڵیان نابوو بە دیوارەوە، کاکە سەعە بە گەرمی بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد، دەستی درێژ کرد و ئیشارەتی ژوورەکەی کرد و گوتی فەرموون ژوورەکەمان فەقیرانە و کوردانەیە، کورسی و مورسیم نییە. ڕەحمە خان بە پەرۆشەوە سەیرێکی کرد و لە خۆشیی شەماڵی کوڕیشی هەندێ پەشۆکا و شڵەژا و گوتی:

ئەوە چۆن وا دەڵێیت، یا ڕەبی هەر ئاوەدان بێت ئینجا لە دانیشتنی سەر ئەرز خۆشتر هەیە؟ ئۆهـ ڕەزای کورسی خواتەوە، بەنی ئادەم دەڵێی حاجی لەقلەقە لە سەریان. عەباکەی لە خۆی کردەوە و خۆی دانەواندەوە کە دانیشێت، گوتی نازانی چەند حەز لە دانیشتنی سەر ئەرز دەکەم، یاخوا ماڵتان ئاوا بێت و حەوت ماڵی لێ بکەوێتەوە. کاکە سەعە بەجێی هێشتن و خۆی چووە حەوشە، ئەمانیش کەوتنە قسەوباس..

شەماڵ بە خۆشییەوە سەیرێکی دایکی کرد و گوتی ئێ لە چیدان چۆنن؟ لەگەڵ کچەکانت چۆنی؟ نیازی لە شەوبۆ و وەنەوشە بوو.

ڕەحمە خان دەستێکی کردە ملی و گوتی ئۆهـ لە دەورت گەڕێم، بە خوا لەشمان لێرە بوو، هەموو گیان و هۆشمان لای تۆ بوو، شەوبۆش بۆ دایکی سەندەوە و گوتی ئەرێ وەڵا هەموو هۆشمان هەر لای تۆ بوو، دەستمان لە سەر دڵمان بوو، بە تایبەت کە گوتیان کەرکووک تێک چووبوو و خەڵکیان گرتبوو، شەوبۆ سەیرێکی دایکی کرد و گوتی ئێوە هەر باشترن، هەمووی چەند مانگێکە نەتاندیوە، دەبێ من بڵێم چی؟ جارێکی تر دەستی کردەوە ملی براکەی.

شەماڵ سەیرێکی وەنەوشەی کرد و گوتی ئەی ئەم کچە چاکە خەریکی چی بوو، ئاخۆ سلێمانیی پێ خۆشە، وەنەوشە سوور هەڵگەڕا و زەدەخەنەیەک گرتی و سەیرێکی شەوبۆی کرد، هەر وەک پێی بڵێ دەستم دامانت نازانم چی بڵێم لە خۆشیاندا، قسەم بیر چووەتەوە، تۆ لەجیاتیی من قسە بکە.

شەوبۆ بە شەوقەوە ڕووی کردە براکەی و گوتی:
باسی وەنەوشە خان دەکەیت؟ نازانم باسی چیت بۆ بکەم و چیت بۆ نەکەم، کچــی وا چــاک کەم هەیە، ئــای کە خەبــاتکەرێکی ئــازا و چالاکیشی لێ دەرچووە.
شـەماڵ بە خۆشـییەوە گوتی بە ڕاسـتی؟ شـەماڵ چاوی لە شـەوبۆی خوشکی داگرت و گوتی خۆ مـن وام دەزانـی تـۆزێ ترسـنۆکە، کەچـی تۆ وا دەڵێیت، ئیتـر هەموویـان پێکەنـین. وەنەوشـە ئەوەنـدەی تـر دڵـی خـۆش بـوو و زانیـی کە شـەماڵ شـەڕی پـێ دەفرۆشـێت و دەیەوێـت بیهێنێتە قسـە. وەنەوشە ئەوەندە جوان بووبـوو و ئەوەنـدە جـوان هـاتە بەر چاوی شەماڵ، کە ئەگەر بە دەستی بوایە و بکرایە، پەلاماری دەدا و تیـر تێـر ئەو گەردن و لامـلە بلـوورەی وا دەگوشـی بە خـۆیەوە کە هەتاهەتایە وا بمایەتەوە.
وەنەوشــە دەســتێ جلــی کــوردیی تــازەی لە بــەردا بــوو کە هەر بە گەیشـتنی بـە سـلێمانی گـورج ڕەحـمە خـان چووبـوو بـۆی کردبـوو، گوڵنگەی ئەو کۆڵوانە و چەفتەیەی کردبوویە کۆڵی، وا لێی بووبـوو بە نەقش کە شـەماڵی مەسـت و شـەیدا کردبـوو، بۆیە نەیدەزانی سـەیری کـوێی بکـا و لە کـوێیەوە چـاوی تـێ ببڕێـت، بە تـایبەتی واش دەهـاتە بەرچــاوی کە وەنەوشــە هەنــدێ قەڵەو بــوو و دڵنیــایی و ئــارامی لە دەموچاویدا وەک ئاوێنە شەوقی دەدایەوە.
کــاکە ســەعە کــردی بە ژووردا و بە پێکەنینێکــی خۆشــەوە هەردوو دەستی دا بەیەکدا و گوتی دەی دادە گیـان، مریشـکەکەمان زۆر چـاک کوڵاوە، دە ئیتر دەبێ ئێوە هەسـتن قبووڵی و بامییەیەکی خۆشـمان بـۆ لــێ بنــێن. بامییەکەشــم زەرد کــردووە، هەر ئەوەنــدەی لــێ دەزانــم، سەرتەنوورەکەش لای پێپلیکەکەیە.
ڕەحمە خان گورج بووە و گوتی:
ئەیەڕۆ ئەوە بۆ ئەزیەتت کێشاوە؟ خەجاڵەت خۆمان، خـۆ ئەوەتـا ئێمە ناوساجی و شفتە و شتمان بۆ هێناون.

کاکە سەعە بە ڕوویەکی زۆر شەن و خۆشەوە گوتی خەمتان نەبێت، ئەوانیشتان بۆ دەخۆین، بەڵام دەبێ چێشتەکەمان هەر بۆ لێ بنێن.
شەوبۆ ڕاپەڕی و گوتی بە سەر چاو، هەر ئێستە دەچم لێی دەنێم.
هەستایە سەر پێ، وەنەوشەش هەستایە سەر پێ و گوتی منیش بەردەستیت دەکەم و بە هەردووکیان ڕۆیشتن بەرەو سەرتەنوور و چێشتخانەکە.
ڕەحمە خان و کوڕەکەی مانەوە و کەوتنە قسەوباس و هەواڵپرسین، شەماڵ بە سۆز و دڵپێوەبوونەوە باسی قەمەر و کاک سمایل و ئەنوەری بۆ دایکی گێڕایەوە کە چەند ناڕەحەت بوون کە هاتووە و چەند هەواڵیان دەپرسین و بیریان دەکردن، قەمەر گریاوە و ئەم پێی گوتووە کە بەینێکی تر دەنێرێت بەدوایدا.
ڕەحمە خانیش کە بە گەرمییەوە گوێی لە کوڕەکەی دەگرت، لە دواییدا گوتی:
وەی بە سەر چاو و هەزار جاریش، بە خوا هەر تۆزێکی تر دنیا خۆشی کرد، خۆم دەچم بە شوێنیدا و دەیهێنم. بە ڕاستی ئەو ماڵە باشە چاکەیان نادرێتەوە.
ڕەحمە خان بە زەردەخەنەوە گوتی وەی کە بیری قسە خۆشەکانی قەمەر خان دەکەم.
شەماڵ پێکەنیی و گوتی پێم گوت وەرە لەگەڵ شەوبۆی خوشکم بەرامبەر یەک دانیشن، هەردووکتان دەم و قسەتان لەیەک دەچێت.
ڕەحمە خان کەوت بە گازی پشتدا لەبەر پێکەنین و گوتی:
ئینجا قوڕ بە سەر باوکمان، وەڵا مەگەر ئەوسا بە هەردووکیان شارمان پێ چۆڵ بکەن.
لە سەر تەنوورەکە شەوبۆ و وەنەوشە کەوتبوونە ورتەورت، شەوبۆ برێ داری نایە ژێر ئاگری مریشکەکەوە و بە ئەسپایی پێکەنیی و گوتی:
یا ڕەبی کاکە سەعە گیان لەشت ساغ بێت بۆ خۆت و مریشککولاندنت، سەیری پەڕی مریشکی داماو بکە گەیشتووەتە

کـویێ؟ دەڵێـی نـان و چێشـتی لەشـکرێکی لـێ نـاوە، ئەوەنـدە سـەر تەنـوورەکەی شـێواندووە، شـەوبۆ دەسـتی دایە مەنجەڵـی مریشـکەکە و دای گـرت تـاوەکو ئـاوی قبـووڵییەکە بخـاتە سـەری، بە ئەسـپایی پێکەنییەوە و گوتی: تۆ سەیری ئەم بەحرە ئاوەش کە کە تێی کردووە.
وەنەوشـە دەمـی خـۆی شـاردەوە بە پشـتی دەسـتی و دایە پـرمەی پێکەنین و گوتی: تۆ چاو برنجەکەشی لە چیدا شتووەتەوە و ئەمەتا نیوەشـی ڕشـتووە. وەنەوشـە ڕووی کـردە شـەوبۆ و بە چـرپە گوتی: کچێ دە چووزانێ فەقیرە، ڕەنگە ئەمە یەکەم جاری بێت کە شتی وای کردبێ، نەمانزانی تۆ بڵێیت کە ژن و ماڵی نەبێت؟
شەوبۆ زیرەکانە هەڵی دایە و گوتی: دیارە ئەو ژوور و ماڵە پاک و ڕێکوپێکە ئیشـی کەیبـانوویەکی کـارامەیە، ئـاخۆ ژنەکەی چـووبێ بـۆ کویێ. ئێستە دەزانین، شەوبۆ لەژێرەوە سەیرێکی وەنەوشـەی کرد کە چەنـد دڵـی خۆشـە و سـوور هەڵـگەڕاوە لەوەتـای چـاوی بە شـەماڵ کەوتووە. وەکو گەنجێکی ئاقڵ و زۆرزان تێ گەیشت کە ئەم شەوق و گەشـانەوە و گـۆڕینە بە خـۆڕایی نیـیە و ئەمە زۆر لەوە زیـاترە کە دایکی پێی گوتبوو و باسـی بۆ کردبـوو، وا دیـارە هەردووکیـان دڵیـان چـووەتە یەک. یەکبـوونی چـی؟ بەو خـوایە ڕاسـت بـوونەتە ئاشـق و شێتی یەکتری، مانگ دیارە، حەوەجێی بە ئەنگوست نییە.
مریشک و قبووڵی و بامییەی شەوبۆ و وەنەوشـە خـرانە سـەر سفرە. جەمـاعەت دانیشـتن لە دەوری، کـاکە سـەعە کەوتە مەتـح و سـەنا و گورجوگۆڵیی کەیبانووەکان، بە تایبەت کە بینیی سەرتەنوورەکەشیان بۆ پاک کردبووەوە. کاکە سەعە دەستی دایە قاپ و کەوچک و کەوتە تێکردنی برنج بۆ خۆی و گوتی:
دایکـی هیـوا لە کـن خـۆی وەسـتای قبـووڵییە، بەڵام بەرامـبەر بەم چێشتەی ئێوە مەگەر هەر خۆی بشارێتەوە.
شەوبۆ سوپاسی مەدحەکانی کرد و گوتی دایکی کاکە هیوا لە کوێیە؟ خۆزگە ئەویش لێرە بوایە. کاکە سەعە گوتی سێ ڕۆژ پێش گەیشتنی

ئەم برایەمان چوو بۆ خورماڵ سەری کوڕەکەی بدات. بووکەکەمان لەسەر منداڵبوونە، ڕەحمە خان گوتی دیارە نۆبەرەیانە خوا لێیان نەسێنێ؟ کاکە سەعە بە ڕوویەکی زۆر خۆشەوە گوتی نەخێر، شوکر کوڕێکی سێ ساڵێشی هەیە. کوڕەکەم لە خورماڵ موعەلیمە.
ڕەحمە خان گوتی عەمری درێژ بێت، خوا لێت نەسێنێ. ئەویش جوابی دایەوە و گوتی لەگەڵ عەزیز و خۆشەویستی ئێوەشدا.
شەو ڕەحمە خان و کچەکان گەڕانەوە ماڵی خۆیان دوای ئەوەی کە دایان نا جومعە نا جومعەیەک بێن سەری شەماڵ بدەن تاکو لەوێیە.
وەنەوشە لەگەڵ شەماڵیش خۆشەویستی و پەرۆشییان بۆ یەکتر ڕۆژ بە ڕۆژ توند و گەرمتر دەبوو و کەوتبوونە نامەناردن بۆ یەکتر. هەروەها بڕیاری ئەوەشیان دا لەگەڵ ڕەحمە خان و شەوبۆ و حەمەجەزای مێردی لە ناو بەینی خۆیاندا وای ڕێک بخەن کە شەماڵ چوو بەرەو سیتەک و سەرگەڵوو، وەنەوشەش بچێت و لەوێ لەیەکیان مارە بکەن. هەر زوو حەمەجەزای مێردی شەوبۆ دەستی دابوو لە سنگی خۆی و گوتبووی کە هەمووی لەسەر ئەو، کە تۆزێ ئەم باران و ڕەهێڵەیە خۆش بوو و ڕێگەوبان وشک بوو، هەموو شتێک جێبەجێ دەکەین.
هەمووشیان وایان پێ باش بوو، بە تایبەتی وەنەوشەش وەک قاچاغ وابوو و لەو چەند خزمە نزیکە زیاتر کەسی دیکەی نەدەبینی، هەروەها ئەگەر بە عەبا و پەچە و ترس و لەرزیشەوە بچوایەتە شوێنێک، لەبەر ئەوە چوونە لادێی لەگەڵ شەماڵ لە لای هەموویان ئیشێکی زۆر بەجێ بوو.
شەماڵ جوابی بۆ حەمەجەزای زاوای نارد کە نەهێڵێت ئەم جومعەیە دایکی و ئەوان بێنێ بۆ لای، چونکە یەک دوو دراوسێیان کەوتوونەتە چاودێریی ماڵەکەیان و مقۆمقۆیان کەوتووەتە ناو و هەستیان کردووە کە ڕووداوێکی تازە پەیدا بووەوە لە ماڵی کاکە سەعە: ئەویش بۆیە ئەم هەستەیان کردووە، چونکە هاتوچۆی دایکی و شەوبۆ و

وەنەوشــە زۆر ســەرنجی ڕاکێشــاون، بـۆیە بـا ئیتـر نەیەن تـا خۆمـان جوابیان بۆ دەنێرین. چەند ڕۆژێک بەسەر ناردنی ئەم جوابە تێ پەڕیبوو کە حەمەجەزا ئێوارەیەک هەندێ بە شـپرزەیی هـاتەوە مـاڵێ و شـەوبۆی ژنی بانگ کرد و گوتی دەزانی کاک شەماڵ ئەمشەو دەبێ لە مـاڵی کـاکە ســەعە نەمێنێـت، دراوسـێکان بە تەواوی زانیویـانە و ئاشـنایەکی کـاکە ســەعە چـووە بـۆ لای و پێـی گوتـووە کە دەڵـێن کـابرایەکی قاچـاغ لە مـاڵەکەت خـۆی شـاردووەتەوە، هەرچەنـد کـاکە ســەعە کـابرای بە درۆ خستووەتەوە و تـاکو بردوویـەتی و هەمـوو مـاڵەکەی پیشـان داوە. لەبەر ئەمە ئیتـر دەبێ بە پەلە لەوێ نەمێنێت. بە ڕاسـتی زۆر خەتەرە و خـۆت دەزانی (قسە کەوتە زارێ کەوتە شارێ) وەکو دەڵێن.

شەوبۆ داما و ترسا و سەیری مێردەکەی کرد و گوتی باشە ئەی چی دەکەن؟ مێردەکەی گوتی لام وایە بۆ یەک دوو شەو ماڵی بـاوکم زۆر باشــە، خــۆ خــۆی بەم زوانە هەر دەڕۆیشــت وەکـو ئەو ڕۆژە بــۆم گێـڕایتەوە کە منـیش دەچـووم لەگەڵـی تـاکو دەربـازم دەکـرد. بەڵام ئێستە وەزع نەوعێکی ترە، بە تـایبەتی کە ئەو چەنـد کەسـە گیراون لە ناو بازاڕ، دەبێ زوو دەرچێت. حەمەجەزا تۆزێ ڕاوەستا و گـوتی بـا ئەو دوو شەوە لە ماڵی بـاوکم بێت، مالەکەیـان چۆڵەوانی و گەورەیە، شەوبۆ بە ماتییەوە گوتی وا بزانم مـاڵی دایکیشـم باشـە بـۆ شـەوێک، حەمە کە کەوتبـووە پیاســەکردن لە نـاو ژوورەکە، بیـری پەرشـوبڵاو بووبوو، ڕووی کردە شەوبۆ و گوتی مـاڵی ئـامۆژنە ڕەحمە، نە نە بۆ خاتری خوا، ئەوەیان هەر مەڵێ.

شـەوبۆ گـوتی باشـە ئەو دوو شـەوە کە لە مـاڵی مـامە عەبـدوڵا بـوو، ئەی (نـوورە) چـی لـێ دەکەی؟ کـێ دەمـی دەگرێت؟ خـۆ ئەو نازانێت مەسـەلە چییە؟ ڕەنـگە هەر کەسـێک و هەر خزمێکـی پـێ بگـات وەکـو مژدانەیان بداتێ، بڵێت کاکە شەماڵ هاتووە سەلامتان لـێ دەکـات، ئەی ئەوە چۆن دەبێت؟ حەمە وەکو تازە نووریی بیر کەوتبێتەوە، دەسـتیدا بەیەکدا و گوتی وەڵا ڕاست دەکەیت، ئەو گوێدرێژەم هەر بیر نەبوو.

حەمە کەوتە پیاسە، ئەم جارە بە هەنگاوی توند توند و بە شپرزەیی و دەستی بۆ سەروملی دەبرد. شەوبۆش لە سەر کورسییەک دانیشت و کەوتە بیرکردنەوە. حەمەجەزا لەپڕ ڕاوەستا و گوتی دۆزیمەوە چی دەکەم، پارەی دەدەمێ و دەڵێم بڕۆ بۆ کەرکووک سەرێکی (لوتفی)ی خوشکت بدە، لە خواشی دەوێت.
شەوبۆ گوتی ئەرێ وەڵا لە خوای دەوێت. هەموو جارێک دەڵێ دەچم.
ئەو ڕۆژە کیسەیەکی بە دەستەوە بوو دەیگوت دیاریم بۆ مناڵەکانی لوتفیی خوشکم کڕیوە و عەبایەکیشم بۆ خۆی کڕیوە. ئامۆژنم بۆلاندی بەسەریدا و گوتی بۆچی لێرە عەبای چاک هەیە یا لە کەرکووک؟ ئەویش گوتی هەقم نییە، من لێرە بۆی دەبەم!
بۆ سبەینێ نوورە ڕەوانەی کەرکووک کرا. شەماڵێش گەیشتە ماڵی خەزووری خوشکی وەنەوشە و هەموو لە دەوری کۆمەڵ بوون.
وەنەوشە ماتەمینی دای گرتبوو و ئەوانی تریش هەر نارەحەتی و ترسیان پێوە دیار بوو، چونکە وەزع لە شار هەندێ شڵەژابوو دوای ئەوەی کوڕێکی موعەلیم و دوو شاگردی چایخانە و دوکاندارێکیان گرتبوو و نەشرە و کتێبیش لە ماڵەکانیاندا گیرابوو.
شەماڵ باسی دراوسێکانی ماڵی کاکە سەعەی بۆ کردن کە چۆن هەراسیان پێ هەڵگرتبوون و ڕۆژی چەند جار لەناکاو لە دەرگایان دەدا کە بێن بزانن کێ لە ژوورەوەیە و چۆن ئەو ڕۆژە ژنێکی چەنەبازی دراوسێیان هاتووەتە لایان و هەرچەند ژنەکەی کاکە سەعە ویستوویەتی بە بیانوویەک ئەم ژنە هەڵسێنێت کە بەشکم بڕواتەوە، ئەو هەر بە چاوقایمی دانیشتووە و قسەی داکوتاوە تاکو ئێوارە. شەماڵ پێکەنیی و گوتی تۆزێکی مابوو خۆم بێمە دەرێ پێی بڵێم ئەمەتام لێرە، دە بەرۆکمان بەردە. خەریکم بیکەم بە خۆمدا چەنەبازی هەڵەوەر. ڕەحمە خان کێشای بە خۆیدا و گوتی ئۆهـ دایکت کوێر بێ، ئەی دوایی چیت کرد؟
شەماڵ بە زەردەخەنەوە گوتی چیم کردا! ناچاری هەموو ڕێگەیەک پیشانی ئینسان دەدات.

شەو درەنگ ڕەحمە خان و وەنەوشە هەستان بڕۆنەوە ماڵێ لە دوای ئەوەی چەند جار تەگبیریان کرد و هەڵیان وەشاندەوە کە ئایا لێرە بنوون لەبەر شەماڵ یا چی. دوایی وایان بە باش زانی کە لەبەر دەرودراوسێی هەردوو لا باشترە لێرە نەبن. ڕەحمە خان پێش ئەوەی بڕوات، دەستی کردە ملی کوڕەکەی و گوتی خۆ سبەینێ ئۆغر ناکەیت، هەر سبەینێ لەسەرم ڕاوەستە، ئینشائەڵا دووسبەی بۆ نیوەڕۆ گیپەت بۆ لێ دەنێم، بیخۆ و ئینجا بڕۆ خوات لەگەڵ.

شەماڵ سەیری دایکی کرد و گوتی ماڵت ئاوا بێ ئێستە وەختی گیپەیە؟ گوێ مەدەرێ و خۆت ئەزیەت مەدە، ئێستە دەچم بۆ لادێ، لەوێ لە ماڵی خاڵە شێخ هەموو شتێک دەخۆم. بۆچی ئەوەندە خەمی خواردن دەخۆی؟

ڕەحمە خان گوتی بزانم هەوڵ دەدەم ئەگەر فریا کەوتم، ئەوا دەیکەم ئەگەر نەبوو، قەیناکا.

خەسووی شەوبۆ هەڵی دایە و گوتی ئینجا تۆ چۆن ئەزیەت دەکێشی و لەو گەڕەکە گیپە بە لێنراوی بێنیتە ئێرە؟ ئەیەڕۆ خۆ لە چۆڵی قوڵفە نین، هەر بەیانی زوو دەنێرم سەروپێ دەکڕم و بۆ دووسبەی حازر دەبێت. ئێوەش وەرن و هەموو پێکەوە دەیخۆین، حەمەجەزا ڕووی کردە ڕەحمە خانی خەسووی و گوتی:

ئەشهەدوبیلا دایکم ڕاست دەکات.

ئەو شەو و ڕۆژە شەماڵ لە ماڵی حاجی عەبدوڵای خەزووری خوشکی مایەوە و بۆ ڕۆژی دوایی گیپەی ئافتاو خان لە سەر ئاگر خەریکی کوڵان بوو، بۆن و بەرامەی پڕ ماڵەکە بووبوو، ئەوەندەی نەمابوو کە پێ بگات. ڕەحمە خان و وەنەوشە و ماڵی شەوبۆ هەموو لە دەوری شەماڵ دانیشتبوون، چونکە ئەو ئێوارەیە دەبوو بڕوات بۆ لادێ. ئەویش شەوێ حەمامی کردبوو و جلوبەرگی پاک و تەمیزی لە بەر کردبوو، وەنەوشە جلوبەرگ و کەلوپەلەکەی بۆ کۆ دەکردەوە و دەیخستە جانتاوە. ورتەورت قسەیان دەکرد لەگەڵ یەک، شەماڵ پێی

دەگـوت کەوا زوو زوو کـاغەزی بـۆ بنووسـێت و هەروەهـا داوای ڕەسمێکیشـی لـێ کـرد کە دوایـی بـۆی بگرێـت و بـۆی بنێرێـت و تەگبیـرەکەی حەمەجەزاشـی بـۆ گێـڕایەوە کە گەیشـتە لادێ، دوای بەینێک دەنێرێت بەدوایدا لەگەڵ دایکی و شەوبۆ بێن و لە ماڵی خاڵە شـێخی ئاشـنایان مەلایەک دەهێـنن تـاکو مارەیـان بـکەن لەیەک. وەنەوشـەش کرابـووەوە لەگەڵـی و ئەو شـەرم و تەریقیـیەی جـارانی نەمابوو، وەکو کچێکی پێگەییوی شارەزای وەزع و زرووف لەگەڵـی دەچـووە لاوە و جـوابی قسـەکانی دەدایەوە. ئەمـان لەم گفتوگـۆیەدا بوون، ئەهلی ماڵیش خەریکی ئامادەکردنی گیپە بوون کە لەپڕ پاڵ بە دەرگاوە نرا و ژنێک بە قریشکەقریشـک و خۆکوتـان و سـەروپۆتەڵاک ڕنین کردی بە حەوشەکەیاندا و بە زریکە و هاوارەوە گوتی:

لە ڕێـی خـوا فریـام کەون! هەمـوو بە حەپەسـاوی و شـپرزەیی و ترسێکی زۆرەوە هەریەکە و لە لایەکەوە هاتە دەرێ، ڕایان کرد بزانن چییە، شـەماڵیش شـڵەژا و خـۆی خزانـدە پەنـایەکەوە. وەنەوشـە دڵـی داخورپـا و لێوی سـپی بـوو و گـوتی: وەی یـا ڕەبـی تـۆبە ئەوە چـی قەومـا؟ ئەویـش لە پەنـای شـەماڵدا خـۆی شـاردەوە، ژنەش هەر هەڵـدەبەزی و دادەبەزی لە حەوشـەکەدا و دەیمـاڵی بە دەموچـاوی خۆیدا و دەیگوت: بە پاچ و خاکەناز سەرتەنوورەکەیان وێران کردین و (عەبووبەکر)یان برد و ڕۆیشتن.

حەمەجەزا کە گـوێی لە قسـەکانی ژنەکە بـوو، مـوچرکێکی سـەرتاپا ساردی پێدا هات و بە پەرۆشـی و نـاڕەحەتییەکی زۆرەوە لێی چووە پێشەوە و قیڕاندی و گوتی:

پوورە کافێ گیان نەختێ لەسـەرخۆ، وەرە تێمـان بگەیەنە بزانین چـی بووە!

شەوبۆ و ژنەکانیش هاتن قۆڵیان گرت کە بیبەنە ژێرخـانەکە، ئەویش خـۆی ڕادەپسـکاند لە دەسـتیان و خـۆی دەدا بە ئەرزدا، حـاجی عەبدوڵاش کە نوێژەکەی بڕیبوو، بە هەڵەداوان چوو بۆ لایان. لە سەر

پلیكانەكان كوڕە بچكۆلەكەی شەوبۆی پێ گەیشت و بە پەرۆشەوە لێی پرسی ئەوە چییە ڕۆڵە؟ چی قەوماوە؟

كوڕەكە گوتی: بابە گەورە منیش نازانم، ئەوە پوورە كافێیە وا دەكات.

حاجی عەبدوڵا هەر ئەوەی پێ كرا بە پەلە خۆی بگەیەنێتە لای ئەوانەی دەوری ژنەكەیان دابوو، ئەویش چوو لە نزیكیەوە و بە پاڕانەوەوە گوتی: دایكەكەم تۆزێ لەسەرخۆ بزانین چی بووە و چی قەوماوە، تۆ خۆتت كوشت خوشكم، وا نابێت، هەستە شایەتومانێك بێنە، ئینشائەڵا هیچ نابێت. شەوبۆ یەكێكتان ڕاكەن چۆڕێ ئاوی بۆ بێنن، ژنەكە تۆزێ هاتەوە سەر خۆ، ئەوانیش قۆڵیان گرت و بردیانە ژووری.

حەمە جەزا لێی پارایەوە كە هەر ئەوەندە نەزریكێنێ و هاوار نەكا با خەڵكیان لێ كۆ نەبێتەوە تاكو بزانین مەسەلەكە چییە. پوورە كافێ فرمێسكی وەك پلووسك بە سەر ڕوومەتەكانیدا دەهاتە خوارەوە. ڕەحمە خان و ئافتاویش دەستیان كردبوو بە گریان لەگەڵی بەبێ ئەوەی بزانن بۆچی وا دەكات. پوورە كافێ بەدەم هەنسكەوە باسەكەی بۆ كردن و گوتی:

تەنوورمان داخستبوو، دوو سێ ژن دانیشتبووین ئێمە نانمان دەكردەوە و فاتمە خانیش نانەوا بوو بۆی پێوە دەدایـن.. كە لەپڕ عەبووبەكر دەرگای كردەوە و لەشكری پۆلیس و سێ چوار قومەیسەر بە پاچ و خاكەناخەوە كردیان بەماڵدا و گوتیان:

چاپخانەی پارتی لای تۆ شارراوەتەوە، دەی كوانێ پێمان بڵێ لە كوێیە؟ جارێكی تر كافێ دای بە سەری خۆیدا و بەدەم گریانەوە گوتی:

وەی ماڵیان كاول بێ، هەویر و سینی و پنە و تیرۆكیان هەموو هەڵدایە حەوشە و ئەو تەنوورەیان دایە بەر پاچ و خاكەناز، هەرچەند پاچیان دادەوەشاند هەڵم و هاڵاو و دووكەڵی ئەو تەنوورەی بە سەتڵ ئاویان تێ كردبوو بەو ناوەدا بڵاو دەبووەوە، ئاخری هەموو

سەرتەنوورەکەیان هەڵکەند هیچیان نەدۆزییەوە. پووره کافێ دایه پڕمەی گریان و گوتی ئینجا ئەو کوره نازدارەیان دایه بەر شەق و قۆناغه تفەنگ و پێشی خۆیان دا و بردیان، ئەی هاوار باوکەڕۆ چی بکەم! ئێسته ڕەنگه هەر کوشتبێتیان، له ڕێی خوا خەڵکینه چیم لێ دەکەن؟

حەمەجەزا لێی چووه نزیکترەوه و دەستی خسته سەر شانی و گوتی: هەر ئێسته دەچم هەوڵی بۆ دەدەم. به زەردەخەنەیەکی دەستکرد و به دەنگێکی نزمترەوه پێی گوت: وەکیل موتەسەریف زۆر پیاوی چاکه و زۆریش هاوڕێ و دۆستی حاکم حەسەنی برادەرمه، هەر ئێسته دەچم به حاکم حەسەن دەڵێم. تەنیا تۆ تۆزێ وەرەوه سەر خۆت و بێدەنگ به.

کافێ بەدەم گریانەوه دەنگی نزم کردەوه، سەری نزیک حەمه جەزا کردەوه و به چرپه گوتی: بۆ دەعباکه دەگەڕان که ئەو ڕۆژه هێناتان. حەمەجەزا ئەوەندەی تر شڵەژا و تێک چوو و دیسانەوه دەنگی نزم کردەوه و ڕووی کرده پووره کافێ و گوتی دەعبای چی؟ تۆ ئەو قسانه مەکه، ئەو باسه پره له مەترسی بۆ کاک ئەبووبەکر. قسەی وات له دەم بێته دەرەوە، تازه ئیتر هەر نایبینیتەوه خوانەکردە، لەبەر ئەوە ئیتر بێدەنگ به و لای کەس باسی شتی وا نەکەیت. وا من ڕۆیشتم، هەر ئێسته جوابێکی خۆشت بۆ دەهێنمەوە، تۆش هەر لێره به لای دایکم و ئەوان تاکو دێمەوە.

کافێ چاوەکانی سڕی و دەستی بۆ سەروپۆتەڵاکی برد و دوای دەستی خسته سەردەمی خۆی و گوتی باشه تۆبه، ئیتر قسەی وا ناکەم، تۆ هەر برۆ هەواڵێکی ئەو کوڕەم بۆ بێنه، ئیتر من هیچ ناکەم.

حەمەجەزا چووه دەرێ له ژێرخانەکه و شەوبۆش لەگەڵی دەرچوو بۆ حەوشه. حەمەجەزا بردییه لایەکی حەوشه و ڕای سپارد که نەهێڵن پووره کافێ بڕواتەوه و به دیاریەوه دانیشن تاکو ئەم دێتەوە، نەوەکو بچێت دیسانەوه دەست بکاتەوه به هاوار و گریان و باسی

دەعبا و شتی وا. شەوبۆ بە ڕەنگێکی هەڵبزرکاو و دڵێکی گوشراو سەری بۆ مێردەکەی لەقاند و گوتی باشە.

حەمەجەزا بە پەلە چووە دەرێ لە ماڵ و لە دڵی خۆیدا گوتی: بە ڕاستی خوا ڕەحمی پێ کردووین، کورە هەر بژیت کاکە حەمەعەلی بۆ خۆت و وەستاییت.

ئەهلی ماڵەکە هەندێکیان چوونەوە بەرەو چێشتخانە، حاجی عەبدوڵا بە لای نوێژەکانیەوە، شەوبۆ سەرکەوتە سەرێ سەرێک لە شەماڵی برای بدات، چونکە دەیزانی ئێستە شڵەژاوە و ناڕەحەتە، شەوبۆ کردی بە ژوورەکەدا و ڕاپەڕی و ڕووی کردە وەنەوشە و گوتی: ئەوە کوا شەماڵ چیی لێ هات؟ کوا جانتا و کەلوپەلەکانی؟ وەنەوشە بەدەم هەنسکەوە سەری هەڵبڕی و بە ئەسپایی گوتی: ڕۆیشت! شەوبۆ دەستی دا بە سنگی خۆیدا و بە پەرۆشییەکی زۆرەوە گوتی: ڕۆیشت؟ بۆ کوێ؟ وەنەوشە بە دەسرەکەی چاوی خۆی لە فرمێسک سڕی و گوتی: کە ئەو گریان و هەرایە بوو، کاک شەیدا و کاک ڕۆستەم ترسان و گوتیان تا زووە با بڕۆین باشترە. کە ئێوە چوونە ژێرخانەکە، شەماڵیان برد و ڕۆیشتن، وەنەوشە بە کوڵ گریا و گوتی هەرچەند گوتم جارێ ڕاوەستن و پاروویەک نان بخۆن، نانەکە حازرە، شەماڵ و برادەرەکانی وتیان وەختی نانخواردن نییە و تا زووە با بڕۆین درەنگە.

شەوبۆ دەستی دا بەیەکدا و لێوی لەرزی و چاوی پڕ بوو لە فرمێسک، گوتی هەروا بە برسی، ئەی ئەو هەموو گیپەیە لەبەر ئەو لێ نرابوو، چۆن پاروویەکی لێ نەخوارد و ڕۆیشت.

وەنەوشە گوتی: ئەوان خواخوایان بوو بۆی دەرچن، بۆچی نانیان لە بیر ما؟ بەختی ئەو ئەم بەڵایە چ بوو لەم وەختەدا بەسەرماندا باری.

شەوبۆ بە قوڕگێکی گیراوەوە لەبەر گریان و بە حەپەساوی گوتی: ئاخر ئەو فەقیرەش چی بکات؟ ناهەقی نەبوو، هەر ئەو کوڕەی هەیە، هاتوونەتە سەریان و ماڵیان هەموو هەڵکەندووە، لە بەر چاوی کوڕە تاقانەکەیان داوەتە بەر شەق و قۆناغەتفەنگ.

شەوبۆ بە ناڕەحەتییەکی زۆرەوە کێشای بە سنگی خۆیدا و گوتی:
دەک خوشکت ڕۆحی دەرچێت، ئەوە چۆن هەروا بە برسێتی و بەبێ نان ڕۆیشتن، وەڵا ئێستە دایکم و خەسووم هەر خۆیان دەکوژن.
نزیکی ئێوارە حەمەجەزا گەڕایەوە ماڵێ و بە ڕوویەکی خۆشەوە خۆی کرد بە ژێرخانەکەدا کە پوورە کافیی لێ بوو، ئەویش بە هەڵەداوان و بە پەرۆشەوە هات بە پیریەوە. حەمەجەزا بە زەردەخەنەیەکی سەرکەوتوانەوە دەستی دا لە پشتی پوورە کافێ و گوتی:
پێم نەگوتی خۆت ناڕەحەت مەکە هیچ نییە، ئەوەتا چووم و برادەرەکەی خۆمم دۆزییەوە و پێم گوت لەسەر ئەم کورسییە ناجووڵێم تاکو ئیشەکەی کاک ئەبووبەکرم بۆ جێبەجێ نەکەیت، حەمە جەزا بە شەوقەوە پێکەنیی وگوتی:
بڕوات بێ لای تۆ ڕۆیشتووم هەتا ئێستە لە ماڵی ئەو برادەرەم دانیشتووم و نەجووڵاومەتەوە.
پوورە کافێ بە پەرۆشەوە پەلاماری حەمەجەزای دا و گوتی:
یاخوا لە دەورت گەڕێم. دەستی دایە بەرۆکی خۆی و یەخەی داچەقاند و سەری بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و بە دڵ و گیانەوە گوتی:
ئۆهـ خوا سەرتان بخات و دوژمنتان کوێر بێت، ئێ تو خوا بەقوربانت بم، ئینجا چیت کرد ئەی کوا ئەبووبەکر؟ کەی دێتەوە؟
تۆ جارێ سەبر بگرە با قسەکەمت بۆ تەواو بکەم.
پوورە کافێ یەخە و بەرۆکی چاک کردەوە و گوتی ئێ بەقوربانت بم، دەی بڵێ.
حەمە جەزا قسەکەی تەواو کرد و گوتی ئینجا لەو ساوە لەو ماڵەوە دانیشتووم، ئاخری حاکم حەسەنی برادەرم گەڕایەوە ماڵێ و گوتی مژدەت بدەمێ، هەمووی جێبەجێ بوو، بە تایبەتی کە هیچیشیان لە لا نەدۆزیوەتەوە، بەڵام ئەم یەک دوو ڕۆژە دەیهێڵنەوە و هەندێ پرسیار و شتی لێ دەکەن و بەری دەدەن. حەمەجەزا ڕووی کردە پوورە

کافێ و دەنگی نزم کردەوە و گوتی نەمگوت وەکیل موتەسەڕیف پیاوێکی زۆر چاکە، حەمە پوورە کافێی بردە لایەکی ژێرخانەکە و بە چرپە دەمی بردە نزیکی و گوتی بەڵام دەبێت زۆر ئاگات لە خۆت بێت، جارێکی تر لای کەس باسی دەعبا و مەعبا نەکەیت، چونکە ئەوە شتێکی زۆر خراپ دەبێت بۆ کاک ئەبووبەکر، لەوانەیە لەسەر ئەو قسەیە خوانەکردە هەر بیکوژن، پوورە کافێ ڕاپەڕی و توند دەمی خۆی گرت و بە ورتەورت گوتی نە نە بەقوربانت بم، یاخوا زمانم ببڕن ئەگەر جارێکی تر باسی دەعبا بکەم لای کەس.

هەروەها حەمە پێشی گوت کە باسی وەکیل موتەسەڕیف و حاکم حەسەن و کەس نەکات، چونکە دوایی حکومەت ئەوانیش ئەزیەت دەدات و ئەوسا قەت کوڕەکەی ئەویش بەرنادەن.

پوورە کافێ هەستایە سەر پێ و گوتی کەواتە با ئیتر بڕۆمەوە بە لای ئەو ماڵەمەوە. خوا دەزانێت ئێستە نەسرینی بووکم و دوو تڵفەکەی چییان بەسەر هاتووە، پوورە کافێ دەستی دایە عەباکەی و خۆی کۆ کردەوە و لەبەر خۆیەوە گوتی ئەگەرچی ئێستە دایکی هەر گەیشتووەتە لای، چونکە هەر زوو جوابم بۆ نارد.

هەموو بە گەرمی و دڵسۆزییەوە خواحافیزییان لێ کرد و ئاواتی زوو بەربوونی کوڕەکەیان بۆ خواست و تاکو دەرکی حەوشە بە ڕێیان کرد.

حەمەجەزا هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و لەگەڵ دایکی و ئەوان گەڕایەوە بەرەوژوور و گوتی دیارە ئێوە نانتان خواردووە، تو خوا پوورە کافێ شتێکی خوارد؟

ئافتاوی دایکی بە مەلوولییەکەوە گوتی وەڵا بە زۆر شتێکمان دەرخوارد دا، بەڵام خۆمان هەر کەس هیچی نەخواردووە و مەنجەڵە گیپەکە هەر وەک خۆیەتی. تەنیا باوکت و کافێ خان یەکی دانەیەکی بچکۆلەیان خواردووە دوو منداڵەکەش تۆزێک. ئیتر حەمەجەزا بە سەرسوورمانەوە گوتی چۆن؟ ئەی تاکو ئێستە کەس نانی

نەخواردووە؟ و دەنگی نزم کردەوە و گوتی ئەی کاک شـەماڵ و دوو برادەرەکەی؟

شـەوبۆ بە کزییەکەوە هەڵـی دایە و گوتی شـەماڵ و بـرادەری چـی؟ ئەوان ئەوان هەر لەگەڵ شـیوەن و خۆکوتـانەکەی پـووره کـافێ هەر زوو دەرپەڕیون و ڕۆیشتوون.

حەمەجەزا بە ناڕەحەتییەوە گوتی چۆن؟ ئەی گیپەکـەیان؟ دوایـی هەر گورج گوتیەوە: قەیناکا، چاکیان کرد، ئەوەیان باشتر بوو لە نـان و گیـپە و میـپە. زرووف نالەبـار بـووە، دەڵـێن کتێبێـک دەرچـووە لەم ڕۆژانەدا نـاوی گەلـێ کەسـی تیـایە، ڕەنـگە نیـوەی برادەرانمـان هەر خۆیان بشارنەوە، ڕەنگە خۆشم هەر بڕۆم و خۆم ون بکەم.

شـــەوبۆ و خەســـووی بە جـــارێ هەر ڕاپەڕیـــن و بە تـــرس و شپرزەییەکەوە هەریەکەیان لە لایەکەوە گوتی ئەیەڕۆ قوڕ بە سەرمان نەبێت کتێبی چی؟ حەمەجەزا وەک پەشیمان بێتەوە لە قسـەکەی کە بۆچی وا لەپڕ ئەم قسـەیەی کـرد و ئەوەنـدەی تـر نـاڕەحەتی کـردن، لەبەر ئەوە بە زەردەخەنەیەکەوە سەیرێکی کردن و گوتی ئەوە بۆ وا شپرزە بوون؟ هیچ نییە، ئەمە ڕەنگە هەر قسـە بێت، جاروبـار قسـەی وا بڵاو دەکەنەوە بۆ ترساندنی خەڵکی، حەمە کردی بە گاڵتە و گوتی جـارێ بـا بڕۆین نـان بخۆین، مـن زۆرم برسـییە، دەی ئێـوەش گـوێ مەدەنە ئەوەی کـــاکە شـــەماڵ نەیخـــواردووە. ئەم دەرچوونـــە و ڕزگاربوونی بە سەلامەتی هەزار پڵاو و گیپە دەهێنێ، ماڵتـان ئـاوا بـێ ئێوەش ئەوەندە گوێ دەدەنە کفتە و یـاپراخ و ئەو شـتانە، دەڵێی دنیـا لەســەر ئەو خواردنــانە بەنــگە، گــوێ مەدەنــێ، خــواردن لە هەمــوو شـوێنێک دەسـت دەکەوێـت و کەس لە برسـا نامرێـت. سـوێنتان بـۆ دەخـۆم سـبەینێ لە مـاڵی خـاڵە شـێخ خـواردنی لەوەی ئێـوە خۆشـر دەخوات. دەی وەرن زووکەن، ناوی خوای لێ بێنن.

***

حەمەجەزا لە ماڵی پووره کافێ جگەرەیەکی داگیرساند و خستیە بەینی لێویەوە و مژێکی چاکی لێ دا، بە خۆشییەوە ڕووی کردە ئەبووبەکر و گوتی دەزانی من زۆرتر لە چی ترسابووم؟ لەوە دەترسام کە کتێبەکە ناوی تۆشی تێدا بێ و تازە ئاسمان بەری نەدەدای، بەڵام باش بوو شوکر پێش هەموو شتێ بەربووی، بە ڕاستی وەکیل موتەسەڕیفەکە زۆر پیاو دەرچوو، وەک شتێ هەندێ دەمەقاڵێشیان بووبوو لەگەڵ مودیری ئەمن.

بەکر گوتی:

ڕاستت دەوێ، من ئیتر هەر بە تەمای خۆشم و ئێوەش نەمام کە ئەو بەیانییە هەڵیان کوتایە سەرم و لە دوکانەکە دەریان هێنام و خستمیانە جیێبەکەوە، ئەو هەموو پۆلیس و ئەمنە دەورەیان دام بە پاچ و خاکەنازەوە.

حەمەجەزا دەنگی نزم کردەوە و سەیرێکی ئەبووبەکری هاوڕێی کرد کە ئەو نیوەڕۆیە بەرببوو و وەک چرپە گوتی ئەرێ بە ڕاست ئەمە دەبێ کێ ئەم خەبەرەی دابێ؟ خۆ نەمانهێشت کەس لە ماڵەوە بمێنێت، تەنها کاک حەمەعەلی خۆی لە ماڵەکە مابووەوە. حەمە سەری بادا و گوتی لەو ڕۆژەوە بیری لێ دەکەمەوە، چونکە یا دەبێ من بم یا تۆ یا کاک حەمەعەلی بێ.

بەکر گوتی منیش ئەم چەند ڕۆژە هەر ئەو خەیاڵە تێکی دابووم.

بەکر کە دەتگوت مانگێک ببوو نەخۆش بوو و تازە لە نەخۆشی هەستابووەوە، سەیرێکی حەمەی هاوڕێی کرد و گوتی خەیاڵم بۆ ئەو کوڕەی خزمی ژنەکەی کاک حەمەعەلی دەچێت، چەند ڕۆژێک بەر لە گرتنەکەم دوو کیسە چیمەنتۆی بۆ هێناین و لە حەوشەکە دای نا، چاوێکی گێڕا و گوتی کاک بەکر حەمامەکەتان چیی لێ هاتووە؟ خۆ هەمووی دوو مانگ نابێ چیمەنتۆڕێژ کراوە. منیش گوتم ڕاست دەکەی وایە، بەڵام ئەوەتا ئەرزەکەی قڵیشی گەورەی تێ کەوتووە و ئاوی لێ دەڕوات، پێکەنیی و گوتی ئەم جارە کە کردتان، زوو زوو

ئاوی پێدا بکەن تاکو نەقڵیشێت. هەر چاوی دەگێڕا وەکو شکی شتێکی کردبێ.
حەمەجەزاش بە چرپە جوابی هاوڕێکەی دایەوە و گوتی کاک حەمەعەلییش وای بۆچووە. دەیگوت ماوەیەکە ئەم هەتیووە کەوتووەتە درۆ و فێڵ و لەوە دەچێت لەژێرەوە خەریکی ساختە و فرتوفێڵێک بێت.
بەکر گوتی زۆر ڕاست دەکا، بە خوا من دڵم لێی پیس بووە، تا ئێستە چەند جارێک درۆم لێ دیوە.. کە پیاویش درۆزن بوو، هەموو شتێکی لە دەست دێت.
حەمەجەزا گوتی ئاخر کاک حەمەعەلی بێقەزا بێ زۆر دڵپاک و خۆشباوەڕە، من تا ئێستە یەک دوو جار دام بە بەر گوێدا کە ئەم هەتیوە لە ساختەچی دەچێت و ئەو هەر دەیگوت: نا زۆر کوڕی چاکە، بەقەد سیروانی کوڕم خۆشم دەوێت و بڕوای پێ دەکەم، دوای نەختێ بێدەنگی حەمەجەزا گوتی:
با ئیتر هەستم و بڕۆمەوە، قەولە ئێوارە کتێبێکم بۆ بهێنن، دەڵێن (تەحقیقاتی جینائی) دەری کردووە و (ئیعترافاتی) هەندێ کەسی تیایە کە بە وردی باسی گەلی خەباتکەریان کردووە و زۆریشی درۆ و بوختانە. هەرچۆنێک بێت، ئێمەش دەبێت ئەم ماوەیە ئاگامان لە خۆمان بێت، وا بزانم شوێنەکانمان بگۆڕین و لە ماڵەکانمان نەنووین تا بزانین چی دەکەن.
بەکر گوتی: ڕاست دەکەی، من هەر دام نابوو کە بۆ ماوەیەک لە ماڵی خۆمان نەبم و دەچمە ماڵی مامم، لەوێوە ئاگادارتان دەکەم.
حەمە گوتی: زۆر باشە، ئیتر هەستا خواحافیزیی کرد و ڕۆیشت.
هەمووی چەند ڕۆژێک بوو شەماڵ گەیشتبووە دێی سیتەک کە ئێوارەیەک یەکێک بە هەڵەداوان خۆی کرد بە تەکیی خاڵە شێخدا و بە هەناسەبڕکێوە گوتی:
قوربان لە دوورەوە دوو ئوتومبێل دیارە کە بەرەو ئێرە دێن. مەعلوم میوانن دێن بۆ خزمەت جەنابتان، خاڵە شێخ ڕاپەری و گوتی:

بە ڕاستە؟ هەستایە سەر پێ و دەستی دایە دووربینەکەی کە بە سنگیەوە هەڵواسرابوو، چووە هەیوان، هەرچەندە ماڵەکەشیان لە سەر گردێکی زۆر بەرز نەبوو، بەڵام بەردەمەکەی فراوان و بەرین بوو. دەیڕوانی بە سەر هەموو ڕێگەوبانەکانی دەوروبەریدا، خاڵە شێخ دووربینەکەی نا بە چاویەوە، بەڵام نەیبردە سەر خۆی، سەیرێکی زەلامەکانی دەوری خۆی کرد و گوتی: دیارە دوو جێبی حکومەتین و میوانی ئێمە دەبن، ئینجا زۆرتری لەبەر خەڵکی دیوەخانەکە خۆی زۆر تەبیعی پیشان دا و بە یەکێک لە پیاوەکانی گوت کە بچێ خەبەر بدا بە ماڵەوە کە خەریکی ئامادەکردنی نان و شوێن بن، وا میوانمان هات.

خاڵە شێخ میوانەکانی دیوەخانی بە ڕێ کرد، دوای ئەوەی کە پێشی گوتن کە نەڕۆن و نان پێکەوە بخۆن، بەڵام ئەوان بە سوپاسەوە وتیان بڕۆین باشە، ئێوەش بڕۆن بە لای میوانە تازەکانتانەوە. لێیان دا ڕۆیشتن.

کە ئەوان ڕۆیشتن، کاکە شێخ کوڕەکەی خۆی بانگ کرد و چرپاندی بە گوێیدا و گوتی:

مەلا عەلی لە کوییە؟ بڕۆ بیدۆزەرەوە و لەگەڵ خۆت بیبە بۆ شوێنێکی پەنا و لەوێ بن، چونکە وا دوو جێب بۆ ئێرە دێن و لە جێبی حکومەتیش دەچن. کوڕەکەی شێخ کە لە تەمەنی شەماڵدا بوو، کوڕێکی زۆر ئازا و مەرد و کوڕپەروەر بوو وەک باوکی. بە پەلە چووە دەرێ و دوای ئەوەی کە باوکی دڵنیا کرد کە خەمی نەبێت، جێبەکانیش دوای ئەوەی چەند جارێک لە ناو دۆڵ و پێچوپەنا و سەرەولێژیدا لە چاو گووم بوون، لەپڕ گڕەیان نزیک بووەوە و هاتنە ئەولای ماڵی شێخەوە ڕاوەستان. معاونێک و قومەیسەرێک و شەش حەوت پۆلیس و کابرایەکی جلی کوردی لە بەری لێ دابەزی، خاڵە شێخ چوو بە پیریانەوە و بە گەرمی بەخێرهاتنی کردن و کەوتە فەرموو فەرموو.. ئەوانیش هەندێ دەستیان بە سەروپۆتەڵاکی

خۆیاندا هێنا. یەک لە دوای یەک دەستی خاڵە شێخیان ماچ کرد و چوون دانیشتن.. جگەرەیان بۆ ڕاگیرا و چای خەستوخۆڵیان خرایە بەردەم.. دوای پشوودانێک معاونەکە هەندێک بە شەرم و تەریقییەوە ڕووی کردە شێخ و گوتی:

قوربان هاتووینە خزمەتت کە یارمەتیمان بدەیت، چونکە دەڵێن هەندێ پیاوخراپ و قاچاغ و ناحەزی حکومەت لە سلێمانییەوە هاتوونەتە ئەم دەوروپشتە، ئێمەش بە فرمانی حکومەت هاتووین کە ئەم ناوە بپشکنین، بەشکو بیاندۆزینەوە.

شێخ بە زەردەخەنە و پەرۆشییەکی دەستکردەوە گوتی:

پیاوخراپ و قاچاغ؟ ئەمە قسە بوو کردت؟ نامەردتان نەکەن، ئینجا ئەگەر شتێکی وا ڕوو بدا چۆن من پێی نازانم؟ ئینجا پەنجەی هەڵبڕی و گوتی:

بە زات و سفەتی خوا نەک لە دێیەکەمان بگرە لە سەرانسەری ئەم ناوچەیەدا یەکێک تێ بپەڕێ، سەعاتێکی پێ ناچی خەبەرم بۆ دێ کە کێیە و چ کارەیە و بۆچی هاتووە. ئەوە قسەیە ئێوە بیستووتانە! گوایە من ئیشم چییە لێرە پاراستنی ناوچەکە نەبێ؟ قومەیسەرەکە سەیرێکی معاونەکەی کرد و بە شەوقەوە گوتی:

تو خوا، تو سەری خۆت لە سلێمانی و بە درێژایی ڕێگەش ئەمەم پێ نەگوتووی؟ نەمگوت حکومەت ئەگەر دڵسۆزێکی هەبێت لەم ناوچە و سەرسنوورانە، جەنابی خاڵە شێخە. یەک دوانێک لە پۆلیسەکان هەرچەند لە ترسی گەورەکانیان زاتیان نەکرد قسە بکەن، بەڵام لە خۆشیی ئەوەی لە خزمەتی خاڵە شێخدا دانیشتوون، وەختە بوو گەشکەدار ببن، بەڵام ئەمنێکی زۆڵەکوردیان لەگەڵ بوو لە دڵی خۆیدا گاڵتەی بە قسەکانی خاڵە شێخ دەهات و دەیزانی کە شێخ وا نییە وەکو خۆی پیشان دەدات، بەڵام چاری نەبوو، دەبوو جارێ بێدەنگ بێت.

دوای نان و شێوکردن خاڵە شێخ خولقی کردن ئەمشەو میوانی ئەو بن، ئەوانیش پێیان خۆش بوو و گوتیان هەر دەبێ ئەمشەو لە

خزمەتتدا بین، تاکو بەیانی سەری ئەم چەند دێهاتەی ئەم ناوانەش دەدەین، بزانین چی هەیە و چی نییە، ئیتر کەوتنە قسەوباس و هەریەکەیان شتێکی دەگێڕایەوە و سەریان گەرم بووبوو، ئەمنەکە نەبێ کە وەک حەرامزادە و شەیتان گوێی لە قسەکانیان دەگرت و بۆ چەند جارێکیش سەری دەرەوەی دا بە بیانووی دەست بە ئاو گەیاندنەوە.

بابە ڕەسوڵی کوڕی شێخ و (مەلا عەلی) کە ناوی تازەی شەماڵ بوو، بۆ خۆیان دووبەدوو لە دەوری ئاگردانی پیرە دایەنەکەی بابە ڕەسوڵ دانیشتبوون و چایان دەخواردەوە و دەکەوتن بە گازی پشتدا لەبەر پێکەنین لە دوای ئەوەی شەماڵ باسی نەخۆشەکانی دەگێڕایەوە کە ئەمڕۆ سەری چەند نەخۆشی داوە و دووعای بەسەر چەندیاندا خوێندووە.

شەماڵ دەستی دا بەیەکدا و گوتی چاوت لەو ڕێکەوتە سەیرە بێ، ئەگەرچی زۆر زۆرم پێ خۆش بوو کە ئەو مناڵە چاک بووەوە و خوا شفای بۆ نارد، بەڵام بە خوا باوکم ئەمڕۆ ئەوەندە دووعام کردووە، دەمم شل بووە.

شەماڵ هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی ئەمڕۆ ژنێک دیسان جامێ ئاوی بۆ هێنابووم دووعای بەسەردا بخوێنم و بیدا بە بووکەکەی، چونکە ساڵێکە هاتووە بە بووکی و تاکو ئێستە سکی نییە و بەشکم بە دووعاکانم سکی پڕ ببێت. ئەوەندە دووعام خوێندووە بەسەر پیرەژن و نەخۆشی بەلەرزوتادا، سەرم هاتووەتە ژان، منیش وەکو مەلای مەزبوورەم بەسەر هات کە ژنەکەی زۆری لێ کرد و گوتی ئیلا دەبێ تۆش وەکو دراوسێکەمان خۆت بکەی بە مەلای دوانزە عیلم، بۆچی کە ژنەکەی جلی بسمیل دەکات لە سەر کانی، هەموو خۆیان لادەدەن و دەڵێن لاچن لاچن نەوەکو پریشکێک بەر جلی مەلا بکەوێت، هەر دەبێ تۆش وا لە خۆت بکەی تاکو منیش لە سەر کانی خۆم هەڵکێشم و بڵێم لاچن لاچن، با پریشک بەر جلی مەلا نەکەوێت.

مەلا چاری نامێنێ، بە زۆری زۆرداریی ژنەکەی بڵاوی دەکاتەوە و دەڵێ کە ئەویش بووە بە مەلای دوانزە عیلم و خەبەر دەگاتە عالمەکانی موسڵ کە عالمێکی وا پەیدا بووە. ئەوانیش هەڵدەسن دەعوەتی دەکەن و دەڵێن با بفەرمووێت سەرێکمان بدات، یا ئێمە دێینە خزمەتی تاکو (ئەسرار) و (کەراماتی)مان پیشان بدات، مەلاش کە گوێی لەم خەبەر و جوابە دەبێت، زیرە دەکات و دەترسێت و بە ژنەکەی دەڵێت باشە ئێستە من قوڕی کوێ بکەم بە سەرمدا؟ ئێستە ئەگەر پرس و پرسیاریان لێ کردم، چۆن جوابیان بدەمەوە؟ چووزانم هەر چی دەڵێن.
ژنەکەی دەڵێت بەوەندە سوێند و بەوەندە قورئان هەر دەبێت بچیت بۆ لایان و تاکو خەڵک بێن بە پیرتەوە و بە شان و باڵتدا هەڵدەدەن و ناو دەردەکەیت، ناچار هەڵدەسێت و بە ترس و لەرزەوە دەڕوات بۆ لای عالمەکانی موسڵ. هەموو دێن بە پیریەوە و دەیکەن بە هەرا و جاڕ دەدەن بە ناو شاردا کە ڕۆژی جومعە دوای نوێژ (کەراماتی) ئەم عالمە دوانزە عیلمە تاقی دەکەنەوە. ڕۆژی جومعە دێت و خەڵکی لە نوێژ دەبنەوە، مەلا پیشانی خەڵک دەدەن و خەڵکیش دەست دەکەن بە سڵاواتلێدان، ئیتر مەلا بانگ دەکەن و جامێ بە سەرنخونی دەخەنە بەردەمی، دەڵێن ئێستە مەلا دەزانێت چی لە ژێر ئەم جامەدایە، خەڵکەکەش هەموو بێدەنگ ڕادەوەستن و چاوی تێ دەبڕن، مەلای نەگبەتیش خەریکە لەرزی لێ بێت لە ترساندا و لە شەرماندا، نازانێ چی بڵێت و هەندێ مات دەبێت و لەژێر لێوەوە بۆڵەیەکی لێوە دێت و دەڵێت (ئاخ گوڵێ، داخ گوڵێ) لەپڕ ئەو هەموو خەڵکە دەست دەکەن بە سڵاواتلێدان و عالمەکان بە پەرۆشەوە دێن دەست دەکەنە ملی و هەندێ پەلاماری دەستی دەدەن و ماچی دەکەن، ئەویش بە حەپەساوی سەیریان دەکات و لە دڵی خۆیدا دەڵێت بۆچی چیم کردووە؟
عالیمی گەورە لێی دێتە پێشەوە و دەڵێت موبارەکی تۆ بووی بە گەورەی هەموومان و دەست دەبات جامەکە هەڵبڕێت. کە سەیر

دەکەن، گوڵێکی لە ژێردایە، گوایە مەلا کەراماتی هەبووە و زانیی چی لە ژێر ئەو جامەدایە، کەچی لە ڕاستییشدا مەلای فەقیر دادەمێنێ و نازانێ چی بڵێ لە داخی ژنەکەی، لەبەر خۆیەوە ئاخ گوڵێ.. ئاخ گوڵێی بوو، واتە هاوار دەکات لە دەست گوڵێی ژنی کە ئەوەی بەسەر هێنا.

شەماڵ چاوی لەبەر فرمێسکی پێکەنین سڕییەوە و گوتی منیش وام بەسەر هاتووە. هەر ئەو ڕۆژە ژنەکە بە جامێ ئاوەوە هاتە لام لە مزگەوت و گوتی دەمەوێ ئەم مەلا تازەیە دووعایەکم بەسەر ئەم ئاوەدا بۆ بخوێنێتەوە، ئەم چەند ڕۆژە کوڕەزا بچکۆلەکەم زۆر بێحاڵە و منیش ناچار دووعام بەسەردا خوێند. شەماڵ پێکەنیی و گوتی بەوەش ڕازی نەبوو و گوتی هەر نەبێ قومێکیش لەم ئاوە بخۆیتەوە، هەرچەند گوتم کچێ دایکم منداڵەکە گوناحە، مناڵە و نابێ بەرماوە و شوێندەمی کەس بخواتەوە، بەڵام فایدەی نەبوو. خۆت دیت چی کرد.

بابە ڕەسوڵ جگەرەیەکی خستە بەینی لێوی و بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی بۆ بەختی تۆ شوکر بۆ سبەینێ مناڵەکە چاک بووەوە و تۆش ناوت دەرکرد و نانت کەوتە ڕۆنەوە. هەر مریشک و مامرە و بە ڕێوەیە بۆ مەلا، ئیتر چیت دەوێت بۆچی خراپە.

ئەوەندەی پێ نەچوو دایەنە پیرەکەی بابە ڕەسوڵ گەڕایەوە ماڵێ و دەرگا تەنەکە بچووکەکەی بە چاکی داخستەوە، هاتە لایان و ڕووی تێ کرد و بە ئەسپایی گوتی ئەمشەو پۆلیسەکان لە دیوەخانی شێخ دەنوون، دە دوانزەیەک دەبن و دەڵێن هاتوون بۆ پیاوی قاچاغ دەگەڕێن. پوورە حەلیم دەستی نایە پەنا دەمی و بە چرپە گوتی:

حەمەساڵەح خۆی گەیاندمێ گوتی دایە بە مەلا عەلی بڵێ بە هیچ نەوعێک نەیەتە دەرەوە تاکو خۆم جوابتان بۆ دەهێنم.

بابە ڕەسوڵ کڵاو و جامانەکەی داگرت و شانی دادا و گوتی: کەواتە ئیتر منیش ناچمەوە، تاقەتی بەخێرهاتن و زەردەخەنەی درۆ و دەستکردم نییە لەگەڵیانی بکەم.

بۆ سبەی ئێوارە حەمەساڵەحی پوورە حەلیم هات بە شوێنیدا و گوتی وەرنەوە جێبەکان ناوچەکەیان بەجێ هێشت، کوڕەکە کەوتە باسی قومەیسەر و پۆلیسەکان کە چۆن هەر چاویان دەگێڕا و چۆن ئەمنە حەرامزادەکە بە بیانووی نوێژ و چوونە مزگەوت و بە فێڵ قسەی لە خەڵکی ساویلکە و هەژاری دەرهێناوە و لە ڕێگەی مزگەوتەکە تووشی پوورە ڕێحان بووە و پێی گوتووە گوایە خزمێکی عاجز بووە و سەری خۆی هەڵگرتووە و بەدوایدا دەگەڕێ، خێری دەگات پێی بڵێ کە لەم بەینەدا کەسی غەریب نەهاتووەتە دێیەکەتان؟ ئەویش بەبێ ئەوەی بزانێت ئەمە کێیە، زۆر بە دڵپاکی پێی گوتووە نەوەڵا لەم ماوەیەدا کەسی غەریب نەهاتووە بۆ ئێرە، تەنیا تازەمەلایەکمان بۆ هاتووە ئۆهـ خوا دەست بە عومریەوە بگرێت چەند خواناس و پیاوی باشە، دووعاكانی یەکاویەکە بەقوربانی بم. ئەویش لێی دەپرسێت ناوی چییە؟ دەڵێت ناوی مەلا عەلییە. ئیتر کە لێی دەپرسێتەوە چۆن پیاوێکە، گەنجە پیرە چۆنە، پوورە ڕێحان لێی تووڕە دەبێت و دەڵێت وەڵا پێت ناڵێم، ئەوە بۆچی ئەوەندە پرسیار دەکەیت؟ هەقت چییە بەسەر پیری و گەنجییەوە؟ ئیتر خۆتان پوورە ڕێحان دەناسن چۆنە، هەتا گەیشتبووە ماڵەوە، هەر قسەی بە کابرا گوتبوو، ئەویش هەر زوو ڕای کردبووە ماڵی خاڵە شێخ و خواخوای بوو کە پوورە ڕێحان وەکو خۆی لێ بێتەوە. ئیتر تا ڕۆیشتبوونەوە، نەیوێرابوو بچێتە دەرێ.

***

بە گەیشتن و خوێندنەوەی (ئەلمەوسوعە ئەلجینائییە) کە تەحقیقاتی جینائی دەری کردبوو، جەزا کەوتبووە خۆی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە ناویان لە کتێبەکەدا هاتبوو، هەموو خۆیان لە بەر چاو ون کرد و هەریەکەیان چوو بە لایەکدا، بە تایبەتی کە حکومەت لە سلێمانییش لەناکاو دای بەسەر ماڵی یەک دوو هاوڕێی ناسراودا و گرتنی و دەستبەجێ بێسەروشوێنی کردن. شار بەم ڕووداوانە شڵەژا و خەم و ماتەمینی دڵسۆزەکانی پارتی و کوردپەروەرەکانی هەموو داگرت.

قسەوقســـەڵۆکیش بـــڵاو بـــووەوە کە دوای دەرچـــوونی ئەو کتێـــبە حکومەت نەک هەر لە شارەکانی کوردستان، بگرە لە هەموو عێراق بە عەرەب و کوردیەوە ژمارەیەک پیاوی سیاسیی گرتووە و سەرنگونی کردوون.

دوای بەینێک بەهۆی هەندێک خەڵکی دەسەڵاتدارەوە کە کەسوکاری گیراوەکان هانایان بۆ بردبوون کە بەشکم هەواڵێکی گیراوەکانیان بۆ بـزانن، قـاو داکەوت کە بەشـی هەرەزۆری ئەو گیـراوانە لێکـۆڵینەوە (تەحقیق) لەگەڵیان تەواو بووە و دوای ئەوەی ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر دراون، ئینجا بـراون بـۆ بەندیخانەی (ئەبووغرێب) و سـەرکردە ناسـراوەکانی یەکە یەکە خـراونەتە ژووری تاکـەکەسـییەوە و لەوێـدا چاوەڕوانی ڕۆژی موحاکەمەی عورفی دەکەن.

***

مەلا عەلیش ڕۆژبەڕۆژ ناوبانگی زیاتر پەیدا دەکرد، دەتگوت خوا حەز دەکات هەر قسـەیەک ئەو بیکات، بۆی بهێنێتە دی، ئەگەرچی هەندێ جـار مێشـکی وا دەشـێوا، لە خـۆی بێـزار دەبـوو و هەر دڵـی لای دەنگوباسی هاوڕێکانی بوو و لە مەراقی حاڵی ئەواندا بوو.

زۆر جـار بە ڕێـکەوت یەکێـک لەو نەخۆشـانەی دەیانهێنـا بـۆ لای دووعایـان بەسـەردا بخـوێنێ، چـاک دەبـووەوە. ئیتـر ئەمە دەبـوو بە هونەر و کەرامات و دووعاکانی (جەنـابی مەلا عەلی) تـاوەکو وای لـێ هـات کە لە دێهـاتی دەوروپشـتیەوە خەڵـک بێـنن بـۆ لای کە چاکیـان بکاتەوە و دووعایـان بۆ بکـات، بە تـایبەت کە دەنگ بـڵاو بـووەوە کە بووکی پیرەژنەکەی کە سکی نەدەکرد، بە دووعاکانی مەلا عەلی سکی پڕ بووە.

شــەماڵ هەنـدێ جـار بەم وەزعە تـازەیەی خـۆی بە دڵ پێـدەکەنیی، هەنـدێ جـاریش مـاتەمینی دای دەگـرت و بە سـێ چـوار ڕۆژ دڵـی نەدەکرایەوە. لە سەرێکەوە لەبەر سادەیی و بەسەزمانیی ئەو خەڵکەی دەهـاتنە لای، لە سـەرێکی تریشـەوە دڵـی زۆر لە مەراقـدا بـوو لەبەر

وەزعـی ئەو خەباتکەرانـەی گیرابـوون و بـۆ ئەو خەڵـکەی شـارەکان، هـیچ شـتێکی تـر بە لایەوە مەعنـا و قیمەتـی نەدەمـا لە خەبـاتکردن و سووربوون لەسەر خەبات و تیکۆشان زیاتر، گوڕی دەدایە بەر خـۆی و دەچـووە پەنـا و شـوێنێکی چـۆڵ و بێـدەنگ و دەکەوتە نووسـینی سەروتار و بەیاننامەی خوێنگەرمەکەر و هاندەر.

هەندێ جاریش کە هێمن ببوایەوە و بهاتایەتەوە سەر خۆ، گورج وێنە شیرینەکەی وەنەوشە دەهاتە خەیاڵی.

خۆشەویستیی وەنەوشە شەماڵی ئەوندەی تر کاس کردبوو، هەمیشـە چاوی لە ڕێگە بوو و گوێی هەڵخستبوو بۆ خەبەر و جوابێکی دایکی کە ئەوە کوا بزانم نەهات و وەنەوشەی بۆ نەهێنا، دەبوو ئەم هەفتەیە هەر دەربکەون، ئاخۆ چ ڕووداوێک هـاتە پێشـەوە؟ شـەماڵ دڵخۆشـی خـۆی دەدایەوە کە زۆری ڕۆیشـتووە و کەمـی مـاوە، هەنـدێ جـار دەسـتی دەدا بەیەکـدا و لە دڵـی خۆیـدا دەیگـوت ئەمە هەمـووی بـێ حەمەجەزاییە، ئەوە ئەو لەوێ نییە ئەگینا چۆن تاکو ئێسـتە نەدەهـاتن، یان جوابێکی هەر بۆ دەنـاردم کە بزانم چییـان بەسـەر هـات و بۆ وا دوا کەوتـن. ئێسـتە خـوا دەزانێـت کە حەمەش لە چ قـوژبنێ خـۆی شاردووەتەوە لەبەر ئەم وەزعە نالەبارە.

شەماڵ بە شـەو لە سـەر جێگـەکەی زۆر جـار دەکەوتە تەگبیرکـردن و دڵـی پـڕ هیـوا دەبـوو لە بـابەت هـاتنی وەنەوشـەوە و جاربەجـاریش خەیاڵە خۆشەکانی خۆی نابەجێ و پووچەڵ دەکردەوە.

دەڵێی چی لە ئێستەوە بە خاڵە شێخ بڵێم با شوێنێکیان بۆ پەیدا بکـات، حەز دەکەم بە تەنیـا بـین، ماڵەکەیـان زۆر قەڵەبـاڵغە، هەمیشـە جمەی دێت لەبەر میوان و هاتوچۆکەر.

بڕوا ناکەم وەنەوشە بتوانێت لێرە هەڵبکات، خـاڵە شـێخ لەبەر پیـاوەتی و چاکە و دڵسۆزیی خۆی و لەبەر سەلامەتیی من ڕەنگە ڕازی نەبێت لێی دوور بکەومەوە و بچـم لە خـانوویەکی تـردا بژیم، لە بەر چـاومە کە ناهێڵێت، ئەی چی بکەم؟

هەق نەبوو دایکم ئەوەندە دوا بکەوێت، خۆ وەنەوشەش وەک قاچاغ وایە لە شار، بڵێم چی؟ ئێمە هیچ شتێکمان بە دەست خۆمان نییە، دەبێ بەجێی بهێڵین بۆ زرووف و ڕێکەوت، جاری وا هەیە ژیانی تایبەتیی خۆشمان لە بیر نەماوە و ئەگەر بیریشمان بکەوێتەوە، ڕوومان نایەت باسی بکەین و گوێی بدەینێ.

ئێمەمانان ئەگەر ئارەزوویەکی تایبەتیی خۆشمان هەبێت، دەبێ وەکو پشیلەمان لێ بێت کە چاو دەبڕێتە کوتەگۆشتێک و بەشکم بۆی هەڵکەوێت بە دزییەوە پڕی پێدا بکات، بەو حاڵەشەوە ئەگەر وەکو پشیلە پڕمان پێدا کرد، دیسان وەزع و زرووفی میللەتە هەژارەکەمان ناهێڵێت بە دڵ ئەو خۆشییە هەست پێ بکەین و وەکو دەڵێن، بە دڵمانەوە بنووسێ.

بۆ سێ مانگ دەچوو کە شەماڵ لە دێی سیتەک بوو، لەژێر چاودێری و پاراستنی خاڵە شێخی ئاشنای بوو و تا دەهات، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەنگوباسی ناخۆشیان بۆ دەهات کەوا حکومەت چۆن بیانوو بە خەڵک دەگرێت و شەڕیان پێ دەفرۆشێت.

ڕۆژێک دەنگ بڵاو بووەوە کە حکومەت دەیەوێت مەجلیسی نمایندە هەڵبژێرێت و گوتوویەتی کوردەکانیش کێیان دەوێت و کێ دادەنێن، با بێنە پێشەوە. کوردەکان بۆ ئەم هەڵبژاردنە (زۆر ڕاست و دیموکراسییە) کەوتنە خۆیان، ئەگەرچی دەیانزانی ئەمە پیلانە و درۆیە و حکومەت وەکو چاوشارکێیان لەگەڵ بکات وایە و ئەو هەر ئەوانە دادەنێت کە خۆی دەیەوێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پارتی لە هەموو شارەکانی کوردستان نمایندەی خۆی ئاشکرا کرد و کەوتە پڕوپاگەندە بۆیان و ناویان لە سەر دار و دیواری شار نووسرا. هێشتا دوو هەفتە مابوو بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن کە نمایندەکانی کوردەکان گیران و دەست بە کەلەپچەوە ڕەوانەی موسڵ کران.

بە تایبەتی شاری سلێمانی، خەڵکی شار بە جارێک گەنج و منداڵ و پیاو سواری دەیان لۆریی سەرکراوە بوون و بە چەپڵەڕێزان و

خۆشەویستی دەربڕین بۆ نمایندە گیراوەکانیان بە ناو شاردا گەڕان. حکومەت هەرچیی کرد و چەند هەڕەشەی دەکرد، بەڵام تا دەهات لافاوی ناڕەزایی و تووڕەیی زیاتر ورووژمی دەهێنا. ڕۆژی هەڵبژاردن هات، لە شار و دێهاتی کوردستانەوە خەڵک کەوتنە دەنگدان و بە تیکڕایی و زۆربەی هەرەزۆریان نمایندە پەسەندەکانیان هەڵبژارد لە کاتێکدا کە لە بەندینخانەش توند کرابوون.

ئێوارە هەموو بە دیار ڕادیۆوە دانیشتن، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو کەس دەیزانی کە ئێستە ڕادیۆی حکومەت چی دەڵێت و چۆن ئێستە ڕاستی دەخاتە ژێر پێی و ئەوەندەی تر خۆی ڕیسوا و درۆزن و ڕووڕەش دەکات لای میللەت. ڕادیۆ دەنگوباسی هەڵبژاردنی خوێندەوە و یەکە یەکە شارەکانی عێراقی باس کرد. دیارە لە شارەکانی تری عێراقیش هەر وەک شارەکانی کوردستان هەموو فێڵ و درۆیان لەگەڵ کردبوون و نمایندەی بە کەیفی خۆی هەڵبژاردووە، نەک ئەوانەی بە دڵ و ئارەزووی خەڵکی شارەکان بوون.

نۆرەی شاری سلێمانی هات، هەموو بە پەرۆشەوە گوێیان بۆ ڕادیۆ شل کردبوو کە کابرای دەنگوباس دەستی پێ کرد و گوتی لە ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری نمایندەی حکومەت بە دەنگی زۆرینەی خەڵک دەرچوون.

خەڵک سست بوون و ورووژان و هەر دەرگا بوو دەکرایەوە و ژن و پیاو بە جنێو و بە بڕوخێوە بۆ بەردەرکی سەرا دەردەپەڕینە دەرەوە. هەر مالان بوون و دەرگایان خستبووە سەر پشت و بڕەداری کەڵەکەکراوی زستانیان دەدایە دەست خەڵک و هەر ژن بوون بەو شەوە عەبای لە خۆی پێچابوو و ڕای کردە بەردەرکی سەرا. ئاخری ئەو شارە و ئەو جادە گەورەکەی بەردەمی سەرا و دەروپشتی وای لێ هات دەتگوت بە جارێک حەشر و لافاوی بۆر و ڕەش هەستاوە. پۆلیس هەموو بە تیلا و کلاوەوە بە سەدان ڕایان دەکردە شوێنی خۆپیشاندەرەکان و خۆپیشاندەرەکانیش هێرشیان دەبردە سەر

پـۆلیس و پـۆلیس دەگەڕانەوە نـاو سـەرا. جـارێکی تـر پەلامـاری یەکتریـان دەدایەوە، هەر ئەوەنـدە دیـار بـوو کە وەک دوو شـەپۆلی دەریایەکی تۆفانی جار بەملادا دەشکا و جار بەولادا، تەقەی پۆلیس دەستی پێ کرد و ناچار خەڵکەکەش بڵاوەیان لێ دەکرد، تا چەند ڕۆژ وەزع هەروا مایەوە، تا تەنانەت حکومەت هێزی نارد و دەوری ماڵی ئەو نماینـدانەیان دا کە پەسـەندی میللەتەکەیـان بـوون و کەوا هەر هێشتا حەپس و گیرابوون لە موسڵ.

سـەدان کەس برینـدار و زامـدار بـوون و دوو سـێ کەسـیش شـەهید بـوون، تەنـانەت برینـدارەکانیش فڕێنرابـوونە مـاڵان و بە دزیـی حکومەتەوە برینەکانیان سارێژ کرابوون.

شەماڵ و خاڵە شێخ و ئەو هاوڕێیانەی یەک دوانێکیان بۆ سەردانی شەماڵ ڕۆیشتبوون و ئەوانی تریشیان لەو ماوەیەدا لە ترسی گرتن و ئازاردان پەنایان هێنابووە لای خاڵە شێخ لە سیتەک، هەموو دەست لە سەر دڵ چاوەڕێی دەنگوباسی ئەو ڕووداوانەی شاریان دەکرد، بە پەرۆش و نائارامییەکی یەکجار زۆرەوە چاوەڕێی کابرایەکیان دەکرد کە خاڵە شێخ بە پەلە دوو ڕۆژ لەمەوپێش ناردبووی بۆ شـار کە دەنگوباسیان بۆ بێنێت، هەروەها شەماڵیش نامەی پێدا ناردبوو بۆ برادەرانی و بۆ ماڵی خۆیان و بۆ دوو سێ لای دیکە، هیچ نەبێت لایەکیان هەر دەست دەکەوێت کە خەبەرێکیان بۆ بنێرن.

لە دوای سێ ڕۆژی پڕ هەراسانی، لای ئێوارە کابرا گەڕایەوە، هەر کە گەیشـتە جـێ، بە هەڵەداوان چـوون بە پیـریەوە و بردیـانە ژووری و دەوریـان دا. ئەویـش بەبـێ پشـوودان و بە هەناسـەبڕکێ کەوتە گێـڕانەوەی ئەو ڕووداوانە بۆیـان کە چـی قەومـاوە و چەنـد کەس شـەهید بـوون و چەنـد کەس سـەر و قـاچ و دەسـتی شـکاوە و بە برینداری خۆیان شاردووەتەوە و چەند کەس گیراون، چۆن حکومەت پۆلیسی ناردووەتە سەر ماڵی (نمایندە) حەپسـەکان و ماڵیان داونەتە بەر گـوللە و پەنـجەرە و دەرگایـان شـکاندوون و مناڵیـان هەمـوو

تۆقیون، چەند ئەو منالانە بە برسێتی ماونەتەوە و لە ترسی پۆلیس کەس نەیوێراوە بچێت بە لایانەوە تا ژنی گەڕەک بە بەرد پەلاماری پۆلیسیان داوە و دەرودراوسێش بە دزییەوە لە سەربانەوە نانیان بۆ بردوون.
شەماڵ و خاڵە شێخ و ئەوانیش بە داخ و پەژارەوە گوێیان لێ دەگرت و هەر بە ئاخ و ئۆف ناڕەزاییان دەردەبڕی و جنێویان دەدا بە حکومەت و دەستودایەرەی.
کابرا لەم قسانە بووەوە و خەریک بوو هەستێ بڕوات پشوو بدات و ماندوویی خۆی دەرکات، لەپڕ ڕاوەستا و ڕووی کردە گوێگرەکان، دەستی دا بەیەکدا و بە ناڕەحەتییەکەوە سەری ڕاوەشاند و گوتی: داخم ناچێت کە ئەو شەهیدانە هەموویان لەبەر خوێن لەبەرچوون ئەمری خوایان کردبوو، ئەگینا ئەگەر بگەیەنرانایەتە خەستەخانە، نەدەمردن، جارێکی تر کابرا دەستی دایەوە بەیەکدا و گوتی:
دەیانگوت لە ناو شەهیدەکاندا کچێکیان تێدا بوو هەموو شارەکە بۆی بەداخ بوون، لە هەموو شوێنێک باسیان دەکرد و دەیانگوت چەندە جوان و شۆخ و نازدار بووە، ئەوەندەش ئازا و بەجەرگ بووە.
شەماڵ دڵی داخورپا و یەک موچرکی ساردی پێدا هات و کاس و سست بوو، خەریک بوو بپرسێت، کە چی چی؟ ئەمە ئەم کابرایە چی دەڵێت، کچ؟ کچی کێ بووە؟ تۆ بڵێی؟ نەبابە خۆ هەر وەنەوشە کچی جوان نییە، بەڵام شەماڵ زمانی قورس بوو، دەمی وشک بوو و قسەی پێ نەکرا، خاڵە شێخ پێشی کەوت و بە ناڕەحەتییەکەوە ڕووی کردە کابرا و گوتی:
وەیش بەسەزمان، یاخواماڵیان کاول بێت، ئەی نەتزانی ئەو شەهیدانە کێ بوون و ئەو کچەی باسی دەکەیت کچی کێ بوو؟
کابرا تۆزێ ڕاوەستا، وەکو بیری بکەوێتەوە، دوایی بە مەلوولییەکەوە گوتی هەر دوو سێ شەهیدەکان پیاو بوون و خەڵکی شار بوون، تەنها ئەو کچەیان تێدا بوو کە ئەویش بە خوا بە تەواوی نەمزانی

کچـی کێـیە، خەڵـکەکەش زۆر نەیاندەناسـییەوە و گوتیـان خەڵکـی سلێمانی نەبووە و بە میوانی هاتبوو بۆ ماڵە ئاشنایەکی. ئیتر ئەو ڕۆژە ئەویـش لەگەڵیـان دەچێـت بـۆ خۆپیشـاندانەکە و لە یەکـەم دەستڕێژدا گوللەیەک ڕاستەوخۆ بەر سەری دەکەوێت و دەستبەجێ شەهید دەبێت.

شـەماڵ بە هەمـوو هێزیکـی گـوڕی دایە خـۆی کە بتوانێـت لە کـابرا بپرسێت کە ئایا نەیتوانیبوو سەری ئەو ماڵە بدات کە پێی گوتبوو و ناونیشانەکەشـی بـۆ نووسـیبوو. ئەوە ئەو کـابرایە چ قسـەیەکی کردووە؟ چۆن هەروا بە ئاسانی بە دوو کەلیمەی بەزەیی و مەتحی جـوانی باسـی ئەو کـچەی بـۆ جەمـاعەت گێـڕایەوە و بڕانـدیەوە و نەیزانی ئەو قسەیە چ قسەیەکی کوشندە و جەرگبڕ بوو بۆ شەماڵ؟

کابرا جوابی شـەماڵی دایەوە و گوتی وەڵا قوربان سێ جار سـەری ئەو مـاڵەم دایەوە، هەر سـێ جـارەکە دەرگاکەیـان داخرابـوو. کە هەواڵیانم لە ژنێکی دراوسێیان پرسی، بە تووڕەبوونەوە گوتی: کەس لە ماڵ نییە، چیت دەوێت لێیان، هەر تۆیان کەمە. دیار بوو ژنەکە لە پیاوخراپ ترسابوو، بۆیە زۆر عاجز و نارەحەت و تووڕە هاتە بەر چاوم.

**گەلاوێژ**
**مانگی ١٩٨٩/٦**
**لەندەن**